

مۆمێك بۆ ڕێگای

# كاروانی ژیان

كۆمەڵێك نوسینی پاش ڕاپەڕینی 1991

حسین عوسمان نێرگسەجاڕی

ناوی کتێب: مۆمێك بۆ ڕێگای کاروانی ژیان
بابەت: وتار
نووسینی:  حسین عوسمان نێرگسەجاری
تایپ:
نەخشەسازی: هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی دیلان
تیراژ: ٥٠٠ دانە
ژمارەی سپاردن:     ی ساڵی ٢٠١٢
نرخ:  ٢٠٠٠ دینار
ساڵی چاپ:  ٢٠١٢ سلێمانی

پێشکەشە بە گیانی پاکی شەهیدانی ١٧ ی شوبات‌و دواتر لە هەولێرو سلێمانی‌و هەڵەبجەی شەهیدو گەرمیان‌و شارەکانی تری کوردستان.

**کارو بەرهەمەکانی نوسەر:**

**١- وەرگێڕانی ئەم کتێبانە لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی:**

**• یاداشتەکانی مێجەر نۆێل لە کوردستان، بە هاوبەشی لەگەڵ حسین جاف.**

**• کوردو کوردستان - درایفر، بە هاوبەشی لەگەڵ حسین جاف.**

**• المستطرف الجدید / هادي العلوي، وەرگێڕانی کۆمەڵێك لە دەقە نەوازەکانی مێژوو.**

**• عمائم لیبرالیە / مێزەرە لیبرالەکان، د. رفعت السعید**

**• مِن وجع الارض وأنین الانسان، وەرگێرانی (١٦) شانزە چیرۆکی هەلبژاردەی کوردییە.**

**• هکذا تکلم هادي العلوي عن الکورد وکوردستان، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوە.**

**• لە ساڵانی (١٩٥٧)ەوە، لە زۆربەی گۆڤارو رۆژنامەکانی کوردستان و عێراقدا بە عەرەبی و کوردی نوسینم بڵاوکراوەتەوە، بەتایبەتی لە گۆڤارەکانی: (نوسەری کورد، هیوا، بڵێسە، دەنگی مامۆستا، رۆیە، ئابوری، پەیڤ، وەشت، شاهۆ، سلێمانی و ... ).**

**هەروەها لە رۆژنامەکانی (اتحاد، کوردستانی نوێ، تێخی، هاووڵاتی و... ).**

ساڵانێك لەمەوپێش ئەندامی دەستەی نووسەرانی (وەرزە گۆڤاری ئابووری) بووم کە کۆمیتەی باڵای (یەکیەتی ژمێریاران و ئابووریناسانی کوردستان) دەری دەکرد. لەو گۆڤارەدا و لەچەندین گۆڤارییتردا وەك (نوسەری کورد) و (پەیڤ) و... وتاری ئابووری و ڕۆشنبیریم بڵاوبۆتەوە.

لەم کتێبەی ئێستەمدا تەنیا (٣) نوسینی گۆڤاری ئابووری و (١) نوسینی گۆڤاری (پەیڤ) بڵاودەکەمەوە چونکە ڕەهەندی ڕۆشنبیری و گشتییان هەیە، هیوادارم ئەم کتێبە مۆمێك بێت لە ڕێگای (کاروانەکەی پڕ چەك بەبڕوا)ی گەلی کورد.

## دەبا ئەم وتارە پرش و بڵاوانە كتێبێك بن

سالآنی پاش راپەڕین ماوەیەك لە رۆژنامەی (اتحاد) كاری هەڵەبڕی و ناوەناوەیش وتارم لە رۆژنامەی (الاتحاد)و (كوردستانی نوێ)دا بڵاودەكردەوە. لە ساڵی ٢٠٠٦ دا زۆرینەی وتارە عەرەبییەكانم لە كتێبێكدا بەناوی (غابات من قامات الكرد – او مشاهد من حلبجه) بڵاوكردەوە، كە دوا ستون و وتارە كوردییەكانم لەم رۆژانەدا بەسەركردەوە، بڕیارمدا ئەوانیش لە كتێبێكدا بڵاوبكەمەوە، چونكە باس لە رۆژانێكی زۆر هەستیارو خەماوی دەكەن، ئەوانیش رۆژانی پاش راپەڕینە مەزنەكەی ساڵی ١٩٩١ و دواترن.

من زۆر بە پێویستی دەزانم وتارو پەیڤی نێو رۆژنامەو گۆڤارەكان (ئەگەر ژمارەیان زۆر بوو) بكرێن بە كتێب، چونكە ماناو سودی ئەو نوسینانە لە رۆژنامەدا تەنیا چەند رۆژێك لە خەیاڵدانی خوێنەراندا دەمێننەوە، بۆیە منیش بڕیارمدا ئەم نوسینانە لە كتێبێكدا بڵاوبكەمەوە، هیوادارم سودیان ببێت.

پێشكەشە بە گیانی پاكی شەهیدانی ١٧ ی شوبات و دواتر لە هەولێرو سلێمانی و هەڵەبجەی شەهیدو گەرمیان و شارەكانی تری كوردستان.

## باج: لە کەم کەم و لە زۆر زۆر, نەك لە زۆر هیچ

زۆر ئاساییەو بگرە دەربەستبوون و خەمخۆرییە ئەگەر سەرۆك وەزیران یان وەزیری دارایی پێشنیاربکات بۆ توێژێکی کەمدەرامەتی کۆمەڵ کە ببەخشرێت لە باجێك و ژیانیان بۆ خۆشتربکات. زۆر ئاساییەو بگرە دڵسۆزییە بۆ پاشەڕۆژی ئابوری کوردستان و گەشەکردنی پیشەسازی و کشتوکاڵ و بازرگانی، ئەگەر سەرۆك وەزیران یان وەزیری پەیوەندیدار کۆمپانیایەکی بیانی ببەخشێت لە باجی دەرامەت یان خانووبەرە یان هەچ باجێکی دی.

بەڵام زۆر جێگەی تێرامانە سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێم کە خۆی سەرکردەیەك بێت لە حزبی دەسەڵات بە نوسراوێکی فەرمی و بەبێ ڕەزامەندی پەرلەمان بڕیاربدات کۆمپانیاکانی حزبەکەی خۆی (لێرەو لەوێ) ببەخشرێن لە باج، چونکە: (کۆمەڵێك پرۆژەیان جێبەجێکردووە بۆ بەرژەوەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێ بەرامبەر وە جێدەستیان دیارە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێم و خێزانی شەهیدان و پێشمەرگەی دێرین، بۆیە ئەم بڕیارەمان دەرکرد).

ئەم بڕیارە لە ٢٠٠٦/٤/٤ دا دەرچووە، بەڵام ئاماژەیکردووە بە (ئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٢٠٠٢/٩/٢٠ دا، پێدەچێت ئەم (بەخشین لە باجە) لە ٢٠٠٢ ویشدا درابێت کە حکومەتی هەرێم بە هەزار (یاعلی) موچەی فەرمانبەرانی بۆ دابیندەکرا.

ئاخر جەناب! لە کوردستاندا چ کۆمپانیایەك هەیە وەك

(كۆمپانیاكانی حزب) پڕ كارو پڕ قازانجو پڕ سامان بن، چ پرۆژەیەكی وەبەرهێنان لەم دەڤەرەدا هەیە پشكێكی ئەوانی تیانەبێت؟ ئیدی چ ڕەوای هەقە سەرۆك وەزیران بەبێ پشتبەستن بە یاسایەك باج هەڵگرێت لەسەر چەند كۆمپانیایەكی حزبەكەی خۆی؟ خۆ كەسێك ئەگەر خانوویەك یان زەوییەك بفرۆشێتو لیژنە بە زیاتر لە (٥٠) پەنجا ملیۆن دینار بیخەمڵێنێت پێویستە باجی لە ٣ ٪ بدات بە حكومەت، ئەگەر خەمڵاندن گەیشتە (١٠٠) سەد ملیۆن دینار دەبێت لە ٤٪ بدات.

ئاخر جەناب! خۆ زەوی دەوڵەت هەیە كە بە (ئوسوڵی!!) فرۆشراوە بە ئەوانو یەك مەتر دووجای بە ٣,٥ سێ دینارو نیوی سویسریو پاشان فرۆشراوەتەوە بە (١١٥٠) هەزارو سەدو پەنجا دۆلار بۆ یەك مەتر دووجاو ئێستا پرۆژەیەكی گەورەی نیشتەجێیە لە نزیك سەرچنار, ئیدی لەمە پڕ قازانجتر هەیە؟

حكومەتە سۆشیال دیموكراتەكان بەردەوام باجی سەر چینە هەژارەكان كەمتر دەكەنو بە باجی چینە سامانداڕو پڕ قازانجەكانیش ئاستی گوزەرانی خەڵك باشتردەكەن، ئاوایە جەناب (سۆشیال دیموكراتی). من وای بۆدەچم كە دەبێت كۆمەڵی كوردی رابهێنرێت لەسەر ئەركی نیشتمانی باج, هەرچەند ئێستا لە ٩٥٪ ی بودجەی عێراقو هەرێم بەداهاتی نەوت دابیندەكرێت، بەڵام باج دەبێت بە (لە كەم كەمو لە زۆر زۆر)، نەك وەك ئێستا (لە زۆر هیچ) بێت، وە بودجەی قەبەو زەبەلاحی نەوت هەتا هەتا بەردەوام نابێت.

من ئاگادارم كە ڕێكخراوەكانی (نۆگا) و (UN) بە پارەی بڕیاری (نەوت بەرامبەر بە خۆراك)، چەندین پرۆژەی ئاوەدانكردنەوەیان

ئەنجامئەدا، بەڵام كۆمپانیاكانی (حزب) بەخۆراییی‌و خێرخوازی كاریان بۆ هیچ بوارێك نەكردووە، بگرە زۆربەی قۆنتەراتی پرۆژەكانی (UN)یش كۆمپانیاكانی حزب وەریاندەگرت‌و زۆرجاریش بە قازانج دەیانفرۆشتەوە بە بەڵێندەری دووەم‌و زیاتریش، هەر بۆیە پرۆژەكان لە كات‌و بە كوالیتی باش جێبەجێنەدەكران‌و بگرە زۆریان دەخرانە پشتگوێ‌و بودجەكەیشیان لووشدەكران وەك:

* كارگەی دۆشاوی تەماتە كە ڕێكخراوی (فاو) ی (UN) كری‌و هێنایە گەنجینەی بەكرەجۆ، بەڵام لەپاش ماوەیەك كارگەكە فرۆشرا بە پارەیەكی كەم، دەنگوباسی ئەم كارگەیەم لە ئەندازیارێكی بەتەمەنی كوردەوە زانی كە بەرپرسێكی بەرزبووە لە ڕێكخراوی (فاو)داو بەڵێنی پێداوم ئەو باسەو چەندینی تریش بە دۆكۆمێنت لە ڕۆژنامەیەكی ئازادا بڵاوبكاتەوە.

* یان وەك پرۆژەیەكی تری (فاو) بۆ بەخێوكردنی مانگاو كارگەی شیرەمەنی لە نزیك عەربەت.

* یان وەك پرۆژەی ویستگەیەكی كارەبا كە (١٨) ملیۆن دۆلار درا بە كۆمپانیایەكی بیانی شوێنبزركرا، ماوەیەك لەمەوپێش‌و بەهۆی ڕەخنەو گازندەی زۆری ڕۆژنامە ئازادەكان ئەو (١٨) ملیۆ دۆلارە لە بانقێكی ئەڵمانیدا دۆزرایەوەو چەندینی تریش.

* خودایە ئاخۆ چەندەها (١٨) ملیۆن دۆلاری‌و زیاتریشمان لە ژوورەتاریكەكانی كوردستانداو بانقەكانی تری دنیادا حەشاردراوەو دزراوەو بەناوی نهێنیی مافیاكانەوە هەڵگیراوە؟؟!!

* لە ڕۆژنامەی هاووڵاتیدا بڵاوكراوەتەوە

## خوێندنەوەی كتێب

# هەتاكەی كتێبەكانی شەرع پڕبن لە ئەركەكانی كۆیلەو كەنیزەك – جاریە؟ (*)

زانای بەرزو هەڵكەوتووی كورد لە بواری یاساو شەریعەت، پرۆفیسۆر دوكتۆر مستەفا زەڵمی لە بانگەوازێكی زۆر بوێرانەو زانستیانەدا دەنركێنێ‌و هاواردەكات كە كتێبەكانی فقە وشەرع پاكبكرێنەوە لە باسی ئەحكام‌و ئەركەكانی كۆیلەو كەنیزەك – جاریە.

ئەم زانا گەورەیە، تەمەنی (٨٦) ساڵەی خۆی لە بوارەكانی یاساو شەریعەت‌و زانستە ئیسلامیەكاندا سەرفكردووە، بێجگە لە ئیجازەی مەلایەتی‌و بەكالۆریوس لە یاسادا هەڵگری (٣) بڕوانامەی ماستەرە لە (شەریعەت‌و یاسا)دا، هەڵگری (٢) بڕوانامەی دكتۆرایە لە شەریعەت‌و یاسادا بە پلەی شەرەف‌و ئیمتیاز لە زانكۆكانی بەغداو ئەزهەر، پلەو ڕێزی (پرۆفیسۆر) و (ئوستاز متمرس)ی هەیە، سەرپەرشتی ژمارەیەكی زۆر لە نامەی ماستەرو دكتۆرای كردووە لە یاساو شەریعەتدا، هەتا ئێستاش بەردەوامە لە نوسین‌و كاری زانستی، ئێستا نیشتەجێی هەولێرە.

لە كتێبێكی تازەیدا بە ناوی (تجفیف مستنقع العبید والجواري في القرآن الكریم)، چاپی یەكەم / هەولێر – ٢٠١٠)، زۆر بوێرانە باسی یاساكانی كۆیلەو جاریە دەكات لەلای گەلان لە سەدەكانی

دێریندا، وەك عێراق، ڕۆمان، صین، میسرو عەرەبی پێش ئیسلام...، لە بەشێكی ئەم كتێبەدا بە چڕوپڕی باسی یاساو ڕێسای ئازادبوونی كۆیلەكان دەكات لە كۆیلایەتی و گەڕانەوەی كەسێتی یاسایی بۆیان، بۆ ئاگاداربوونی خوێنەران، باسی تەنها عێراقی كۆن دەكەین: كۆیلەكان لە عێراقی كۆندا بە چەند یاساو ڕێسایەك لە كۆیلایەتی ئازاد دەبوون، وەك:

١) خاوەنی كۆیلە بە ویستی خۆی ئازادیان دەكات، بە نیازی ڕەزامەندی خودا.

٢) ڕێزگرتن لە كۆیلەو خزمەتكردنی دڵسۆزانە بۆ خاوەنەكەی.

٣) تەمەن زۆریی و پیربوون.

٤) بەرامبەر بڕێك پارە.

٥) ئازادبوونی ئافرەتی كۆیلە بە مردنی خاوەنەكەی.

لە بەشێكی تری ئەم كتێبەدا باسی كۆیلایەتی دەكات لە قورئاندا:

* مرۆڤەكان یەكسانن و براو خوشكی یەكترن، چونكە هەموویان وەچەی یەك باوك و یەك دایكن.

* هەموویان لە خاكن و دەبنەوە بە خاك.

* هەموویان یەك خودایان هەیە، خودایش ڕێزی لە مرۆڤ گرتووە.

* هەموویان لە كارو كرداریان بەرپرسیارن.

لە بەشێكی تری ئەم كتێبەدا دوكتۆر زەڵمی باس لەوە دەكات كە قورئان لە سەرەتاوە بە یەكجاری كۆیلایەتی بنەبرنەكردووە، چونكە كۆیلایەتی یەكێك بووە لە گرنگترین بناغەكانی ئابوری

ئەو سەردەمەی حیجازو جیهانی دەوروبەریش، وە كۆیلایەتی و بازرگانی بە كۆیلەوە ریشەیەكی زۆر قووڵی بووە.

بەڵام قورئان چەندین یاساو رێسای داناوە بۆ (نەكردنی مرۆڤ بە كۆیلە)، وەك:

١) دیل (أسیر) نەكرێت بە كۆیلە، بەڵكو منەتبار بكرێت یان بەرامبەر برێك پارە ئازادبكرێت: (فأما منّا وأما فداء - قورئان سورەتی محمد ئایەتی ٤).، بەڵام موفتی و فەقیهەكانی دەرباری دەسەڵات و خەلیفەكان ئەم ئایەتە بە (بەتاڵكراوە - منسوخ) دەزانن، بەڵام دوكتۆر زەڵمی بە چەندین بەڵگەی زانستیانە بەرپەرچیان ئەداتەوە.

٢) حەرامكردنی جەردەیی و فراندنی (اختطاف) مرۆڤ و كردنی بە كۆیلە، لێرەدا (ڕۆمانی (الجذور)ی (ئەلكسی هێل)م بیردێتەوە كە چۆن جەردە ئەوروپاییەكانی دەریا خەڵكی ئەفریقایان فراندووەو بردویانن بۆ ئەمریكاو وەك كۆیلە فرۆشراون- حسێن).

٣) لە كۆمەڵگاكانی كۆندا هەر كەس تاوانی كوشتن و دزی و زیناو.. بكردایە، دەكرا بە كۆیلەی ئەو كەسە كە زیانی لێكەوتووە، بەڵام ئیسلام بۆ هەموو تاوانێك سزای تایبەتی بۆ دیاریكردووە. نەك بە كۆیلەكردن

٤) لە كۆمەڵگە كۆنەكاندا هەژاران بە ناچاریی قەرزیاندەكرد بە (سوو - فائدة) بۆ ماوەیەك، ئەگەر لە ماوەی خۆیدا ئەو قەرزە دانەخرایە، قازانجی دەخرایە سەر، ساڵ بە ساڵ قەرزەكە گەورەدەبوو، بەرادەیەك قەرزارەكەو زۆرجاریش ژن و منداڵەكانیشی دەكران بە كۆیلەی خاوەن قەرزەكە، بەڵام قورئان

ئەرکی ژیاندن (معیشە)ی خستە سەر شانی خزمانی نزیكو بودجەی گشتی.

٥) لە کۆمەڵگەی کۆندا مرۆڤ ئەیتوانی خۆی یان منداڵی بفرۆشێو بیانکات بە کۆیلە، بەڵام ئیسلام ئەم جۆگەیەشی وشککرد کە دەچووە سەر زەلکاوی (بەکۆیلەکردن).

٦) چارەسەرکردنی نەوەکان: ئیسلام بڕیاریدا کە منداڵانی کۆیلە، یان ژنێکی کۆیلە کە مێردەکەی (خاوەنی) مرد، ئازادبکرێن، بەڵام لەپێشدا منداڵی کۆیلە هەر کۆیلە دەبوو.

٧) چەندین دەستکەوتی ئاینیو نزیکبوونەوە لە یەزدان بۆ ئەو کەسانەی کە کۆیلە ئازاددەکەن.

بەمجۆرە هەنگاوانە قورئان هەوڵیدا ئەو جۆگانە وشکبکات کە دێنە سەر زەلکاوی کۆیلایەتی، ئەمەیش بە دەقێکی تایبەتی یان بە دەقێکی گشتی.

دوکتۆر زەڵمی دەڵێت: ئەو فاکتەرانەی کە ناچاریانکردم ئەم خزمەتە بچوکە پێشکەشبکەم بە کۆمەڵو ئیسلام، ئەمانەبوون:

یەکەم / ئەو عەقڵانە هوشیاربکەمەوە کە هەمیشە داکۆکی لە هەڵەی کەسانێك دەکەنو هیچ بەڵگەیەکی عەقڵیو لۆجیکیان نییە، تەنها لەبەرئەوەیە کە خاوەنی ئەو هەڵانە لە سەردەمی کۆندا ژیاونو لە (سەلەفی) ئیسلامن، هەموو کردارو گوتەیەکیان وەك دەقەکانی یەزدانو پەیامبەر لای ئەوان موقەدەسە، بەڵام ئەو ڕاستییە نازانن یان خۆیانی لێ گێلدەکەن کە: هەموو مرۆڤێك تەنانەت پەیامبەرانیش مەعصوومو پارێزراونین لە هەڵە.

دووەم / گومانی دوژمنانی ئیسلام برەوێنمەوە کە قورئان گوایا شەرعیەتی داوە بە سیستمی کۆیلایەتی، بەڵام قورئان

هەندێك پرەنسیپ‌و ئەحكامی داناوە بۆئەوەی كۆیلایەتی بنكۆڵ بكات‌و ئامادەیبكات بۆ ریشەكێشكردنی بۆ هەتاهەتایە، چونكە كۆیلایەتی ریشەیەكی زۆر كۆنی بووە، وە ئەبێت لابردنی بەشێوەیەكی تەدریجی بێت.

سێیەم / ئەو ڕاو بۆچوونانە ڕەتبەكەم‌و بنبركەم، كە دەڵێن: دەبێت سیستمی بەكۆیلەكردنی دیل (أسیر) هەتاهەتایە بمێنێت، بۆئەوەی لەكاتی (هاوسانی مامەڵەكردندا – معاملە بالمثل) سوودی لێوەربگیرێت، دوكتۆر زەڵمی بە چەندین بەڵگەی لۆجیكی‌و عەقڵی ئەم بیانووە ڕەتدەكاتەوە، بە كۆیلەكردن بەپێی گشت دەستورو یاساكانی جیهان تاوانە، ئیدی ((هاوسانی مامەڵەكردن) كەی‌و لەكوێ دەبێت؟!

## ئەنفال‌و بەكۆیلەكردن

منی پێشكەشكاری ئەم كتێبەی دوكتۆر زلمی، ڕاو ئەنجامگیریی خۆم لەبارەی پرۆسەی ئەنفالی بەعسیان دەخەمە پێش چاوی خوێنەران، بەندە گەیشتوومەتە ئەو ئەنجام‌و باوەڕەی كە پرۆسەی بەدناوی ئەنفال نزیكەی (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار كورد بە مەبەستی (بەكۆیلەكردن) بووە، دیارە موفتییەكانی بەعس فەتوایانداوە كە كورد هەڵگەڕاوەتەوە لە ئاین‌و لە جەنگیشدان لە دژی ئیسلام! كەواتە ئەوانەی لەبەردەستان ئەسیرن!

بەكۆیلەكردنی ئەسیریش بەپێی كتێبەكانی فیقەو شەرعی هەر (٥) مەزهەبەكەی ئیسلام ڕەوایە، ئەحكامی كۆیلایەتی زۆر بەچروپڕی ماون‌و ڕێكخراون، وە لە زانكۆو حوجرەكاندا هەتا ئێستاش دەخوێندرێن، وە بە ڕای دوكتۆر زەڵمی زۆرینەی

زانایانی ئاینی لەو باوەڕەدان كە كۆیلایەتی هەتاهەتایە دەمێنێت.

دوكتۆر زەڵمی لەم كتێبەدا دەنركێنێ و هاواردەكات: بەكۆیلەكردنی دیل لەپاش هاتنی (فأما منا وأما فداء) كەس نەكراوە بە كۆیلە، بەڵام خەلیفەكانی (دوای سەد ساڵی كۆچی)و موفتیەكانیان ئەو ئایەتەیان بە (بەتاڵكراوە – منسوخ) داناوە، شەرعزان و موسڵمانان پابەندنەبوون بەو ئایەتەوە.

دوكتۆر زەڵمی دەپرسێت: كێ بەرپرسە لە مانەوەی (كۆیلەو كۆیلایەتی)؟ لەوەڵامدا دەڵێت: بەرپرسەكان (٢) دوو لایەنن: ١- خەلیفەكانی ئەمەوی و عەباسی و عوسمانی ، ٢- فەقیەو زانا ئاینییەكان.

١) خەلیفەكان:

أ- خەلیفەكانی ئەمەوی (٦٦١ – ٧٥٠ ز): خەلیفەكانی ئەمەوی، نەك تەنها كۆیلایەتییان هێشتەوە، بەڵكو سیستمی حوكمیان كرد بە وەراسەت و بنەماڵە، چاویان لە پاشاكانی فارس و بیزەنتیەكان دەكرد لە رابواردن و گوزەراندا، داگیركاریی و فتوحات زۆر پەرەیسەند، ژمارەی دیل و ئەسیر زۆربوو، بازارەكانی دیمەشق و قاهیرەو ئەسكەندەریەو بەسرەو كوفە جمەیان دەهات لە كۆیلەی ژن و پیاو.

ب- خەلیفەكانی عەباسی (٧٥٠ – ١٢٥٨ ز): عەباسیەكان دەچنەوە سەر (عەباس)ی مامی پێغەمبەر، لەسەردەمی ئەماندا بازرگانی كۆیلە زۆر پەرەیسەند، خەڵك هەڵپەیان بوو بۆ كرینی كۆیلە، بەتایبەتی كۆیلەی ژن، زۆرێك لە خەلیفەو ئەمیرو گەورەكان عاشقیان بوون، (قەزوێنی) لە كتێبی (نهایە الارب

٦٩/٥)دا دەڵێت: هەموو ساڵێك لە سەرەتای بەهاردا بۆ ماوەی (٤٠) رۆژ بازاڕێك سازدەكرا بۆ كڕین و فرۆشتنی كۆیلە، لە هەر چوارلاوە ڕوویان تێدەكرد، پڕبوو لە كوڕی لوسكەو ژنی جوان و بەردەوام نرخیان بەرزدەبوو، بە نموونە: خەلیفە مهدی كۆیلەیەكی ئافرەتی كڕی بە (١٧) حەڤدە هەزار دینار، وە چویشە لای بەبێ مارەكردن و چەندین نموونەی دیكە.

ج- سەردەمی خەلیفەكانی عوسمانی (١٢٩٩ - ١٩٢٣ ز): خێڵە توركەكان لە سەدەی حەوتەمی زاینیدا ئیسلامبوون، عوسمانیەكان لە سەرەتادا گەنجیان دیل ئەكردو بەشداری جەنگیان پێدەكردن، بازرگانیكردن بە كۆیلە زۆر گەشەیكرد، وە ژمارەیەكی زۆر لە كۆیلەی ژن و پیاو لە كۆشكی خەلیفەو كاربەدەستاندا دەژیان، وە خەساندنی كۆیلەكانیش لە جیهانی ئیسلامدا پەرەیسەند، خەساندن بۆ ئەوە بوو كە لە ماڵەكاندا خزمەتبكەن و لە ژن و كچەكانیان ترسیان نەبێت، دەگێڕنەوە لە (٣٠) سی كۆیلەی خزمەتكاری سوڵتانی (مەراكش) لەكاتی خەساندندا (٢٨) یان مردوون (مصطفى الجواری - الرق فی التأریخ).

٢) بەرپرسیارێتی (فقیە)و شەرعزانەكان لە پابەندنەبوون بە قورئان و هێشتنەوەی كۆیلایەتی: بە ڕای هەر چوار مەزهەبەكەی سوننەو مەزهەبی شیعی، یاسایەك هەیە كە دژی قورئانە: (ئیمام - سەۆكی دەوڵەت بۆی هەی یەكێك لەم چوار خاڵە هەڵبژێرێت و بڕیاری لەسەر بدات:

-١ دیل بكرێت بە كۆیلە.

-٢ یان بكوژرێت.

-٣ یان بەزۆر بكرێت بە ئیسلام.
-٤ یان باجی -جزیە- لێبسێنرێت.

دوكتۆر زەلمی بە بەڵگەی تۆكمەو ئاینی، ئەو چوار خاڵەی ڕەتكردۆتەوە، بە نموونە: نە پەیامبەر لە ژیانیدا نە خەلیفەكانی راشدینو نە سەركردەكانی ئیسلام پاش هاتنی قورئان (فأما منّا وأما فداء) كەسیان نەكردووە بە كۆیلە. دوكتۆر زەڵمی چەندین نمونەی زیندووی هێناوە بۆ مانەوەی كۆیلایەتی لە گشت مەزهەبەكانی ئیسلامدا:

١) فقهی حەنەفی: لە كتێبی (بدائع الصنائع - لعلامة الفقیه علاءادین أبي بكر)دا لە باسی كڕینو فرۆشتنی كۆیلەدا لە كەمتر لە لاپەڕەیەكدا (١٠) دە جار وشەی (عبد) هاتووە.

٢) فیقهی (مالكی): لە كتێبی (الخرشی - بەرگی چوارەم) لاپەرە ١٦٤: (٥) پێنج جار وشەی (رقیق - كۆیلە) هاتووە.

٣) فیقهی (شافعی): لە كتێبی (الأم)ی شافعیدا وشەی (كۆیلە) لە (١) یەك لاپەڕەدا (٦) شەش جار هاتووە.

٤) فیقهی (حەنبەلی): لە كتێبی (المفتی - لابن القدامە) لە (١) یەك لاپەڕەدا (٩) نۆ جار وشەی (كۆیلە) هاتووە.

٥) فیقهی (جعفری): امامی لە كتێبی (الروض البهیة - بەرگی ٢ لاپەرە ١٩٥)، (١٠) دە جار وشەی (كۆیلە) هاتووە.

٦) فیقهی (الزیدی): لە كتێبی (الروچە البهیە - لاپەڕە ٧٥) وشەی (كۆیلە) لە یەك لاپەڕەدا (٨) جار هاتووە.

٧) فیقهی (الظاهري): لە كتێبی (المجلس - لابن محمد علی) بەرگی (١٠) لاپەرە ١٣٠ ، وشەی كۆیلە (٢٣) جار هاتووە.

٨) فیقهی (الاباضي): لە كتێبی (النیل وشفاء العلیل) بەرگی

(٩) لاپەرە ٤١٥ ، وشەی كۆیلە (٥) جار هاتووە.

لە بەشێكی دیكەی ئەم كتێبەدا دوكتۆر زەلمی دەڵێت: لە پاش مامەڵەكردن بە كۆیلە وەك ئاژەڵ یا هەر شتێك كە بەكاربهێنرێ ڕۆشندەبێت كە شەرعی ئیسلام لە هەموو مەزهەبەكاندا دژی قورئان بوون، وە ئەجیندەو بۆچوونی فەقیهەكانی ئیسلام لەم ڕزگارەداو لەم هەڵوێستەداپەڵەیەكی ڕەشە بە تەوێڵی فیقهی ئیسلامەوە، ئەم بۆچوونە كارێكی وایكردووە كە زانایانی ئاینی بڕواو ئیمانیان لەسەر ئەمەیە كە: هەتا ژیان دەمێنێت لەسەر زەوی سیستمی كۆیلایەتی دەبێت بمێنێت.

دوكتۆر زەلمی چیرۆكێك باسدەكات كە لە خودی خۆی رویداوە: من لە ساڵی (١٩٨٣)دا سەرپەرشتی نامەیەكی دكتۆرام دەكرد بە ناوی (القانون الدولي الانساني في الاسلام) كە قوتابی بەهەشتی (حسين ندا) بوو، بەشێكی تایبەتی نامەكە لەبارەی (سیستمی كۆیلایەتی لە ئیسلامدا)بوو، لەپاش ئامادەكردنی، نامەكە نێردرا بۆ مامۆستام (عبدالكريم الزيدان) كە یەكێكە لە فەیلەسوفەكانی ئیسلام، ئەنجامی ڕاو بۆچوونی بەڕێزی ئەمەبوو: ئەم نامەیە بۆ لێكۆڵینەوە ناشێت، چونكە لە بەشێكی نامەكەدا هەوڵدراوە ئەمە ئیسپاتبكات كە سیستمی كۆیلایەتی لە ئیسلامدا نەماوە، لەكاتێكدا سیستمی كۆیلایەتی هەتا ژیان ببێت لەسەر زەوی ئەو سیستمەش دەمێنێت.

منیش بە ڕاگری كۆلێجم وت: من لە سەرپەرشتی ئەم نامەیە دەكشێمەوە ئەگەر بۆچوونی شارەزا (خبير) وەربگیرێت، بەڵام دوكتۆر (محمد الدوري) ڕاگری كۆلێجی ماف لە زانكۆی (بەغدا) گوتی: ڕای شارەزا واجب نییە، پاشان نامەكە موناقەشەكراو بەبێ هیچ گۆڕانكارییەك و بە پلەی (زۆرباشە) وەرگیرا.

## ( بانگەوازی بوێرانەی دوكتۆر زەڵی )

لەكۆتایی ئەم كتێبەدا ئەم كەڵە زانای یاساو شەریعەتە، دڵسۆزانە دەڵێت:

(( لە كۆتاییدا بەناوی هەموو ئیمانداریێكی خاوەن بڕوا بە ئاین، داوادەكەم لە سەركردەكانی موسڵمانان - بە تایبەتی دەسەڵاتدارانی سعودیەو زانایانی ئیسلام كە خاوەنی عەقڵیەتێكی داهێنەرو میانرەون، داوایان لێدەكەم چاوبگێڕنەوە بە فیقەو شەرعی ئیسلامدا كە بەری ڕەنجی ملیۆنەها زاناو داهێنەرو موجتەهدە، وە پاكیبكەنەوە لە چەندین نموونەی پووكاوو ڕزیو، وە بیكەن بە یەك شەرع، ئەمەیش بە وەرگرتنی ڕاو بۆچوونی باشترین‌و گونجاوترین.. بەمجۆرە رزگاردەبین لە (شێرپەنجەی) تایفەگەریی‌و مەزهەبچێتی، وە جیهانی ئیسلام رزگاربكەین لە دواكەوتن (لە) كاروانی شارستانی مرۆڤایەتی.

## ﴿ منیش لێرەدا قسەم هەیە ﴾

وا دیارە ئەم كاروانی مرۆڤایەتییە (لانیكەم هەتا ئەمڕۆ) بەبێ كۆیلایەتی‌و بەكۆیلەكردنی مرۆڤ سەقامگیرنابێت، ئەوەتا بە یاسای نێودەوڵەتی كۆیلایەتی حەرام‌و قەدەغەكراوە، بەڵام بە دەیان جۆر و شێوازی نامرۆڤانە بەكۆیلەكردنی مرۆڤ بەردەوامە: مافیاكانی بازرگانیكردن بە منداڵ‌و بە ئافرەت‌و سێكسفرۆشی.. شۆردنەوەی مێشكی هەزاران مرۆڤی ژن‌و پیاو بۆ ئەنجامدانی كردەوەی خۆكوژی.. بەدۆگماكردن‌و كەویكردنی هەزاران مرۆڤ بەبۆنەی سیاسی‌و ئایدۆلۆجی وە بۆ مووچەیەكی زۆركەم

ناچاركردنیان بۆ ئەنجامدانی كاری قێزەونی، گوایا ئەمانەو سەدان جۆری دی بە كۆیلەكردنی مرۆڤ نین بە جۆرێكی دی؟!

بەڵام جەواهری شاعیر دەڵێت: ﴿ هیچ خراپەو گومراییەك هێندەی ئەو خراپانە قێزەون نین كە بە ناوی ئاینو هیدایەتەوە ئەنجامدەدرێن﴾.

ما كان أي ضلال جالبا ابدا
هذا الشقاء الذي باسم الهدى جلبا

* لە ڕۆژنامەی هاووڵاتیدا بڵاوكراوەتەوە

## ﴿شورا﴾ یان دیموكراتی (*)

لەم ڕۆژگارەدا پرۆژەی (دیموكراسیو چاكسازیی) بۆتە پرۆژەیەكی خەباتی پڕ كێشەو مەترسی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو دەوڵەتانی تازە سەربەخۆی بلۆكی سۆڤیێتی جاراندا، پرۆژەی بەدیموكراتیكردن تووشی چەندین ململانێی (ڕۆشنبیریی پەیوەند بە ئاین)و هەندێ جاریش مەزهەبی دەبێتەوە، ئەمەیش بەتایبەتی لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئیسلامیدا، چەندین پارتی ئاینی بەناچاریی لەگەڵ باهۆزی دیموكراتی خۆیان دەگونجێنن بەڵام بە كەرەسەیەكی زۆر كۆن، بە نموونە: كەخەباتو داواكاریی بۆ دیموكراتیو پتەوكردنی دەزگا دیموكراتیەكان لە وڵاتدا هەندێ پارتو ڕموزە ئاینییەكان لە كۆڕو شوێنە گشتیەكاندا دەڵێن: دیموكراتی بیدعەو مۆدێلی ڕۆژئاوایەو ئێمە سیستمێكی دیموكراتترو ڕەسەنترمان هەیە ئەویش (شورا)ی ئیسلامە، بۆ پاساوی ئەم بۆچوونەش ئەم دوو ئایەتەی قورئان دەهێننەوە: ﴿وشاورهم في الامر فاذا عزمت فتوكل على الله﴾ یان ئایەتی ﴿وامرهم شورى بينهم﴾.

بۆئەوەی خوێنەرانی هێژا باشتر ئاگاداربن لە سیستمی (شورا)و ڕەگو ڕیشەی لە مێژووی ئیسلامدا، هەوڵئەدەم پراكتیزەكردنی ئەم سیستمە باسبكەم لە ژیانی كۆمەڵایەتیو سیاسی پێش ئیسلامو لە پاش كۆچی پەیامبەرو كۆتاییهاتنی (وحی – سروش)، لەپێشدا دەچینەوە بۆ ڕەگو ڕیشەی (شورا) لەپێش هاتنی ئیسلامو لە نیوەدورگەی عەرەبیداو لەپاش هاتنی

ئیسلامو سوودوەرگرتنی لەم سیستمەو زۆرێك لە بوارەكانی سیستمی سیاسی و ئابوری و جەنگ.

خێڵی عەرەب لەپێش ئیسلامدا یەكەیەكی كۆمەڵایەتی و سیاسی، لە (شێخ یان سید)و (ئەنجومەنی شورا) پێكهاتبوو، ئەندامانی ئەنجومەن لە وەجاخزادەو سامانداران بوون، كە تەمەنیان لە (٤٠) ساڵ كەمتر نەبێت، لەو ئەنجومەنەدا بە ڕاوێژو ئازادانەو سەراحەت كێشەكانیان چارەدەكرد، بەڵام ڕاوبۆچونی ئەندامەكان تەنها بۆ ڕاوێژ بوو نەك فەرزو (مولزم)، بەڵكو بڕیاری كۆتایی لای سەرۆكی خێڵ بوو، بۆی هەبوو ڕای ئەندامان وەربگرێت و بۆی هەبوو تەنها ڕای خۆی وەربگرێت یان ڕای زۆرینە یان كەمینە، بەڵام لە كۆتاییدا سەرۆكی خێڵ بڕیاری كۆتایی ئەدا.

لەپاش هاتنی ئیسلامیش (لا الزامیە)و پابەندنەبوون لە سیستمی (شورا)دا مایەوە، چونكە دەقی ئایەتەكان چۆنی تەفسیربكەیت ئەم مانایەی هەیە: ﴿ ئەی محمد ڕاوێژیان پێبكە، ئەگەر سوریشی لەسەر ئەنجامدانی، تەنها پشت بە خوا ببەستە﴾، تەفسیری (قرگبی)یش بە هەمان مانا تەفسیری كردووە، ئەبوبەكرو عمریش بە هەمان ڕاڤەو تەفسیر ئەم ئایەتەیان پراكتیزە كردووە كە: ڕاوبۆچوونی ڕاوێژپێكراوان مەرج نییە بە هەند وەربگیرێت.

شێخ خلیل عبدالكریم لە كتێبی: (الجذور التأریخیة للشریعة الاسلامیة)دا، (٤) چوار نموونە باسدەكات كە هەردوو خەلیفەی ڕاشدین ئەبوبەكرو عمر ڕاوێژیان بە هاوەڵە (ئەسحابە) گەورەكان كردووە، بەڵام لە (٢) دوو جاردا هەرچەند كۆدەنگی ئەسحابە بە (عمرو عوسمانو علی)یشەوە بووە، بەڵام ئەبوبەكر تەنها بە ڕای

خۆی کاریکردووە.

له نموونەی سێیەمدا عمر تەنها به ڕای خۆیو (عبدالرحمن بن عوف)ی کردووە، له نموونەی (٤) چوارەمدا بەم جۆرە عمر (شورا)ی جێبەجێکردووە: که باشووری عێراق له سەردەمی عمردا فەتحکراو زەوی به پیتی (سەواد)ی عێراق بوو به کێشه، ئەسحابه گەورەکان بوون به دوو بەره بۆ چارەنووسی موڵکداری زەوی باشوور: بەرەیەکی ئەسحابه دەیانگوت زەوی باشوور تاڵانیو غەنیمەیه، بەپێی دەقی قورئان غەنیمه (پێنجیەکی) بۆ دەوڵەتەو باقیشی بۆ جەنگاوەرانه، بەرەی دووەمی ئەسحابەیش به سەرکردەی علیو (معازی کوری جەبەل) دەیانگوت: زەوی سەوادی عێراق دەبێت بکرێت به وەقف بۆ خەڵکی ئێستەی عێراقو نەوەکانی دوارۆژ، لەئەنجامدا خەلیفه عمر ڕای بەرەی دووەمی وەرگرتو گوتی: (که زەوی بوو به موڵکی چەند کەسێك ئەی موسڵمانانی دوارۆژ چی بکەن؟)

(شورا) پەیوەندی تۆکمەی هەیە به شێوەی ئیدارەی دەسەڵاتو کاروباری ژیانی خەڵك نەك به عەقیدەو بیروباوەڕەوە، ساڵان تێپەڕین موسڵمانانیش بارودۆخی سیاسیو کۆمەڵایەتییان گۆڕاو به ناچارییو بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ سەردەمدا زۆر دابو یاساو نەریتیان بایکۆت کرد وەك (تەنها به نموونه):

سیستمی کۆیلایەتی که دەیانجاریش له قورئان وەکو هەموو کتێبەکانی شەرعی هەر پێنج مەزهەبەکەدا باسکراوە، یان سیستمی دابەشکردنی تاڵانی (غنائم)، یان حەرامکردنی وێنه یان حەرامکردنی سەفەری ژن به تەنها یان سیستمی (مباهلة) یان (ظهار) و...

لێرەدا ڕۆشندەبێت كە هەموو سیستمەكانی شەرع (جگە لە عەقیدە بنەڕەتییەكان) هەتا هەتا گۆڕانكارییان بەسەردا دێت، شێخ خلیل عبدالكریم لە كتێبی (الجذور التأریخیة للشریعة الاسلامیة)، چاپی قاهیرە، ١٩٩٠، دەڵێت: (شورا یەكێك نییە لە ئسولّو سەوابتی ئیسلام، موسڵمانان ئەگەر سیستمێكی باشتر بدۆزنەوە كە بگونجێت لەگەڵ بەرژەوەندییان دژی سەوابتو عەقیدە نەبێت، باشترە وەریبگرنو سودی لێببینن).

بەراستی هەردوو خەلیفەی راشدین ئەبوبەكرو عمر زۆرباش لە ئایەتی (شورا) گەیشتوونو هەر ئەمەیش وایكرد دوو رابەری گەورەی بزاڤی ئیسلامی لە میسر وەك (سید محمد قطب)و (محمد متولی الشعراوی) بڵێن:

(شورا تەنها راوێژەو هەرەمی دەسەڵات دوابریار ئەداتو لەبەردەم خوداو گەلدا خۆی بەرپرسیارە)، بۆ خوێنەرانی هێژا ڕۆشن بوو كە:

١) سەرۆكی وڵات تەنها راوێژدەكاتو سیستمی (شورا) فەرزینەكردووە لەسەر دەسەڵات كە رای ئەنجومەن وەربگرێت.

٢) (شورا) تەنها بۆ (نوخبە)ی ئەسحابە گەورەكانو بەدەسەڵاتەكان بووە، لەكاتێكدا سەدان سەحابەی پلە ناوەندو بچووكو جەماوەری بەرینی موسڵمانان پرسیان پێنەكراوەو جێگەی رەخنەیش نین، چونكە ئەو سەردەمە (شورا) بووەو باوبووە، بۆ ئەو رۆژگارەیش باش بووە، هەر كەسیش دژی ئەم راستییە بێت، دژی راستییەكانی مێژووە.

٣) لە هیچ كتێبێكی مێژووی ئیسلامدا نەمان دیوە كە خەلیفەیەك یان (والی)یەك لەرێگەی هەڵبژاردنێكی راستەوخۆی

خەڵك كرابێت بە خەلیفە یان بە (والی – پارێزگای ئێستا)، وە بە هیچ یاسایەك (بیعە) چ بەیعەتی تایبەتو چ بەیعەتی گشتی بە هەڵبژاردن نییە، (بەیعەتی گشتی) لە مزگەوتدا ئەنجام ئەدراو بێدەنگبوونی ئامادەبوان واتا: (ڕەزامەندی گشتی).

هەندێك دەڵێن: (شورا) كۆپییەكی عەرەبیو ئیسلامی دیموكراتیە، ئەمەیش قبوڵ نییە، چونكە دیموكراتی یۆنانیەو بە چەندین سەدە پێش ئیسلام بووە، وە (شورا) (لا الزامیه) بوو بۆ سەرۆك.

هەندێك بە هەڵە دەڵێن: ئایەتی (وامرهم شوری بینهم)، (شورا)ی فەرزكردووە لەسەر موسڵمانان، بەڵام ئەم ئایەتە تایبەتە بە مێژووی حاڵەتێكی تایبەتیو مەبەستی لە (ئەنصار)ی شاری مەدینەیە، تەفسیرنووسەكانی وەك: (زمخشری)و (قرطبي)و (عبدالله نسفی)یش هەمان بۆچوونیان هەیە.

٤) شێخ خلیل عبدالكریم، لە هەمان كتێبی پێشوودا دەڵێت:

هۆیەكی تریش هەیە كە دەخوازێت (شورا) خانەنشین بكرێتو دیموكراتی جێگەی بگرێتەوە كە: زۆرینەی گەورەكانی ئێستای موسڵمانانو عەرەبو چڵكاوخۆرەكانیان بوون بە دكتاتۆرو دەڵێن ئێمە (شورا) پەیرەودەكەینو دیموكراتی نامۆیە بە موسڵمانانو ساختەیەكی ئەورووپاو خۆرئاوایە!!

بەراستی ئەم ڕایە جێگەی سەیرو سەمەرەیە، موسڵمانان لە هەموو سەدەكانی پێشوودا چەندین یاساو سیستمیان لە بێگانە وەرگرتووە، (وەك بە نموونە): سیستمی (دواوین، وزارە)، ڕێكخستنی بەرید، دابەشكردنی زەویو ... و ... ، بەڵام لەم

سەردەمی زانستو تەكنۆلۆجیایەدا بە عەیبی دەزانـن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەم سەردەمەدا.

سەرچاوەكان
١- (الجـذور التأريخية للشريعة الاسلاميـة) شيَخ خليل عبدالكريم
٢- حياة الصحابة لابن العساكر
٣- من تأريخنا، محمد سعيد العامودي
٤- (في ظلال القرآن)، بةرطى ١، لاثةرِة ٥١٢
٥- التفسير والمفسرون، بةرطى ١، لاَثةرِة ٢٥٤
٦- الشورى والتشريع في الاسلام، محمد متولي الشعراوي، لاپەرە ١٧

* لە ڕۆژنامەی هاوولاتیدا بلاوكراوەتەوە

خوێندنەوەیەك بۆ كتێبی:

## ( من الجهاد الى الدعوة الى الهجرة الى الدولة )

### جیهاد لە سەرەتای ئیسلامەوە هەتا سەدەی چوارو پێنجی كۆچی ( * )

دكتۆر محمد الرحمونی / تونس / نامەی دكتۆرا / ١٩٩٢ / تونس

جیهادو ئیجتیهاد یەك چاوگن، بە وردیی مانایەكی بۆ دیاری نەكراوە، وە بۆ چەندین پرس و كێشە، بگرە بۆ پرس و كێشەی دژ بە یەكیش بەكارهاتووە، یەكەمجار لە ئیسلامدا بۆ بەرگریكردن لە ئیسلام لە زەمانی پەیامبەردا بەكارهاتووە، بەم جۆرە جیهاد سیماو سیفەتی موقەدەسی وەرگرت، ئەم موقەدەسیەی جیهاد بەردەوام بوو چ بە ماڵ و سامان یان بە هەردووكیان.

جیهاد لە سەرەتای ئیسلامدا لەبەر سێ هۆ فەرزبوو: بڵاوكردنەوەی ئاین، پاراستنی ئاین، بەگژاچوونەوەی ئەو خێڵانەی كە لە ئاین هەڵگەڕانەوە (مرتدین)، بەهەقزانین و مەشروعیەتی جیهاد پشتی بەم ئایەتەی قورئان بەستووە: (ان الدین عند الله الاسلام)، واتە: هیچ ئاینێك جگە لە ئیسلام قبوڵ نییە لای خودا، كەواتە: محمد نێردراوی خودایە بۆ هەموو مرۆڤایەتی، وە دەبێت ئومەتی محمد ئەمە رابگەیەنێت بە گشت جیهانداو ئیدی لەسەر زەوی كافرێك نەمێنێت.

جیهاد ئەو (وشە) داماوو كەساسەیە كە بە چەندین ماناو تەفسیر، زۆر جاریش بە ماناو پینەكردنی (تأویل)ی نامۆو غەریب لێكدراوەتەوە، وە بەپێی بارودۆخی سیاسی، وە بەتایبەتی

دەوڵەتەکانی خەلافەت دژی دەوڵەتی (بێزەنتە)و تەماعەکانی.
دانەری ئەم کتێبە ڕای وایە کە لە سەردەمی (سەلجوقی)و (بوەیهی)یەکانو هەژموونو دەسەڵاتیان بەسەر خەلافەتی عەباسیدا وشەی (جیهاد) فرەماناتر بوو، بگرە ڕۆیشتە دۆخی: تەزویرو کاڵبوونەوە، لەکاتێکدا (بێزنتە)کان لە شامدا چەندین جار شکانو ئیدی پێویست نەبوو جیهادیان دژ بکرێت.
لە هەردوو سەردەمی (سەلجوقی)و (بوەیهی)یەکاندا دوژمنایەتی نێوان سوننەو شیعە، (ئەشعەری)و (حەنبەلی)و (شافعی)، (هەر سێکیشیان سوننی بوون)، زۆر پەرەیسەندو جیهادیش بە خراپترین تەفسیرو لێکدانەوە خرایە گەڕ.
دانەری ئەم کتێبە لە شوێنێکی دیدا ڕای وایە کە وشەی (حەدیس)یش وەك (جیهاد) شێوێندراوەو ساختەکاری تیاکراوە، زانایانی حەدیس تەمەنی درێژیان تەرخانکردووە لەپێناوی پاکیو خاوێنی حەدیسدا، بەڵام لە ئەنجامدا پۆلێنی حەدیسیان کرد بۆ (لاواز، متواتر، دەماودەم، صحیح)، تەنانەت هەندێك لە زانایانی شەرعو کەلام بە هەندێك حەدیسیان دەگوت (ئیسرائیلیات).
دانەری ئەم کتێبە پشت بە چەندین سەرچاوەی باوەڕپێکراو دەبەستێتو دەڵێت:
جیهاد لە ئیسلامدا هەمیشە بە مانا شمشێرو توندوتیژی نەبووە، هەرچەند جەنگێکی بەردەوامو داینەمۆی مێژووی ئیسلامی بووە، وە جیهادی چەکداری یەك جۆرە لە چەندین جۆری جیهاد، وەك: جیهادی کافران، جیهادی گروپەکانی خەوارجو گوناهباران، جیهادی هێرشو جیهادی دیفاع، جیهادی

**نەفس و ئارەزوو، ...، ئەبو عەلای مەعەری دەڵێت:**

**من قانعم، وایش دەزانم لە ئەستێرە باڵاترم**

**قـەنـاعـەت و جیـهـاد لـەیـەك ئـاسـتـدان**

**موسڵمانان بۆ هـەمـوو دۆخ و حـاڵـێك ئایەتێكی قـورئـان یان حەدیسێكیان ئـامـادەیـە (دەقـی روون یـان خـەمـلاو–تـأویـل) بۆ ئەنجامدانی جیهادی خوێناوی دژی مەترسی دەرەكـی یان دژی خۆیان، وەك:**

**بزوتنەوەكانی ئۆپۆزیسیۆن ودانەری كتێب لەو بروایەدایە كە ئەم وشانە: (جیهاد)، (ملحد)، (كافر)، (مرتد) و چەندینی تریش مانایەكی تەمومژاوییان (ضباب)هەیە، دانـەری ئـەم كتێبە زۆر بە وردی و بە درێـژی سەلماندوویە كە ئـەو شێوانەی جیهاد لە چوارچێوەی جەدەلیەتی (سیاسی / ئاینی)دا ئەنجامدراون.**

**دوكتۆر (عبدالمجید الشرفی) سەرپەرشتیاری ئەم كتێبە، دەڵێت:**

**جیهاد لە ئیسلامدا تیۆرێكی تایبەتی نییە، بەڵكو هەندێك فاكتەری مێژوویی كاریگەرێتیان هەیە لەسەر لایەنە تیۆرییەكەی، وەك: پرۆسەی (فتوحات)، مامەڵەی دەوڵەتی (ئەمەوی) بەرامبەر ئیدارەو ئەهلی زیمە (مەسیحی و جولەكەو ...)، ئەمەوییەكان بە فـەتـوای زانـا ئاینییەكان چەكی جیهادیان خستەكار دژی نەیارەكانیان و خەلافەتیان كرد بە پاشایەتی و بنەماڵە.**

**بەو جۆرە مانای جیهادیان شێواند و كاڵیان كردەوە، وە كردیان بە پرۆسەیەكی ناوخۆی كۆمەڵگەی ئیسلامی، ئەمەیش بە دوو ئاراستە:**

**١) جیهاد دژی گروپەكانی گومڕاو سەرلێشێواو (أهل الاهواء والبدع).**

٢) جیهاد دژی نەفس و ئارەزوو.

دانەری ئەم کتێبە بە درێژی ئەم باسە دەکات: کتێبەکانی شەرع و حەدیس بەشی تایبەتیان داناوە بۆ گروپەکانی گومراو و خەوارج، بەڵام لە سەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچیدا (قەرامیتە) و (ئیسماعیلییە)کانیش خرانە ریزو ناونران (خەوارجی تازە)، زانا ئاینییەکان فەتوایاندا کە: (معتزلە)کان و هەموو لقەکانی (شیعە) کافرن، دانەری ئەم کتێبە بە درێژی باسی ئەو کتێبەی (القشیری) دەکات لەبارەی کارەساتێك کە بەسەر زانایانی ئاینی سوننەدا هاتووە لە ساڵی (٤٤٥ ك) لە (نیسابور).

دانەری ئەم کتێبە زۆر بە وردی باسی هەڵوێستی زانایانی ئاینی بۆ جیهاد دەکات لە دوو سەدەی چارەنووسسازی چوارو پێنجی کۆچیدا، هەر لایەك بە جۆرێك تیۆریزە و فەتوای داوە بۆ جیهادی گروپەکانی (گومراو سەرلێشێواو)، ڕاوبۆچوونی زانایانی شیعە وەك: (کلینی، گوسی، الشیخ المفید)، وە بۆ شیعەی ئیسماعیلی: (القاضي النعمان)، بۆ سوننەیش (الماوردی) و (غزالی)، هەرچەند غزالی لە سەرەتای شەڕی (خاچەکاندا – الصلیبیە)دا ژیاوە، بەڵام هەڵوێستی نەبووە بۆ جیهاد دژی ئەو جەنگەو دانەری کتێب بە درێژی باسی ئەو بێهەڵوێستییە دەکات، بەڵام غزالی ڕای وەهایە: جیهاد فەرزی (کفایە)یە، واتە فەرز نییە لەسەر هەموو موسڵمانێك.

(هەڵوێستی زانایانی شەرع)

* زانایانی (شیعە): جیهاد فەرزە لەسەر هەموو موسڵمانێك، ئەمەیش بە مەرجێك دەبێت گەورەی وڵات ئیمامێکی عادل بێت، ئەگەر خێری خەڵکی تیابێت دروستە برایەتی و دۆستایەتی لەگەڵ

(مشركين)دا، وه چەندین كاری خێرخوازی (بە تاك‌و كۆمەڵ)یش بە جیهاد دەزانن.

* فەقیهەكانی سوننە (ماوەردی) بە نموونە: جەنگ بۆ دیفاع لە دەوڵەتی ئیسلامی جیهادەو مەرجیش نییە سەرۆكی دەوڵەت عادل بێت، بەڵام جەنگ دژی ئەو حزب‌و كۆمەڵانەی كە مەترسین بۆ دەوڵەت‌و كۆمەڵگە جیهادە بە مەرجێك: لە ناوچەیەكدا جیاببنەوە لە دەوڵەت، وە جەنگ دژی جەردەو ڕێگران خێرترو جیهادترە لە دژی (مورتەد).

* زۆرینەی عولەمای سوننەو شیعە دەڵێن: جیهاد دژی گروپەكانی گومڕاو سەرلێشێواو گرنگترە لە جەنگ دژی كافران ﴿ گروپەكانی وەك: (باطنية), (اسماعيليه), (معتزله)، (قرامطة)، (سۆفیگەری)و ... . ﴾

* سەیر لەمەدایە: سوننە: شیعە بە گومڕاو سەرلێشێواو دەزانن‌و شیعەیش بە هەمان شێوە!!

* لە كۆتایی نامەی دكتۆراكەیدا گشت جەنگ‌و جیدالی مەزهەبەكانی (سوننی لەگەڵ سوننی)، (سوننی لەگەڵ شیعە)، (شیعە لەگەڵ شیعە)، (سوننەو شیعە لەگەڵ: (باگنیە), (اسماعیلیە), (معتزلە)، (قرامگە)ی كردووە بە لیستێكی دوورودرێژ، بەندە بە پێویستی نازانم‌و سوودی ڕۆشنبیریی بۆ كەس نییە.

## ( هەڵوێستی زانایانی زانستی كەلام بۆ جیهاد )

لە كتێبەكانی زانستی (كەلام)دا زۆر بە كەمی باسی جیهاد كراوەو بگرە پەراوێزخراوە، زانایانی ئەم بوارە سەرقاڵی

پەرچدانەوەی گروپە فیكریەكانی دژ بە دەسەڵاتو خەلافەت بوون، دەیانگوت: (مەترسی ئەمانە لە مەترسی كافران زۆرترەو جەنگیش دژیان جیهادە).

### ( هەڵوێستی سۆفیگەری بۆ جیهاد )

سۆفیگەری لە سەدەی چوارەمو پێنجەمی كۆچیدا لە قۆناغی چووزەرەو پێگەیشتنندا بوو، دەیانگۆت: كرۆكی حوكمە شەرعیەكان گرنگترن لە رووی دەرەوەیان، (نیەت)و نیازی دەروون لەپێش كرداره. ئەوان لەو كاتەدا: پەیداكردنی رزقی حەڵاڵ، كرداری چاكە، خوێندنو زانست، دوربوون لە وەزیفەی بەرزی دەوڵەت، راهێنانی نەفسو دەروون لەسەر كەمقنیاتیو هەژاری، دژایەتیكردنی گروپەكانی گومرایی وەك: معتزلە، (مرجعە)، حشویە و ....، گشت ئەمانەیان بە جیهاد ئەزانی.

لەكۆتاییدا: ئەم كتێبە یەكجار دەوڵەمەندە بە سەرچاوەی رەسەنو (متمانەدار)ی زانستە ئیسلامییەكان لە گشت مەزهەبەكاندا، هیوادارم خوێنەرانی كورد سوودی لێوەربگرن.

* لە رۆژنامەی هاووڵاتیدا بڵاوكراوەتەوە

# لۆجیكی شۆڤێنیستەكان
# سودان / توركیا وەك نموونە ( * )

پێش كودەتای سەربازی توركیا لە ساڵی ١٩٨١ دا، (مەهدی زانا)ی باوكی (لیلی زانا) پارێزگاری هەڵبژێردراوی (دیاربكر) بوو، بەبۆنەی رزگاربوونی لە بەندیخانە TV. توركیا چاوپێكەوتنی لەگەڵدا سازكرد، لەو دیدارەدا چەندین پرسیاری وروژێنەرو نامەعقوڵی ئاراستەكرد بەنیازی شپرزەكردنی. یەكێك لەو پرسیارە موحریجانە كە ئاراستەی مەهدی زانای كرد بەنیازی شپرزەكردنی ئەمەبوو: ﴿ئەگەر كورد لە توركیا جیاببێتەوە پەكیان دەكەوێت و لەئەنجامدا لە هاوكاری توركیا مەحرومدەبن و تەنانەت ناتوانن شۆرتێك بۆ خۆیان بدوورن! ﴾.

لەوەڵامی ئەم پرسیارە عونسریو پووچەدا مەهدی زانا وتی: ﴿كەواتە ئێوە وازمان لێبێنن، با كوردستان ببێت بە یەكەم دەوڵەتی هەژاران لە جیهاندا، ئێمەیش لەو ئاستە نزمو موتەوازیعەوە ژیانمان رێكدەخەین، هێدی هێدی بەرەو ئاسۆی ژیانێكی باشتر گەشەدەكەین و دەبوژێینەوە، كاروانی خەباتی گەلی كوردستان بەرەو ئاسۆیەكی پڕ ئومێدتر رێگادەبرێت ﴾.

لەم كاتەدا وەبیری خوێنەرانی دەهێنمەوە كە شۆڤێنییەكی عەرەبی موسڵمان لە پاش (٣٠) ساڵ دوای مەهدی زانا هەمان (فەرمایشتەكانی) كابرای توركی وتووە، بەڵام (عومەر بەشیر) گۆڕانكارییەكانی جیهان كاریان تێكردووە، ئەوەتە بە (زارەكی) بە ئەنجامەكانی راپرسی باشوور رازیدەبێت، بەڵام

هێشتا له بۆگه‌ناوی شۆڤێنیستی پاکنه‌بۆته‌وه‌، ئه‌وه‌تا هه‌مان بۆچوونی کابرای تورك دووباره‌ده‌کاته‌وه‌: (گه‌لی باشوری سودان ناتوانن سه‌ربه‌خۆبن چونکه له کایه‌کانی ژیاندا دواکه‌وتوون)، من گه‌شبینم که ئێستا کابرای تورکیش له‌پاش سی ساڵ ڕاوبۆچوونی گۆڕاوه‌.

دیاره‌و زۆریش ئاشکرایه که مه‌به‌ستی کابرای TV. تورکیا ئه‌مه‌یه‌: ﴿کوردستان وڵاتێکی داخراوو بێده‌رفه‌ته‌، له‌گشت لاوه به ده‌وڵه‌تانی داگیرکار گه‌مارۆدراوه‌، هیچ به‌شێکی ناچێته‌وه سه‌ر ده‌ریاو ئۆقیانوسێکی نێوده‌وڵه‌تی، من دڵنیام ئه‌م حاڵه‌ته‌ی کوردستان کاریگه‌ری خراپی بووه له‌سه‌ر کۆی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد، وه ئه‌و (داخرانه جوگرافیه‌) له زۆر قۆناغی خه‌باتدا بۆته هۆی کاره‌سات‌و شکست، به‌ڵام له‌پاش ڕووخانی بلۆکی سۆڤیه‌ت‌و (جیهانی تازه‌ی یه‌کجه‌مسه‌ری) و هه‌ژموونی بزاڤی (دیموکراتخوازی)‌و عه‌ولمه‌و چه‌ندین فاکته‌ری شارستانی‌و گه‌ردوونی، ئه‌و (داخرانه جوگرافیه‌) یان کاڵکرده‌وه‌، بگره تا ڕاده‌یه‌ك ئێستا بایه‌خیان که‌متره‌.

ئێستا ژماره‌یه‌کی زۆر له ده‌وڵه‌تانی جیهان (کوردستان ئاسا) داخراون‌و خه‌باتده‌که‌ن بۆ بچوکترین پارچه زه‌وی له‌سه‌ر ده‌ریاو باشترین په‌یوه‌ندی له‌گه‌ڵ ده‌وڵه‌تانی دراوسێ، وه هه‌ندێکیان یه‌کیه‌تی فیدراڵییان پێکهێناوه‌، وه‌ك هه‌ردوو ده‌وڵه‌تی (مالی‌و سنگال).

به‌ڵام ده‌وڵه‌تانی چوار ده‌وری کوردستان هه‌میشه کار بۆ ئه‌وه ده‌که‌ن‌و بگره هاوڕاو هاونه‌خشه‌ن بۆ لاوازکردن‌و به‌کۆیله‌کردنی گه‌لی کورد، بگره هه‌تا بۆیان کرابێت پاکتاوی جه‌سته‌یشیان

دەكەن، وە داخراوی كوردستان زۆر بە نامرۆڤانە دەقۆزنەوەو دژی بەكاریدهێنن، لەكاتێكدا گەلی كوردو ئەوان یەك ئاینیان هەیە كە ئاینی ئیسلامە!!

لە خوارەوە چەند ئامارو زانیارییەك لەبارەی دەوڵەتانی داخراو لە جیهاندا دەخەمە پێش چاوی خوێنەرانی هێژا بۆ بەرچاوروونی:

* لە جیهاندا بەپێی ئاماری ساڵی ١٩٨٤ ، (٢٤) دەوڵەتی داخراو هەیە لە ئاسیا، ئەفریقا، ئەوروپاو ئەمریكای لاتین دا.

* لە ئاسیادا (٥) دەوڵەت، لە ئەفریقا (٨) دەوڵەت، لە ئەوروپا (٩) دەوڵەت، لە ئەمریكای لاتین (٢) دەوڵەت.

* كۆی رووبەری دەوڵەتانی داخراو لە (١٢) دوازدە ملیۆن كیلۆمەتر دووجا تێدەپەڕێت، ئەم رووبەرە لە كۆی رووبەری (ئەمریكاو چین) زۆرترە.

* كۆی دانیشتوانی دەوڵەتانی داخراو (١٦٦) ملیۆن مرۆڤە.

لە كۆتاییدا گەلانی ئەم وڵاتانە بەختەوەرن، چونكە دوورن لەم ناوچە پڕ خوێنو پڕ چەوسانەوەو پڕ لە دوژمنایەتی نەتەوەییو ئاینیو مەزهەبیو ... و ... .

* لە رۆژنامەی هاووڵاتیدا بڵاوكراوەتەوە

# مەسیحییەكان لە سایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا ( * )

لەم وتارەدا هەندێك برینی زۆر كۆن دەكولێنمەوە، مەبەستیشم لەم كارە پلارو تانە نیە لە ئاین، بەڵكو تەنهاو تەنها مەبەستمە: دوژمنایەتی ئاینیو مەزهەبیو نەتەوایەتی چەندە قێزەونو بێزارە، بەتایبەتی لەم ڕۆژگاری عەولەمەو زانستەدا مەبەستمە جەماوەری گەلی كورد پاكوخاوێن بن لە چڵكو نەخۆشییەكانی دەمارگیرییو شەڕەنگێزی، هەرچەند گەلی كورد خۆی قوربانی دەستی داگیركارانو ڕەگەزپەرستان بووە.

بڕوانە خوێنەری ئازیز، پیاوێكی ئاینی مەسیحی ئەم ڕۆژگارە چۆن باسی بارودۆخی مەسیحییەكان دەكات لە سایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا، چۆن ئامۆژگاری هاوئاینەكانی دەكات كە دەمارگیری ئاینی فڕێدەن، قەشە (البیر ابونا) لە كتێبی (مێژووی كەنیسەی شەرقی) لە چاپی نوێدا / ١٩٧٣ دەڵێت: ﴿ ئەو زوڵمو ستەمانەی كە لەمەوپێش كراون لە ڕۆژگارێكدا بوون كە پڕبوون لە دەمارگیرییو تەعەسوب، لە مێژووشدا چەند جارێك دووبارە بوونەتەوە بەتایبەت لەكاتی مەغۆلەكانو عوسمانیەكاندا، خۆ ئەمیرە مەسیحییەكانی ئەوروپایش لە سەدەی ناوەڕاستدا زۆر خراپترو دڵڕەقتر بوون لەگەڵ جوولەكەكانی ئەوروپا، یان دژی موسڵمانەكانی ئیسپانیا (ئەندەلوسی كۆن) ﴾.

بەنیازی ئاگاداربوون لە ڕاو بۆچوونی ئیسلام كە ئیعتراف بە ئاینە ئاسمانییەكان دەكات، وە ئاگاداربوون لە دەزگای (خەلافەت) وەك دەسەڵاتێكی سیاسی ئاینی، بە كورتی باسی

ژیانی مەسیحییەکان دەکەم لە سەرەتای دەوڵەتی ئیسلامی هەتا خەلافەتی ئەمەوی‌و عەباسی.

## ﴿ سەرەتای دەوڵەتی ئیسلامی ﴾

لە زەمانی پەیامبەردا یاساو ڕێسایەکی دێرین کارپێدەکرا، بەناوی (المباهله الشرگیه) لەنێوان ئیسلام‌و مەسیحییەکانی ناوچەی (نجران)ی نێو دورگەی عەرەبدا، ئەمە یاسایەکی کۆنەو چەندین جۆری هەیەو بە مەبەستی سیقەو متمانە چەند شایەتحاڵ‌و سوێندخواردن بەخودا.

لە زەمانی پەیامبەردا ئەم نەریتە (طقس) قەدیمە (مباهلة) لە نێوان موسڵمانەکان‌و مەسیحییەکانی ناوچەی (نجران)دا کاری پێکرا، مەسیحییەکان پشتگیرییان لە ئیسلام کرد بەرامبەر پەیمان‌و پاراستنی ئاسایشیان.

ڕەگوریشەی ئەم نەریتە لە قورئاندا ئایەتی (٥٤) ە لە سورەتی (آل عمران): (فمن حاجك فيه من بعد ما جاءك من العلم فقل تعالوا ندع ابنائنا وابناءكم ونساءنا ونسائكم وانفسنا وانفسكم ثم نبتهل فنجعل لعنة الله على الكاذبين).

مێژوونوسان‌و تەفسیرنووسانی چ سونەو چ شیعە کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەم ئایەتە پەیوەندی بەو حیوارو دایلۆگانەی پەیامبەرو مەسیحییەکانی ئەم ناوچەی (نجران)ە هەیە کە لە ساڵی (١٠)ی کۆچیدا بووە، کەسەکانی ئایەتەکە بریتین لە (محمد، علی: انفسنا)، (حسن وحسین - ابناءنا)، (فاطمة، نساءنا)، مێژوونوسان دەڵێن (سلمانی فارسی)یش ئامادەبووە، بەپێی ئەم پەیمانە مەسیحییەکانی (نجران) ئەتوانن لەژێر سەقفی مزگەوتی

پەیامبەردا نوێژی خۆیان بكەن.

ئەم مەراسیمە لە گۆڕستانی بقیع (چیای مباهلە) ئەنجامدرا.

چەندین بەڵگەی ڕاستو كۆك هەیە بۆ ئەم پەیمانە لەگەڵ مەسیحیەكانی (نجران)دا لە ساڵی (١٠)ی كۆچی وەك:

١) پەیامبەر لەم پەیمانە پەشیمان نەبۆتەوە، چونكە چەندین كەس شایەتنو لەپاش مردنی محمدیش پابەندبون بەو پەیمانە.

لەكاتی پرۆسەی هەڵگەڕانەوەدا (ردە)، مەسیحییەكانی (نجران) دژی ئەو پرۆسەیە بوونو لەپاش كۆچی محمد پەیوەندییان باشبووە لەگەڵ خەلیفەكاندا. كاتێك (معاویە) فەرمانیدا بە (لەعنەتكردن) لە علی، (سعد بن ابی وقاص) هاوەڵی پەیامبەر بوو، لەبەر سێ هۆ دژی ئەم لەعنەتە بوو، یەكێكیان ئەمەبوو: پەیامبەر (علی) بەشداركردووە لە پرۆسەی (مباهلە). (صحیح مسلم – شرح النووی)

(مباهلە) ڕێكەوتنێكی سەرەتایی بوو لەگەڵ مەسیحییەكانی (نجران)و گشت خێڵو تایفە مەسیحییەكان لە دەوڵەتی ئیسلامیدا بەرامبەر بە دەفعی (جزیە)، لە یەكێك لە تەفسیرەكاندا (٥١) ڕوایە هاتووە لەبارەی (مباهلە)وە، بەڵام بۆ ڕازیكردنی هەندێ لە خەلیفەكان فەقیەو شەرعزانەكان زۆر بە قووڵی باسی (مباهلە)یان نەكردووە، چونكە ئەو خەلیفانە بە هەوەسو میزاجی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ جوولەكەو مەسیحی كردووە.

ئەی سەرچاوە مەسیحییەكان چی دەڵێن؟

لەم بارەیەوە زۆر شت هەیە، بەڵام لێرەدا تەنها ئاماژە بۆ چەند ڕوداوێك دەكەم:

١) سەرۆكی كەنیسەی ڕۆژهەڵات لە سەرەتای ئیسلامدا

دیـاری نـاردووه بۆ محـمـد، بـەڵام لـەو کـاتـەدا محمد کۆچی دواییکردووه، دیارییەکە براوە بۆ ئەبوبەکر.

٢) سەرچاوە مەسیحییەکان باس لەوە دەکەن کە (کەنیسەی ڕۆژهەڵات) چەندین نامەی ناردووە بۆ محمدو داوای لێکردووە کە ئاگاداری مەسیحییەکانی دەوروبەری بێت، محمدیش لە وەڵامدا زۆر باش بووە.

٣) (مـسـعـری) مـێـژوونـوس بـاسـیـدەکـات کـە نوێنەرێکی کەنیسەی ڕۆژهـەڵات سەردانی (ئەبوبەکر)و (عمر)ی کـردووە، عمریش پەیمانیداوە بە ریعایەو پاراستنی مەسیحییەکان.

٤) چـەنـدیـن دەقـی پـەیـمـان هـەیـە لـەنـێـوان محـمـدو مەسیحییەکاند، لێرەدا دەقی پەیمانێك بڵاودەکەینەوە، کە بە سوریانی نوسراوە:

﴿ ئەمە پەیمانێکی محمد کوری عبدالله)یە بۆ خەڵکی (نجران)و گشت مەسیحییەکانی جیهان ﴾، وای بە باش دەزانم دەقە عەرەبییەکەی بڵاوببێتەوە، چونکە زۆرینەی برا مەسیحییەکان عەرەبی باشتر دەزانن:

(( بسم الله الرحمن الرحيم، هذا كتاب أمان من الله ورسوله للذين أوتوا الكتاب من النصارى من كان منهم على دين نجران او على شيء من نحل النصرانية كتبه لهم محمد بن عبدالله رسول الله الى الناس كافة. ذمة لهم من الله وعهدا الى المسلمين من بعده، عليهم ان يعوه ويعرفوه ويؤمنوا به ويحفظوه لهم. ))

چەندین دەقو دۆکۆمێنتی ئیسلامیو سوریانی دی هەیە بە هەمان مانا، لەپاش کۆچی دوایی محمد، ابوبکرو عمرو عپمان و علی پەیمانیاندا بە مەسیحییەکان، بەڵام عمر لە پەیمانی خۆی پەشیمان

بوو، مەسیحییەكانی لەنێو دورگەی عەرەب وەدەرنا، ئەمەیش گوایا لەبەرئەوەی محمد لە كاتی گیاندانداا وتویەتی: (لەم دورگەیەدا دوو ئاین جێگەی نابێتەوە)، لە زەمانی عمردا باجی (جزیە)ی سەر مەسیحییەكان (٤٨) درهەم بوو لەسەر دەوڵەمەند، (٢٤) درهەم بوو لەسەر مامناوەند، (١٢) درهەم بوو لەسەر هەژار، پیرو منداڵو ژنو كۆیلەو نابینا و زۆر هەژار (جزیە)یان لەسەر نەبوو، بەڵام پێویست بوو مەسیحییەكان (٣) رۆژ میوانداری ئەو موسڵمانانە بكەن كە لە ناوچەی ئەوانەوە دەرۆنو رەوتەنین.

بارودۆخی مەسیحییەكان لەسایەی خەلافەتی ئیسلامیدا جیاوازبوون، هەرچەند قورئانو حەدیسەكان ئیعترافیان كردبوو بە ئاینی مەسیحی، بەڵام رادەی بیرو عەقڵیەتی خەلیفەو (والی)ەكان جیاوازبوون، مەسیحییەكان پێیان دەوترا (ئەهلی زیمە)، (زیمە) یش فرەمانایە، دەكرێت بە خراپیشو بە چاكیش پراكتیك بكرێت وەك:

* (ابو یوسف)ی قازی قازییەكان لە بەغدا لە وەڵامی پرسیارێكی (هارون الرشید)دا لەبارەی (ئەهلی زیمە)وە دەڵێت: ئەی گەورەی موسڵمانان خودا پشتیوانت بێت بۆ سۆزو خۆشەویستی بەرامبەر بە (ئەهلی زیمە)ی پەیامبەرەكەت كە چۆن فەرمانی دابوو بە (سەلمانی فارسی) ئەمیری مدائن كە بە سۆزو دڵنەرم بێت بەرامبەر ئەهلی زیمە.

دیسان (ابو یوسف) لە كتێبی (الخراج) دا باس لە وەسیەتو راسپاردەی پەیامبەر دەكات بۆ (عبدالله بن الارقم)ی والی: (با ئاگاداربێت ئەو كەسەی زوڵم لە مەسیحییەكان دەكات، یان ئەركێكی دەخاتە سەر لە توانایدا نییە، یان سوكایەتی پێدەكات،

یان سەرانەی لێدەسێنێت، با بزانێت من لە ڕۆژی قیامەتدا دەعواچیم لەسەری).

بەڵام هەمان (ابو یوسف)ی ترۆپكی شەرعزانكانی دەوڵەتی عەباسی لە بەغدا بەم جۆرە پێشنیاردەكات: (پێویستە لەكاتی كۆكردنەوەی جزیەدا تەوێڵیان مۆربكرێت و موستیلەیان بشكێت، نابێت پۆشاك و لیباسیان وەك پۆشاكی موسڵمانان بێت، دەبێت ئەسپ و سوارچاكیان لە هی موسڵمانان جیاوازبێت، نابێت ژنیان سواری ئەسپ و چارەویٚ ببن لە سەفەرو هاتوچۆدا...).

لە شوێنێكی تری كتێبی (خراج)دا (ابو یوسف) دەڵێت: توندوتیژی بەرامبەر (ئەهلی زیمە)، خەلیفەی هەشتەمی ئەمەوی ئەنجامیدا، ئەوەتا لە نامەیەكیدا بۆ كاربەدەستان دەڵێت: خاچی ئاشكراو دانەپۆشراو بشكێنن و وردی بكەن، نابیٚ مەسیحی و جوو لەسەر زین و ڕەخت دەركەون- كتاب الخراج ص١٢٨.

* ئیمامی ابو حەنیفە فەتوایدا كە موسڵمانان هاوڕێیەتی ئەهلی زیمە بكەن، جیاواز لە مەزهەبەكانی تر فەتوایدا كە ئەهلی زیمە ئەتوانن بڕۆنە حیجازو تەنانەت بڕۆنە كەعبەیش، بەڵام تیا نەمێننەوە.

هەتا كۆتایی دەوڵەتی عەباسی بارودۆخی مەسیحییەكان بە هەواو ئارەزووی خەلیفەو موختارو (والی)یەكان دەگۆڕا، خەلیفە یان والی بە ئارەزووی خۆی فەرمانی ئەدا بە دروستكردنی كەنیسە، یان توندڕەوێك بە ئارەزووی خۆی حوكم و كارەكانی پێشویان بۆ زیندودەكردنەوە، وەك خەلیفە (جعفر المتوكل) لە ساڵی ٢٤٧ كۆچیدا.

مەسیحییەكان بەهۆی دوو جۆر تۆمەتەوە لە سایەی خەلافەتدا

سزائەدران:

١- چەند حوكمێكی بنەڕەتی كە خوێنیان حەڵاڵدەكرا، وەك: هێرشبكاتە سەر قورئان، یان سەر پەیامبەر یان سەر موسڵمانان، هاندانی موسڵمانێك بۆ كردنی بە مەسیحی، یان هاندانی ژنێك بۆ فەساد یان شووكردن، پشتگیریی دوژمنانی موسڵمانان.

٢- چەند كارێكی لاوەكی (غیر أساسی)، وەك: لێدانی ناقوس، بە ئاشكرا خوێندنی ئینجیل و مەزامیر (سروودی ئاینی)، فرۆشتنی مەشروب و بەراز، پۆشینی خاچ بە ئاشكرا، خانوی بەرزتر لەخانوی موسڵمانان، بە ئاشكرا پرسەكردن و جەژنكردن، پۆشینی زین لە ئەسپ و ئەسپسواری، بەكارهێنانی (نازناوی - لقب) ئیسلامی، دەبێت زننارو پشتێنی تایبەت ببەستن نەك مێزەر. گشت ئەم شتانەی سەرەوە لە كتێبی (أحكام أهل الذمة) و لە دانانی (ابن قیم الجوزیە)دا باسكراون.

* كار گەیشتە رادەیەك مەسیحییەكان بە پێڵاویش جیادەكرانەوە، هەندێك لە شەرعزانەكان بۆ سوكایەتیكردن بە ئەهلی زیمە بانگیاندەكردن: ئەی مەسیحی یان ئەی سەلیبی یان ئەی جوولەكە، ئەی ئیسرائیلی.

خەلیفە متوكل داوای لە (جاحظ) كرد كە كتێبێك دژی مەسیحییەكان دابنێت، ئەویش كتێبی (الرد علی النصاری)ی دانا، جاحظ رۆشنبیران و ساماندارانی مەسیحی بەوە تۆمەتباردەكرد كە لە ڕێگەی ئەوانەوە كتێب و نوسینی (قوتابخانە فیكرییەكانی) دژ بە دەسەڵاتی خەلیفە وەك (معتزلە) و (قە رامطة) و (اخوان الصفا) و ... بڵاودەبێتەوە.

(محمد بن یحیی بن فضلان) زانایەكی ئاینی بوو، لە نامەیەكیدا

بۆ خەلیفە (الناصر باللە)، داوایلێدەكات بە توندی مامەڵە لەگەڵ (ئەهلی زیمە)دا بكات، یەكەم خەلیفە كە بە خراپی مامەڵەیدەكرد (المتوكل) بوو، دوا خەلیفەیش (المقتدر) بوو، كە فەرمانیدا ئەم كارانە بكەن:

زەنگێك لە ملیاندا بێت، پارچەیەك تەختە لەسەر دەرگایان بێت، ڕەنگی بەرگیان دێزو ڕەشباو بێت، پشتێنی تایبەتی ببەستن، خاچیش لە ملدا بێت، دەبێت تەنها سواری هێسترو گوێدرێژ بن، نەك ئەسپ‌و ماین.

خەلیفەو وەزیرەكان هەمیشە تێدەكۆشان بۆ وەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەو مەزهەبانەی كە هەژموونیان هەبوو لە كۆمەڵدا, وەك مەزهەبەكانی حەنبەلی‌و شافیعی، دەسەڵات فەرمانیدابوو كە مەسیحی‌و جووەكان تەنها لە بواری پزیشكی‌و (جهبزە – شارەزایی لە جیاكردنەوەی باش لە خراپ)دا كاربكەن، مەسیحییەكان‌و ئەهلی زیمە بە گشتی خۆیان سەلماند كە چەندین پیشە زۆر بەباشی دەزانن‌و كارامەن, وەك: پزیشكی، ئەندازیاری، زەرەنگەری، ئاسنگەری‌و كشتوكاڵ‌و چەندین كاری خزمەتگوزاری باش‌و خراپ.

## سەرچاوەكان

١- كتێبی (المباهلة بين النبي ونصاری نجران)، دانانی (لويس ماسينون)، چاپی ميلان، ١٩٤٤.
٢- كتێبی (الأديان والمذاهب في العراق)، للاستاذ (رشيد الخيون).

* لە ڕۆژنامەی هاووڵاتیدا بڵاوكراوەتەوە

## ﴿ موعتەزلە ﴾كان عاقڵ و ژیرەكانی ئیسلام بوون ( * )

له هاووڵاتی ژماره (٦٦٦)ی ٢٠١٠/٩/٢٦ دا و له تەوەری (ئیسلام له دیدی جیاوازەوە)دا، بەڕێز (د.ئاراس محمد صالح) وتارێكی بڵاوكردۆتەوە بەناونیشانی (شێواندنی مێژوو)، لەو نوسینەدا بە جۆرێكی زۆر زبرو نارەوا هێرشیكردۆتە سەر گروپێكی فیكریو لە دوا قۆناغیاندا فەلسەفی، ئەو شێواندنە گەیشتۆتە رادەیەك دەڵێت: ﴿ ئایدۆلۆجیای تەكفیر ئایدۆلۆجیایەكی ئەصلی ئیسلامی نیەو بیدعەی خەواریجو موعتزیلەیەو ئەوان دایانهێناوەو هەتا ئێستا ئیسلامو موسڵمانان باجی قورسی ئەو بۆچوونە هەڵەیە ئەدەنو هەزاران قوربانی لێكەوتەوە ﴾.

یان دەڵێت: ﴿ ئیتر نوێگەریی چیو عەقلانیەتی چی؟ ﴾

ئەم بۆچوونە نادروستو نامێژووییانە وایانلێكردم كە هەوڵبدەم پشت بە چەند سەرچاوەی نوێ رووی گەشو عەقلانی ئەم گروپە نویخوازە زۆر بە كورتی بخەمە پێش چاوی خوێنەرانی ئازیز، دیارە گشت وردەكاری بۆچوونەكانی موعتەزلە لە وتاری رۆژنامەیەكدا خوێنەران بێزاردەكات، بەڵام هەوڵئەدەم پوختەیەكی ئەو مەسەلەیە بنوسم، كه هەموویان ئەوە ئیسپاتدەكەن كە موعتەزلە لە رۆژگاری خۆیدا تەكانێك و پێشەنگی كرانەوە بوون بۆ رزگاركردنی كۆمەڵگا لە دەسەڵاتی هەژمونگەری دەقە ئاینییەكانو پێشەنگی (بە عەقلانی لێكدانەوەی) دەقە

موقەدەس و داخراوەكان بوون.

ئەز لەگەڵ نوسەردام كە (خەوارج ئایدۆلۆجی تەكفیرو جیهادیان هەڵبژاردو گوتیان: ئەوە فەرمودەی پەیامبەر نیە كە دەڵێت: ﴿ خەلیفە دەبێ لە قورەیش و هاشمی بێت ﴾، بەڵام هەرگیز موعتەزلەكان كەسیان نەكردووە بە كافرو بگرە بە ئیعترافی خودی كاك ئاراس موعتەزلەكان دەڵێن: ئەوەی گوناهی كەبیرە بكات كافر نیەو نە دەچێتە بەهەشت و نەدەچێتە دۆزەخ، بەڵكو دەچێتە شوێنێك لەو بەینەدا (كە پێیدەڵێن ئەعراف – حسین).

كەڵە زانای كوردو عێراق لە بوارەكانی شەریعەو یاسا، پرۆفیسۆر (مصطفی زەڵمی) لە تازەترین كتێبیدا (أخطاء أصولیە فی كتاب جمع الجوامع)، چاپی ئەربیل / ٢٠١٠، دەڵێت ﴿ فەیلەسوفەكانی موعتەزلە لەپاش خەلیفەكانی راشدین عاقڵەكانی ئومەتی ئیسلام بوون، ئەگەر موسڵمانان كاریان بە (عەقڵی موعتەزلە)و (نەقڵ – ئایەت) بكردایە، ئەو كەشتیە ئاسمانیە كە چووە سەر ئەستێرەی مەریخ، ئیسلامی دەبوو نەك ئەمریكی و ... ﴾.

بە هەمان نەفەسی مامۆستا زەڵمی، كەڵە رۆشنبیرو یاساناسی عێراق (د. رشید الخیون) لە پێشەكی كتێبە گەورەو پڕ سەرچاوەكەیدا: (مذهب المعتزلة من الكلام الی الفلسفة – چاپی یەكەم / ٢٠٠٩ – دیمەشق)دا دەڵێت: (بە بەراورد لەگەڵ ئەم رۆژگاری شكست و داروخانە گەورەی ئێستادا كە پزیشكان دەبنە تیرۆریست و ئەندازیاران دەبنە موفتی خەرافات، موعتەزلەكان چەندە گەورەبوون كە دەیانووت: مرۆڤ خۆی خاوەنی ئیرادەیە،

دەسەڵاتو خەلافەت قۆرخ نیە بۆ هیچ تیرەو بنەماڵەیەك، قورئان دروستكراوی خودایەو چەندین تەفسیرو لێكدانەوە هەڵدەگرێت ئەمانەو چەندین ڕاو بۆچوونی عاقڵانەی دی).

گشت بۆچوونی موعتەزلەكان لەبارەی گەردوونەوە (وجود) زۆر نزیكن لە بۆچوونی فەلسەفە, موعتەزلەكانیش كاریان بۆ ئەوە دەكرد كە زانستی (كلام)، لە فەلسەفەو فەلسەفەیش لە ئاین نزیك بكەنەوە، چونكە بە ڕای ئەوان ئاین نابێت لە گۆڕانكارییە فیكریو كۆمەڵایەتییەكانەوە دوورو گۆشەگیر بێت، ئەوەبوو لەپاش موعتەزلەكانیش گروپی (أخوان الصفا)یش هەوڵیاندا كە شەریعەت لە فەلسەفە نزیك بكەنەوە. د. رشید خیون دەڵێت: نوسەرانی مێژووی فەلسەفە نابێت ڕاوبۆچوونەكانی موعتەزلە لەیادبكەن، كە قۆناغێكی فەلسەفی گرنگو پرشنگدارە لە مێژووی فەلسەفەی ئیسلامیدا.

لەبارەی بۆچوونە موحافزكارەكانو بێ ئیرادەكردنی مرۆڤ كە موعتەزلەكان دژی بوون، (مەلای گەورەی كۆیە) لە چامەیەكیدا فەرموویە:

وەها سەلبی قودرەتیان لە تأسیری عەبد كرد
ئومەتی وا بە همەت هەمووی بەزیندوویی مرد
(رواە دار قطني، حدثني الترمزي)١
هەمووی لە كیس ئێمەدا لە پاپۆڕ تاكو دەرزی

یان لە هەمان كتێبی سەرەوەدا (رشید خیون) دەڵێت: (ئەگەر كۆمەڵگەی ئیسلامی بە ئاراستەی موعتەزلە كاری بكردایە، یەكەم ئامێری كۆمپیوتەر لە شاری بەسرەی عێراقدا دەبوو نەك

لە یابان).

بۆچوون‌و هەڵوێستە فیكرییەكانی موعتەزلە كەوتنە بەر هێرشی تیژی فەقیهو شەرعزانەكانی دەسەڵاتەكانی ئەمەوی‌و عەباسی، موعتەزلەكان نەوەو درێژكراوەی قەدەریەكان بوون كە چەندین بیرمەندی وەك (غیلان الدمشقي)و (جهم بن صفوان)و پێش ئەمیش (جعد بن درهم) لەسێدارەدران، جعد لە كۆڕو مەجلیسی ئەمیری ئەمەوی (خالد القسري) وەك مەڕ سەریان بڕی، ئەمانە هەمان بیروبۆچوونی موعتەزلەیان هەبوو لەبارەی (خەلقی قورئان)و (قەزاو قەدەر) و ... .

بەرنامەی موعتەزلە دژی زوڵم‌و ستەمی ئەمەوی‌و عەباسیەكان پەرەیسەندو گەشەیكرد، چونكە سیستمی سیاسی ئەو دوو دەوڵەتە لەسەر بنەمای (جەبری)یەكان بوو، كە: مرۆڤ لە ژیاندا هیچ شتێكی بە دەست‌و ئیرادەی خۆی نیەو بەڵكو بە دەستی خودایەو ئەو دەسەڵاتی پێداون. موعتەزلەكان لە دژی ئەم بۆچوونە، چەندین بەڵگەی عەقڵییان دەوروژاند وەك (تەنها بە نموونە): كە مرۆڤ هیچ شتێكی بە دەستی خۆی نەبێت، ئیدی بۆ موحاسەبە بكرێت‌و سزابدرێت. بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەی موعتەزلە، زانا موحافزكارەكانی دەسەڵات گوتیان مرۆڤ تەنها (جوزئی ئیختیار)ی هەیە نەك ئیرادەی تەواو، ئەمەشیان بە ناچاری بوو.

بیرمەندو ڕۆشنبیری گەورەی عێراق (رشید خیون) دەڵێت:

﴿ گرنگترین كێشەی موعتەزلەكان، پێداگرتنیان بوو لەسەر ئازادی مرۆڤ، بەڵام ئازادی بەپێی سنوورەكانی ئەو ڕۆژگارەو بەشێوەی دیالۆك‌و مونازەرە ﴾، دكتۆر ئاراس زۆر ناهەقی بە

موعتەزلە دەكات كە دەستدرێژیی و ئازاردانی (أحمدی كوڕی حنبل)و زانایانی ئاینی ئەو سەردەمە لەلایەن خەلیفە مأمونی عەباسی بكات بە خەتای موعتەزلە، چونكە گشت دەسەڵاتە عەرەبی و ئیسلامیەكانی ئێستاو كۆنیش بەناوی ئیسلامەوە زوڵمیان كردووە، چەند خەلیفەیەكی عەباسی وەك مأمونیش بەناوی ئیسلام و لەژێر پەردەی (موعتەزلەخوازیدا) ئازاری احمدی كوڕی حەنبەلیان دابێت، ئیدی موعتەزلەكان چی بكەن،

ئەحمدی حەمبەلیشی دژایەتی كردنی خەلیفە ماموون بوو بەخێر بۆی ، گەورە كراو پاشان خۆی فەتوای تەكفیری موعتەزیلەكانی دەركرد ، ڕێگا خۆش بوو بۆ حەڵاڵ كردنی خوێنی موعتەزیلەكان ، بەداخەوە دكتۆر ئاراس یان ئاگای لەم مێژووە نییە یان پەردەپۆشی دەكات .

نەدەبوو دكتۆر ئاراس (محمد عابد الجابري) بهێنێتە ئەم باسەوە، چونكە ئەم ڕۆشنبیرو بیرمەندە گەورەیە هەمیشە لەبەرەی داكۆكیكاران بووە لە عەقلانیەت، ئەوەی كتێبی تەفسیری قورئانی (فهم القرآن – چاپی ١ ، ساڵی ٢٠٠٩، ٣ بەرگ) بخوێنێتەوە، بۆی ڕۆشندەبێت كە ئەمیش وەك (جاحظ)و (أبو حیانی توحیدی)و سەدان زانای جیهانی ئیسلام هەتا سەر ئێسقان خوازیاری بەعەقلانیكردنی كۆمەڵگەبوون، لێرەدا كاك ئاراس دڵنیادەكەمەوە كە تەفسیری (زەمەخشەری)، بۆیە بە سەلامەتی ماوە چونكە تەفسیری قورئانە، دەنا ئەویش وەك زۆر لە نوسینەكانی تری موعتەزلە شوێنبزردەكرا.

دكتۆر ئاراس دەڵێت: (نوێبوونەوەو تازەگەری لە عەقیدەدا ناكریّ و نەگۆڕە)، قەزاو قەدەریش یەكێكە لە بنەماكانی عەقیدە،

گرنگترین بنەماكانی موعتەزلە تەوحیدو عەدالەتە، بەڵام ئەوان عەدالەتیان دەبەستەوە بە (قەزاو قەدەرەوە)و دەیانگوت:

مرۆڤ خاوەنی ئیرادەیە، ئاكارو كردەوەكانی مرۆڤ لە ئەزەلەوە بڕیاریان لەسەر نەدراوە، مرۆڤ وەك پوشێك نیە لەم ژیانەداو هیچ ئیرادەیەكی نەبێت، وەك پێشتر باسمكرد.

منیش لێرەدا پرسیاردەكەم: ئەگەر تازەگەریی و هەوڵی نوێبوونەوەو خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانكاریەكانی ژیاریی و كۆمەڵایەتی لەپاش خەلیفەكانی راشدین نەبووە، ئەو چوار مەزهەبە سونیە كە لەناو هەرچواریشیاندا نەوەی سەرەتاو كۆتایی (متأخرین و متقدمین)ی شافیعی و حەنەفی و .... هەیە دەچنە چ خانەیەكەوە؟ ئایا ئەمانە لقێك نین لە بنەماكانی عەقیدەو ئەو هەموو گۆڕانكاریەیان بەسەردا هاتووە؟ خۆ لە مەزهەبی شیعەیشدا هەمان گۆڕانكاریی بووە.

لە كۆتاییەكانی سەدەی (١٩)ەو سەرەتای سەدەی بیستدا چەندین زانای گەورەی وەك محمد عبدەو جمال الدینی ئەفغانی و علی عبدالرازق و أمین خولی و سید رشید رەزاو ... هەوڵی زۆریاندا ئاینی ئیسلام بگونجێنن لەگەڵ رەوتی شارستانی جیهاندا، ئەمانە لەلایەن زانایانی ئاین و (ئەزهەر)و دەسەڵاتەوە كەوتنە بەر فەتوای تەكفیرو ئیلحادو .... لەم بوارەدا سەدان كتێب و وتار نوسراوە، كتێبی (عمائم لیبرالیە) ی د. رەفعەت سەعید دوا كتێب نیەو بەندەیش كردوومە بە كوردی و لە (٢٠٠٦) چاپكراوە، لەم كتێبەدا باسی چەندین هەوڵی نوێبوونەوە كراوە تەنانەت لە عەقیدەیشدا.

هیوادارم هیچ لیبرال‌و دیموکراتخوازو ئیسلامخوازێك فەتوای نامەسئولانە دەرنەکات بۆ هیچ ئایدۆلۆجیا و ئاین‌و مەزهەبێك کە قابیلی گۆڕان‌و گەشەکردن نیەو نابێت، قوناغەکانی ژیانی مرۆڤ سەلماندیان کە هەموو شتێك لە گۆڕاندایە بەرەو باشتر، یان بە سستی یان بەخێرایی، تێکۆشەرانیش بەو ئاراستەیە خەباتبکەن کە گۆڕانکاریی خێراتر بێت‌و نەچێتە بواری توندوتیژی، لەو باوەڕەیشدام ئەم بۆچوونەی من رادیکاڵەکان لانیکەم بە فەنتازیای خەیاڵی دەزانن.

* لە رۆژنامەی هاووڵاتیدا بلاوکراوەتەوە

# نەوتە بێخێرەکەی کوردستان ( * )
# مافیاکانی RR خێری لێدەبینن ( ١ )

ماوەیەکە دەنگوباسی نەوتە بێخێرەکەی کوردستان خزاوەتە زۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردستان بەتایبەتی ڕۆژنامە ئازادەکانی ئەهلی. بەندە بەنیازی بەشداریکردن لەو پرسە گرنگو پربایەخەدا، چەپکێك پرسیارو بۆچوونی خۆمو خەڵکانی تر دەوروژێنم، پاشان پوختەی یان نیو (پانۆراما)یەك بۆ وتارو مانشێتی هەردوو ڕۆژنامەی (هاوولاتی)و ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) دەکەم لەماوەی نزیکەی مانگێکدا, ئەمەیش بەنیازی بەرچاوڕوونی خەڵکی کوردستان.

هەڵەیەکی زەق هەیە لەبارەی ئەو نەوتەی کە تالاندەکرێت: گشت ڕۆژنامەو گۆڤارو تەلەفزیۆنەکانو رادیۆکان دەڵێن (نەوتی ڕەش)ە، بەلام نەوتی ڕەش بریتییە لە پاشەڕۆی نەوتی خام لەپاش جیاکردنەوەی نەوتی سپی (کیرۆسین)و بەنزین گازۆیلو بگرە گریسیش. ئەم نەوتە تالانییەی کوردستان بریتییە لە نەوتی خامو جۆری باشیش، بۆ چاوبەستکردنو فریودانی خەڵك لە هەندێ ناوچەدا ڕاستەوخۆ لە بیرەوە بۆ تەنکەرەکان دەبرێت، لە هەندێ ناوچەی تردا چەند بیناو مەنجەڵی گەورەو بورجی بەرز دامەزراون، گوایا ئەمانە پالاوگەن، لەڕاستیدا: نەوتە خامەکە دەکرێنە ئەو مەنجەلانە لەوێشەوە بۆ تەنکەرە زەبەلاحەکانی ڕێگەی ئێران، بەکورتی سیناریۆیەکی شەیتانیەو مافیاکانی خۆمان کاراکتەری سەرەکیی ئەو شانۆگەرییەن.

هەندێك لە ڕۆژنامەكان ژمارەی پاڵاوگەكانی نێو كوردستان هەڵدەكشێنن بۆ (٨٠) پاڵاوگە، بە ڕای منو چەندین خەڵكی بەئاگاتر لە من: ژمارەی پاڵاوگەكانو بوونی پاڵاوگە (بەمانا زانستییەكەی) لە كوردستاندا هەڵەیە، هیوادارم بەكارهێنانی (نەوتی ڕەش)و پاڵاوگەو ژمارەی پاڵاوگە بێئاگایی بێت یان گەشبینی و خۆشخەیاڵی بێت نەك چەواشەكاریی.

ئەو پاڵاوگانە بریتین لە بیری نەوت (نەك پاڵاوگە)، ئەو بیرە نەوتانە بە گرێبەستی ناشەفافو ژێربەژێر كۆمپانیای بیانی هەڵیكەندوون هەتا گەیشتوون بە نەوت، حكومەتی هەرێم بە خورتیێ داوا لە حكومەتی عێراق دەكات پارەی كۆمپانیاكانیش بدات، وەزارەتی نەوتی عێراقیش دەڵێت: یان گرێبەستەكان دەنێرن بۆ بەغدا یان لە پارەی بودجەی هەرێم (١٧٪) دەیبرین.

ئەگەر هێندە پاڵاوگە هەیە لە كوردستان بۆچی - پێبزانم - هەتا ئێستاش بەنزین لە پاڵاوگەكانی ناوەراستی عێراقو ئێرانو توركیاوە دێتە كوردستان؟ بۆچی كرێی تاكسیو گواستنەوە لە كوردستان (لەچاو بەغداو باشوردا) هێندە بەرزترە؟ بۆچی بەشە نەوتی هاووڵاتیان هێندە دوادەخرێت هەتا نرخی بەرمیلێك نەوت لە بازاردا ئەگاتە (١٢٠٠٠٠) سەدو بیست هەزار دینار؟

پاڵاوتنی نەوت هێندە گرانە دەوڵەتێكی بە ئەزموونی وەك ئێران بەشێك لە گازۆیلو نەوتی خۆی لە دەرەوەی ئێران بۆی دەپاڵێون. من لێرەداو پێبزانم تەنها ئەم پاڵاوگانە لە كوردستاندا نەوت دەپاڵێون: پاڵاوگەی هەولێر، تەقتەق، تاوگ، چەمچەماڵ، پاڵاوگە كۆنەكەی شەكرەكەی سلێمانی بڕیاربوو نۆژەنبكرێتەوە, بەڵام تەواونەبووو, پاڵاوگەیەكی تازەی بۆ دانراوە , بەڵام نەوتی

خامی بۆ نانێرن, چونكە نەوتی خام بە پارەیەو پارەیش كێ بیدات؟

یەكێك لە كێشە هەرە گرنگەكانی هەرێم لەگەڵ ناوەندا، كێشەی ناشەفافیو ژێربەژێری گرێبەستە نەوتیەكانی هەرێمە، وەزیری نەوتی عێراق بەمەیش رازیە كە: پەرلەمانی كوردستان با ئاگاداربێت لە گرێبەستەكان، بەڵام باسی نەوت (ئاسایشی نەتەوەییەو هێڵی سورە) نابێت تەنانەت نوێنەرانی گەلی كوردیش لێی ئاگاداربن. كێشەو شەری هەرێمو ناوەند لەسەر ئەو نەوتەیە كە بە ئاشكرا بەرهەمدێت لە كێڵگەی (تاوگو تەقتەق)و دەچێتە داهاتو بودجەی عێراقەوە، بەڵام شەری ئەم سەدان تانكەرە نەوتەی كە رۆژانە تاڵاندەكرێتو كەس نازانێت دەچێتە گیرفانی كێ، هێشتا ئەو شەرەی ناوەندو هەرێم دەستیپێنەكردووە، دیارە ئەم شەرانە لە ئەنجامدا دەبن بە كۆسپی سەخت لەبەردەم گەیشتن بە ئامانجە نەتەوایەتییەكانی گەلی كورداو كێشە رەواكەی دەبێتە قوربانی بەرژەوەندی جەردەو تاڵانچیانی كورد.

لە هەموو ئەمانە قێزەونترو كاڵفامانەتر: ساویلكەو دەروێشەكانی حزبن كە بەم جۆرە تەسقیفكراون: گەلی كورد لەمەوپێشو لە عێراقدا بە چەك خەباتیانكردووە، لەمەودوا بە چەكی نەوتو پیشەسازیو بازرگانی نەوت خەبات دەكەین!!

منیش لە وەڵامدا دەڵێم: كورد لەگەڵ كۆمپانیا پلە نزمەكاندا مامەڵەدەكات كە زۆر نزیكن لە مافیاكانی دارایيو دراوی جیهانیی، نەوتی كوردستان لە ئێرانەوە بە مەرجەكانی ئێران دەچێتە (بەندەر عەباس)و لەوێشەوە كەس نازانێت كێ پارەكەی وەردەگرێو ...، گوایا كارتێلاتی كۆمپانیا زەبەلاحەكانی نەوت

له جیهاندا خەوتوون‌و بێئاگان لەم کەینوبەینه؟!، کۆمپانیا زەبەلاحەکانی نەوت ئەتوانن حکومەته زلهێزەکانیش بەهۆی چەندین قەیرانی ئابوریی لاوازبکەن‌و پڕیبکەن له جەنگ‌و ئاژاوە، نەخاسمە له کوردستانی بێ دەوڵەتی.. بێ... .

ئەوە ئەندامی لیژنەی غازو نەوتی پەرلەمانی عێراقە (دکتۆر بایەزید حسن) دەڵێت:

بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ەی عێراق لەسەر بنەمای (٢,١٠٠) دوو ملیۆن‌و سەد هەزار بەرمیل نەوت له ڕۆژێکدا ڕێکخراوە، (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار بەرمیلەکە له کوردستانەوە هەناردە دەکرێت, دیارە ئێمە تەنها پارەی (١٧) حەڤدە هەزار بەرمیلمان بۆ زیاددەبێت، ئیدی بۆ نەوتی ژێرزەوی خۆمان - کە بەشی نەوەکانی دوارۆژە - تاڵانبکەین؟ ئەوەی نائومێدیشه به چارەنووسی نەتەوەی کوردو ڕزگاربوونی له پاشکۆیی، ئەم شیعرەی پیرەمێردی وەبیردێنمەوە:

شەوێ پیاوێ له بەفرا ما نەمرد دی ئاگرێکی دێ
لەلای من نائومێدی کفرە ئەم ئاگری دڵەم بۆ کێ

ئیدی بەپێی ئەم شیعرە، ڕزگاربوونی کورد (خەونی شاعیری نییە)!!

ئەو وڵاتانەی خاوەنی سامانی نەوتن بەشێك له پارەکەی هەڵدەگرن بۆ ڕۆژانی ڕەش کە نەوتیان دێتە کزی، بەشێکی دەکەن به پرۆژەی ستراتیجی کشتوکاڵی‌و پیشەسازی‌و گەشتوگوزارو ... بەو نیازەی وڵات ببێتە خاوەنی چەندین سەرچاوەی داهات نەك به تەنها نەوت.

هەندێك له وڵاتانی نەوت وەك (ئالاسکا)و (لیبیا)و...

ساڵانه بڕی (١٠٠٠ – ٢٠٠٠) دۆلار ئـەدەن بە هەموو تاكێكی گەلەكەیان, هەرچەند ئەمە لەڕووی ئابورییەوە باش نییە، بەڵام حكومەتەكەی ئێمە نەخشەو پڵانی هیچكام لەو پرۆژانەی نییە، خۆ ئەگەر هەیەتی بۆچی دلمان خۆشناكات؟! بـەڵام زۆربـەی ئابوریناسان رایـان كۆكە لەسەر ئـەوەی كە نـەوت بۆ وڵاتانی وەك ئێمە دەبێتە هۆی جەنگو بێكاریی و تەمەڵی, بەتایبەتی لە بوارەكانی كشتوكاڵو پیشەسازیو بەرزبوونەوەی نرخی كاڵاو خزمەتگوزارییەكاندا.

---

(١) بەڕێـز مـام جـەلال لە ساڵانی نـەوەدەكـانـدا (RR) ی بۆ تاقمەكانی (ڕاوڕووت) بەكاردەهێنا.

# كورتترین پانۆرامای نەوتی كوردستان

*ڕۆژنامەی ڕۆژنامە ٢٠٠٩/١٢/١٥: ڕۆژنامەی (گولف كیستۆن) بڕی یەدەكی نەوتی كوردستان بە (١٠ – ١٥) ملیار بەرمیل مەزەندەدەكات، بەڵام ڕۆژنامەی (نیۆرك تایمز)ی ئەمریكی بڕی نەوتی كوردستان بە (٤٥ – ١٠٠) ملیار بەرمیل مەزەندەدەكات.

*ڕۆژنامەی هاووڵاتی ٢٠١٠/٢/٣: ئاشكرایكرد ئەو داهاتەی حكومەتی هەرێم وەك پاداشت لە كۆمپانیا نەوتییەكانی وەرگرتووەو ئاشتی هەورامی لە پەرلەمان ڕایگەیاندبوو كە دەچێتە سەر بودجەی كابینەی شەشەم، نەخراوەتە سەر بودجەی ٢٠١٠.

* سەرۆكی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانیش جەخت لەوە دەكاتەوە كە ئەو داهاتە لەدەرەوەی بودجەدایە، خودی وەزیری دارایی هەرێم ئاگاداری پارەی ئەو نەوتە ئاودیوكراوە نییە، پێویستە پەرلەمان لەسەر ئەو (٥) ملیار دۆلارەی داهاتی نەوت داوای ڕوونكردنەوە بكات.

* د. نوری عوسمان سەرۆكی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران لە لێدوانیدا بۆ هاووڵاتی وتی: (ئەو داهاتە لە دەرەوەی میزانییەی ٢٠١٠ دایە، ئەوە شتێكی جیاوازە..!!).

* هاوكات سیروان أبوبكر ڕاوێژكاری وەزیری سامانە سروشتییەكان بە (هاووڵاتی) وت: (ناتوانم قسەی لەسەر بكەم)، با پەرلەمان خۆی بەدواداچوونی بۆبكات.

* نزیكەی (٧٠) پاڵاوگەی نەوت لە هەرێم هەن، هیچ كام لەوانە

مۆڵەتی وەزارەتـی سامانە سروشتەکانیان نیە، نایشزانرێت سەرچاوەی ئەو نەوتە لەکوێوە دێت.

* ئـەو پـالاوگـە بـێ مـۆڵـەتـانـەو (نـەدانـی ڕوونـکـردنـەوە لـەبـارەیـانـەوە) لـەلایـەن حـکـومـەتـەوە، گـومـانـی ئـەوەی لای پەرلەمانتاران و ئابوریناسان دروستکردووە کە بەرپرسە باڵاکانی هەردوو حزب لە پشت دانانی ئەو پالاوگایانەن.

* هیچ کـام لـە دەزگـا ئەمنیەکان ناتوانن ڕێگری بکەن لە ڕۆیشتنی ئەو نەوتە بۆ ئێران.

* سەرچاوەیەکی ئاگادار لە حکومەتی هەرێم بە (هاووڵاتی) وت: (زۆربەی ئەو پالاوگە نەوتیانە مۆڵەتی حکومەتی هەرێمیان نییە).

ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) ٢٠١٠/٢/٢٣: پرۆسەی ناردنەدەرەوەی نەوتی عێراق لەسەرەتای مانگی ٢٠١٠/٦ وە دەستیپێکردووەو تەنها ٣ مانگی خایاند، حکومەتی هەرێم بەبیانووی نەدانی پارەی کۆمپانیا بیانییەکان کە کاری دەرهێنانی نەوتیان کردووە لەلایەن بەغداوە، پرۆسەی ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێم ڕاگیرا.

* حکومەتی هـەرێـم (٢٥) گرێبەستی لـەگـەڵ (١٧) وڵاتـدا مۆرکردووە بۆ دەرهێنانی نەوت.

* ڕۆژنامەی (تایمز ئۆنلاین): ئاشتی هەورامی (٦١) ساڵ، سەرمایەگوزاریی لە کۆمپانیای (ئۆیڵ هیریتجید)ا کـردووە، لەپاش دەرهێنانی نـەوت لـە مانگی ٢٠٠٩/٣ دا پشکەکانی فرۆشتووە.

* ئاشتی هەورامی سامانەکەی بە کارکردن وەك ڕاوێژکارێکی بواری نەوت پێکەوەناوە، شوقەیەکی گەورەو سەرنجڕاکێشی لە

نزيك (هێتلی) لەسەر ڕووباری (تايمز) لە (ئۆكسفۆرد شايەر) هەيە، مانگی جارێك دەگەڕێتەوە بۆ بەريتانيا.

* حكومەتی هەرێم وتی: ئەم وەزيرە وەك لێپرسراوێكی حكومەتی هەرێمەو هەموو سەوداكانی بەياسايی لەقەڵەمداوە، وە هەموو قازانجەكان حەواڵەی حكومەتی هەرێم كراون.

* لەبەرنامەدابوو پاڵاوگەيەك لە (كۆيە) دابنرێت، يەكێك بوو لە پرۆژە ستراتيجييەكان و گۆڕانی مەزنی بۆ هەرێم دروستدەكردو تارادەيەكی زۆر كوردستانی پێدەبوژايەوە، توانای بەرهەمی (٧٠) هەزار بەرميل نەوتی خام بوو، لە ڕۆژێكدا (٢٢) هەزار بەرميل بەنزينی زۆر نايابی بە (ئۆكتينی) ٩٥ بەرەوژوور بەرهەمدەهێنا.

ئەم پرۆژەيە لەلايەن بەغداوە بودجەی بۆ دابينكرابوو، زياتر لە ساڵێك ئيشی تياكراو (١٠٠) دۆنم زەوی لە (شيواشۆك) بۆ تەرخانكرا، چەندين بينای ئيدارەو دارايی و هونەری بۆ تەواوكرا. بەداخەوە كە بودجەی حكومەتی هەرێم لە بەغدا جياكرايەوە، حكومەتی هەرێم ئەم پرۆژە ستراتيجييە زۆر گرنگەی لە بەرنامەی كاری خۆی دەرهێناو پشتگوێيخست و زيانێكی زۆری لە هەرێمدا، حكومەتی هەرێم دەبوو ئەگەر سواڵی بكردايەو قەرزی بكردايە ئەم پرۆژەيەی تەواوبكردايە.

هاووڵاتی ٢٠١٠/٢/٢٤: چاوپێكەوتن لەگەڵ پەرلەمانتارو سەرۆكی (كوتلەی يەكگرتوو لە پەرلەمانی بەغدا دكتۆر (محمد احمد). كێشەكانی حكومەتی هەرێم و بەغدا: مامەڵەی حكومەتی هەرێم نارۆشنەو سەرڕاست نييە لە داهاتەكانی خۆيدا لەگەڵ بەغدا، بۆ نموونە:

١- هەتا ئێستا كۆمپانيای (كۆڕەك تيليكۆم) بەشداری خۆی

نەداوە بە حکومەتی عێراق، حکومەتی عێراقیش بڕی (٢٠٠) دوو سەد ملیۆن دۆلاری لە بودجەی هەرێم بڕیوە.

-٢ کۆمپانیای (ئاسیا سێڵ)یش هەتا ئێستا باجی بە حکومەتی عێراق نەداوەو داوایکردووە بۆی بکەن بە قیست.

-٣ دەرهێنانی نەوت لە کوردستان خێری نییە بۆ کوردو بگرە زیانی زۆریشی هەیە، تەنها کۆمپانیای دەرهێنەرو چەند دەلاڵێك قازانجدەکەن، بگرە دەبێتە مەجالێکی باش بۆ گەندەلی, بیانوویان ئەمەیە: گوایا دەرهێنانی نەوتو پیشەسازی نەوت لەوانەیە لە داهاتوودا ببێتە هۆی پاراستنی کوردستان، ئەمە تەنها بیانووەو هیچی تر.

ڕۆژنامەی ڕۆژنامە ٢٠١٠/٣/٢ ، پێش چەند مانگێك ئاشتی هەورامی ئاماژەی بەوە کرد کە داهاتی نەوت (٥) ملیار دۆلارە، دواتریش وەزیری دارایی هەرێم بێئاگایی خۆی لەو داهاتانە دەربڕیو وتی: ئەو داهاتانە نەخراونەتە نێو پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٠ ی هەرێمەوە.

* فراکسیۆنی گۆڕانو یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی داوایانکرد کە ئاشتی هەورامی بانگهێشتی پەرلەمان بکرێتەوە، چونکە وەلامی هەندێ شتی لەبارەی نەوتەوە نەداوەتەوە.

* لە دانیشتنی ٢/٢٥ ی پەرلەماندا، وەزیری سامانە سروشتییەکانو وەزیری دارایی هەرێم ئامادەبوون، لە هۆی ناردنو نەناردنی پارەی داهاتی نەوت بۆ خەزێنەی حکومەت، بەلام بایز تالەبانی وەزیری دارایی پەرچی داوەتەوەو ڕەتیکردۆتەوەو بێ ئاگایی خۆی لەو بارەیەوە ڕاگەیاندووە.

* پاشان عبداللە مەلا نوری پەرلەمانتار دەڵێت: چۆن دەکرێت

دوو وەزیـری پەیوەندیداری یەك حكومەت ئاگایان لە داهاتی نەوت نەبێت و لەو نێوەندەیشدا پارەیەكی زەبەلاح دیارنەبێت؟

هـاووڵاتـی ٢٠١٠/٣/٣ : جگـە لـە (٥) ملیـار دۆلارەكـەی نـەوت، بـڕی (١٨٠) ملیۆنی تری نـەوت دیارنییە، عبداللە مەلا نوری پەڕلەمانتار دەڵـێت: ئـەم پارەیە هی كاتی ئیمزاكردنی گرێبەستەكانە, حكومەت (٣٨) گرێبەستی ئیمزاكردووە، بۆ هەر یەكێك (٣ تا ٨) ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە.

* بەپێی زانیارییەكانی هـاووڵاتـی ڕۆژی ٢/٢٥ كە ڕۆژی ئامادەبوونی ئاشتی هەورامییە لە پەرلەمان، (٣٧٦) تەنكەر نـەوت چـووە بۆ ئـێران، ژمـارەی تـەنـكـەرەكان و نـاوی سیانی شۆفێرەكان لای هاووڵاتیەو پارێزراوە.

* عبداللە مەلا نوری پەرلەمانتار دەڵێت: بەشێك لەو نەوتەی لە كێڵگە نەوتیەكانی هەرێمەوە دەبرێت بۆ ئێران، نەوتی ڕەش نییە بەڵكو نەوتی خامە، بەشێك لـەو نەوتە دەبرێتە پاڵاوگە بێ مۆڵـەتـەكان و دەكولێـنرێت بۆئـەوەی خـەڵـك و لایەنەكانی پێ چەواشەبكەن و خەڵك وا تێبگەن كە نەوتی خام نییەو نەوتی ڕەشەو بە هەرزانیش دەیفرۆشن. ﴿ هەتا ئەگەر نەوتی ڕەش یان هەر بەرهەمێكی تری كوردستان بێت، بۆ بەئاشكرا نەفرۆشرێت و داهـاتـەكـەی بۆ نەچێتە سـەر بـودجـەی هـەرێـم؟ چاوقایمی ئەم مافیایانە لەوەدایە بە ڕۆژی ڕووناك و بەبەرچاوی میللەتی كوردی كلۆڵەوە ئەم دزییە دەكەن و منەتیان بەهیچ شتێك نیە!! ﴾

* بەپێی زانیاریەكانی هاووڵاتی لەماوەی هەفتەیەكدا (٧٠٠) حەوت سەد تەنكەر نەوت ئاودیوكراوە بە نرخی (٣٥٠ – ٣٨٠) دۆلار، هەر تەنكەرێك (٢٩) تەن باردەكات.

* لە دانیشتنی ٢/١٥ ی پەرلەماندا ئاشتی هەورامی وتی: ئەو نەوتە هی ناوچەکانی ترەو لە کوردستانەوە دەچێت بۆ ئێران، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئاشتی هەورامی دەڵێت: ئەو پاڵاوگانەی کە ئەو نەوتانەی تیا دەکوڵێنن بێ مۆڵەتن.

* عبداللە مەلا نوری پەرلەمانتار دەڵێت: لە هەموو دنیادا نەبووە حکومەت لەگەڵ دەزگای ناشەرعیدا مامەڵەبکات وەك ئەوەی: نەوتی خاو بدات بەو پاڵاوگانە کە مۆڵەتی شەرعیان نییە (یان ڕێگابدات لە ناوچەی ترەوە نەوتی دزراو ببەن بۆ ئێران و بیفرۆشن – حسین)، لەمەوە ڕۆشندەبێت کە حکومەتی هەرێم پلانی ڕۆشنی نییە لە بواری نەوتیدا.

خوێنەری هێژا... لەم کورتە پانۆرامایەوە بۆت ڕۆشندەبێت:

– چۆن ئەم هەموو پاڵاوگانە بەبێ مۆڵەت ئیشدەکەن، لەکاتێکدا دوکاندارێك ناتوانێت بەبێ مۆڵەت کاربکات.

– گشت قسەو تەصریحاتی بەرپرسەکان پێکدژن.

– ئەو فەوزاو بێ سەروبەرییە دروستکراوی خۆیانەو مافیایەکی زەبەلاح لە پشتی هەموو کارەکانەوەیە، کە خەڵکی کوردستان و هەندێك کەس و لایەن و دەوڵەتانی بیانیش دەزانن ئەو مافیایانە کێن.

* لە ڕۆژنامەی هاووڵاتیدا بڵاوکراوەتەوە

# ﴿چاودێریی سلێمانی بوێر دەرچوون دەبا چاودێریی هەولێریش بێنە قسە! ﴾ (*)

لە ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە)دا، بەڕێز (جلال سام ئاغا) وتارێکی وەك وەڵامی بەڕێز (سیروان رشید) بڵاوکردۆتەوە لەبارەی کارو چالاکییەکانی دیوانی چاودێری دارایی، لەو وتارەدا باسی دەکات کە ئەو دەزگایە کارەکانی پەیوەندن بە دەزگاکانی حکومەت‌و ڕێکخراوە فەرمییەکانەوە، سنوریشیان بۆ دانراوە کە نابێت بیبەزێنن، دووپاتیشی دەکاتەوە کە هەرگیز حزب دەستی نەخستۆتە کارەکانیان، باسی ئەوەیش دەکات کە ﴿پارتی‌و یەکێتی ساڵانە لە پارەی میللەت (٨٤٠) ملیۆن دۆلار بە هەدەرئەدەن ﴾، لە شوێنێکی تردا ئەڵێت: ﴿ لە بینای دیوان لێکۆڵینەوەمان لەگەڵ چەندین وەزیر کردووە لە کابینەی چواری ئیدارەی سلێمانی‌و ڕەخنەمان لە چەندین کارو بڕیاریان گرتووە .

لە وەڵامی پرسیارێکی کاك سیرواندا کە دەڵێت: پارتی‌و یەکێتی (٢٧) گرێبەستی نەوتیان ئەنجامداوەو زیاتر لە (٧٥٠) ملیۆن دۆلاریان وەرگرتووە، وەك شیرینی (کومیشن)، کاك جەلال دەڵێت: ئەو هەواڵە من لە ڕاگەیاندنەکانەوە زانیومەو ئەوە دیوانی هەولێر لێی بەرپرسیارە، وە دیوانی چاودێریی سلێمانی‌و هەولێریش یەکیان نەگرتۆتەوە.

لە ڕێگای دۆستێکەوە لە هەولێر یاسای کۆن‌و نوێی چاودێریی

داراییم دەستكەوت، منیش لەپاش خوێندنەوەی وتارەكەی كاك جەلال و هەردوو یاساكە، چەندین پرسیار لە زەینمدا قوتبوونەوە، بۆیە منیش چەند پرسیارو بابەتێك دەوروژێنم، مەبەستیشم تەنها بەرچاوڕوونی خەڵكە بەتایبەت ئەوانەی كە مەبەستیانە.

كاك جەلال وەك باسی پاكی و بێگەردی كارەكانی چاودێریی دارایی دەكات، دەبوو زۆر شتی تر لەو بوارەدا باسبكات، (بە نموونە) وەك:

١) ئێستا بۆشاییەكی یاسایی لە بواری چاودێریدا هەیە، بێگومانم دروستكردنی ئەو بۆشاییە بە (بەرنامە) دروستكراوە، لە ١٩٩٩/٧/٢٩ دا یاسای (نظام الرقابة المالية العدد ٢١٢) دەرچوو، بەهۆی كەموكوڕی و نەگونجانی لەگەڵ سیستمی ئیداری كوردستاندا چەندین مادەی ئەم یاسایە هەمواركراو لێی زیادكرا، لە نیسانی/٢٠٠٨دا یاسای نوێی ژمارە (٢) لە پەرلەمانی كوردستان دەرچوو، لە ڕۆژنامەی (وەقایعی كوردستان)دا ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/٢٦ بڵاوكرایەوە، لەپاش دوو مانگ (بە زارەكی!!) دیوانی سلێمانی ئاگاداركرایەوە كە كار بەو یاسا نوێیە نەكرێت، چونكە هەر دوو وەزارەتی دارایی یەكیان نەگرتۆتەوە، ئەم بیانووە زۆر لاوازو نالۆجیكە، بەپێی ئەم بۆچوونە بێت هەردوو دیوانی چاودێریی دارایی لەسەر بۆش و بەبێ یاسا كاردەكەن، چونكە یاسای كۆنیش لەكاتی دوو (وەزارەتی داراییدا) خراوەتە ئیش، ئەی بۆچی لە ساڵی ١٩٩٩ وە هەتا ساڵی ٢٠٠٨ هەردوو لا كاریان پێكردووە؟ یان كە ئەمەیاندەزانی نەدەبوو لە (وقائیعی كوردستان)دا بڵاویبكەنەوە دەبوو كاك جەلال سام ئاغا باسی ئەم سەرگەردانی یاساییەی بكردایە، بەڕاستی ئەم دەزگایە زۆریش

دڵسۆزن كە بەبێ یاسایەكی دیاریكراو ئەو هەموو كارانەیان كردووە.

لەم بارەیەوە ڕێكخراوی (ئەمریكی بۆ كورد – ئاسك)یش لە ڕاپۆرتێكدا دەڵێت: (زۆرێك لە بەڵێنەكانی حكومەت هەر قسەبوون و نەكراون بە كردار، وەك (بە نموونە ): نەخستنە كاری (یاسای چاودێری دارایی)، ئەم یاسا تازەیە زۆر پیشكەوتوترو گشتگیرترە لە یاسا كۆنەكە، لەو باوەڕەدام بوونی چەند مادەیەك لە یاسا تازەكەدا بۆتە هۆی كارپێنەكردنی، لەمەودوا ئاماژە بۆ ئەو مادانە دەكەم.

٢) كاك جەلال لە نوسینەكەیدا دەڵێت: ﴿ سیستمی كارەكانی دیوانی چاودێری دارایی نهێنیەو نابێت لەڕێگای ئەوانەوە ڕاپۆرتەكان بدرێن بە ڕۆژنامەو ڕاگەیاندنەكان ﴾.

بەندە هەموو سوچ و قوژبنێكی هەردوو یاساكەم پشكنی، دەقێكی تۆكمەی نە صەریح و نە شلۆقی تیانەبوو كە بڵێت كارەكانی دیوان نهێنین، دیارە ئەو (بەنهێنی كردنە) بە نوسراوێكی تایبەتی پەرلەمان بووە، بەڵام كاك جەلال سام ئاغا زۆر بوێرانەو دڵسۆزانە داوا لە پەرلەمان دەكات كە ڕاپۆرتەكانی چاودێریی دارایی تابۆی لەسەر هەڵگیرێ و ئەو ڕاپۆرتانەی (بەبینینیان سەرت سپی دەبێت، گەندەڵی تیایە هەر لە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەتا هەموو وەزارەتەكانی تری حكومی)، چیتر نهێنی نەبن و لە میدیاكاندا بەپێی گرنگیی و مەترسییان بڵاوبكرێنەوە، هیوادارین ئەم هەنگاوە دیوانی چاودێریی هەولێریش بگرێتەوە. بەڵام دیوان دەیتوانی ڕاپۆرتەكانی بۆ چەند ئاستێك پۆلێنبكات، وەك (بە نموونە):

أ- سەرپێچی فەرمانبەرە بچوكەكان، ئەمەیش لە ڕێگای لیژنەكانی ئینزیبات و لێكۆڵینەوە چارەسەربكرێن.

ب- سەرپێچییە ترسناكەكان كە كاربەدەستە گەورەكانی وەك وەزیرو بریكارو بەڕێوەبەری گشتی و ... كردوویانە، یاسای دیوانیش تا رادەیەك ئاسانكاریی كردووە بۆ باشتر ڕێكخستنی كارەكانی ناو دیوان.

* لە حكومەتە شلۆق و پڕ كێشەكەی عێراقداو بە حوكمی چاودێری دارایی و دەزگای نەزاهە چەندین وەزیرو ... دران بە دادگاو ماڵ و موڵكیان حجزكران، هەندێكیان رایانكرد بۆ دەرەوەی عێراق، گوایا كاربەدەستانی ئێمە هێندە خاوێن و پاكن و كوردستانی ئێمە بووە بە (مەلائكستان)؟! ئەی بۆچی هەتا ئێستا كەسێك نەدرا بە دادگا لەسەر ئەو (٢٥٣٠) راپۆرتەی چاودێری دارایی؟ لەكاتێكدا مادەی (١٦) برگەی (٦) لە یاسای تازەو مادەی (٩) برگەی (٦) لە یاسای كۆن ڕێگە ئەدەن بە دیوان كە كێشەی تاوانە داراییەكان بدرێن بە دادگاو دەسەڵاتی دادوەریی.

* چەندین ئەندام پەرلەمانی بەریتانیا لەسەر چەندین سەرپێچی دارایی سادەیش ناویان لە دەزگاكانی راگەیاندنا بلاوكرایەوە.

* سەرۆك وەزیرانی دەوڵەتێكی نزیك ناردیان بۆ بنكەیەكی پۆلیس بۆ لێكۆڵینەوە لەسەر ئەوەی كە گوایا واسیتەی كردووە بۆ خزمێكی كە قۆنتەراتێكی پێبدرێت، ئەمانەو سەدان نموونەی دی.

* بەڵام لەلای ئێمە (وەك نموونە): دەیان كەسی نا وەزیرو نا بریكارو نا... لە ژیانیاندا، كەچی بە پلەی وەزیرو بریكارو...

**خانەنشینكراون.**

**بێگومانم كاربەدەستان ئێستا دەڵێن ئێمەیش رای تۆمان پێباشە، بەڵام نەدرێن بە دەزگاكانی راگەیاندن!! منیش دەڵێم: گشت زانایانی بوارەكانی یاسا و سایكۆلۆجی و كۆمەڵناسی كۆكن لەسەر ئەوەی كە بوونی سزا لە كۆمەڵدا خەڵك دووردەخاتەوە لە تاوان و پێشێلكاریی یاساكان، بە مەرجێك رابەران و سەركردە سیاسییەكانیش عادل بن، دەنا خۆ صەدامیش سزای زۆر بوو، لەپاڵ سزادا پێویستە بەرنامەكانی لێبوردن و یاسا سەروەریی و پێكەوە ژیانیش لەكۆمەڵدا ببێت نەك هەر سزاو هەر سزا!!**

**٣) لە مادەی (٣)دا هاتووە كە دیوانی چاودێری دارایی بە پەرلەمانەوە دەبەسترێتەوە، ئایا دیوانی هەولێر هەرگیز ساڵانە یان چەند جارێك چەند راپۆرتێكی پڕ گەندەڵی وەزیرو بەرپرسە باڵاكانی حكومەتی هەرێمی ناردوە بۆ سەرۆكی پەرلەمان یان سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران یان سەرۆكی هەرێم و ئەگەر ناردوویەتی چ ئەنجامێكی بووە؟ لەكاتێكدا ئەم سێ مەرجەعە باڵاترین دەسەڵاتن و بەشێكی زۆر لە تەپوتۆزی گەندەڵی سەرشانی ئەوانیش دەگرێتەوە.**

**٤) ئەم پرسیارانە لە دیوانی هەولێرو وەزارەتی دارایی هەولێر دەكەم:**

**وەك لە سەرەتاوە باسمكرد پارتی و یەكێتی (٢٧) گرێبەستی نەوتیان ئەنجامداوەو (٧٥٠) ملیۆن دۆلاریان وەك شیرینی (كۆمیشن) وەرگرتووە، پرسیارەكان ئەمانەن:**

**أ- ئایا ئەو بڕە پارەیە هەردوو حزب وەك برا لەنێو خۆیاندا بەشیانكرد؟**

ب- یان ئیراد كراوە بۆ بودجەی گشتی هەریم و ئایا هەردوو وەزارەتی دارایی سلێمانی و هەولێر ئاگادارن؟

٥) مادەی یازدەهەم لە یاسای تازە دەڵێت: (دیوان مافی بینینی هەموو ئەو بەڵگەنامەو دۆسیەی مامەڵە ئاشكراو نهێنیانەی هەیە، جگە لەو بەڵگەنامانەی كە سەرۆكی هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆكی پەرلەمان بەدەریاندەكان (إستپنا و)، بەمەرجێك سەرۆكی دیوان ئاگاداربكرێت)، لێرەدا ئەم پرسیارە لە دیوانی هەولێرو سلێمانیە:

أ- ئایا مافی بینینی ئەو بەڵگەنامانە تەنها بە سەرۆكی دیوانی هەولێر دراوە یان سلێمانیش یان بە كەسیان؟

ب- ئایا سەرۆكی دیوانی هەولێرو سلێمانی كەسیان ئەو بەڵگەنامانەیان دیوە؟ ئا لێرەدا بەروونی دیارە: ئەم مادەیەو چەند مادەیەكی وەك ئەمە بۆتە هۆی كارپێنەكردن و تەجمیدكردنی یاسای تازە.

٦) مادەی (١٢) برگەی (٢) دەڵێت: پێویستە دەزگاكانی هەرێم هەموو گرێبەست و بەیاننامەی قەرزو بەخششەكانی كە چنگی دەكەون لە ماوەی مانگێكدا بۆ دیوانی بنێرن بە مەبەستی بەدواداچوون و تێبینی پێویست لەبارەیانەوە.

ئەم پرسیارانە بۆ هەر دوو دیوانی چاودێریی سلێمانی و هەولێرە:

أ- ئایا ئەو گرێبەست و ...... نێردراون بۆیان؟

ب- ئایا ئەو گرێبەستانە تا چ ڕادەیەك یاسایی بوون؟

ج- ئەگەر نێردراون، چ بەدواداچوونێكیان بۆ كراوە؟

ئەم مادەیەش بە بڕوای من هۆیەکە بۆ کارپێنەکردنی یاسای تازەو تەجمیدکردنی.

٧) سەرچاوەیەکی زۆر باوەڕپێکراوو شارەزا کە نەیویست ناوی ببرێت دووپاتیکردەوە کە) کۆمپانیاکانی حزبو چەندین کۆمپانیای دی بە فەرمانی جێگری سەرۆك وەزیرانو باڵاتریشو زۆرجاریش بە (پسوڵەیەك) لە باجی دەرامەت بەخشراون، بەڵام وەك ئاگاداربم دیوانی چاودێریی سلێمانی سوورن لەسەر ئەوەی کەئەو (بەخشینانە) زوڵمن لە حکومەتو سامانی گشتی دەکرێتو ئەوان لە کاری وردبینیو بەدواداچوونی خۆیان بەردەوامن. ئایا دیوانی چاودێریی هەولێریش بواری باجی دەرامەتی کۆمپانیاکان دەپشکنن...؟ ئایا ئەوانیش بەهەمان شێوە فەرمانیان پێدراوەبۆ بەخشین؟ خۆ ئەگەر وانییە دەبا بوێرانە بۆ هاووڵاتیانی ڕوونبکەنەوە، لەکاتێکدا سەرۆك وەزیرانی وڵاتێکی سۆشیال دیموکرات لە میدیاکاندا بە توندی ڕەخنەی ئەوەی لێدەگرن کە (١٠٠) سەد دۆلاری داهاتی خۆی لە باجدان شاردۆتەوە.

٨) لە کۆتاییدا ڕووداوێکی جەرگو دڵتاوێن دێنمەوە یادی خوێنەرانی ئازیز: مامۆستا گۆرانی نەمر لە ساڵی ١٩٥١ دا ئەمین سندوق بووە لە فەرمانگەیەکی هەولێر، لەناکاو دەستەی وردبینی لە بەغداوە دێنو قاسەکەی دەپشکنن، بڕێکی زۆر کەم پارەی کورتدەهێنێت، هەرچەندە مامۆستای شەهید شاکر فەتاحو چەند هاوڕێیەکی گۆران پارەکە دەبەن بۆ فەرمانگەکە، بەڵام سوودی نابێتو بە (٢) ساڵ زیندانی حوکمی ئەدەن.

مامۆستا گۆران! گۆڕ هەڵتەکێنەو سەردانی کوردستانەکەت بکە، ببینە چۆن نوقمە لە گەندەڵیدا، بە لێشاو پارەی گەل

لووشئەدرێو نایشبێت ناوی دزەكـان بدرێن بە میدیاكان لە ترسی ناو زڕان لە كۆمەڵدا، یاسایش بە (بانێكەو سەد هەوا) یان بە هیچ هەوا جێبەجێدەكرێت.

* لە ڕۆژنامەی هاووڵاتیدا بڵاوكراوەتەوە

خوێندنەوەی نامەیەكی ماستەر

# كوردو مافی چارەی خۆنووسین لە پاش جەنگی یەكەمی جیهانی ( * )




نووسینی / روبین متشل اوشروود

زانكۆی ویلایەتی جۆرجیا – ئەمریكا – ساڵی ٢٠٠٥

وەرگێڕانی بۆ عەرەبی / احمد سورمیری

پیاچوونەوەی / د. فؤاد حمه خورشید

دار الثقافة والنشر الكوردية – بغداد – ٢٠٠٨

ئەم كتێبە نامەیەكی ماستەرە، زۆر بەدرێژی باسی مافی چارەی خۆنووسینی كردووە، (ویلسن)ی سەرۆكی ئەمریكا لە ساڵی (١٩١٩) لە كۆنگرەی ئاشتی پاریس ئامادەبووە، گەلانی ستەملێكراوی وەك كورد ئومێدیان بوو لەم كۆنگرەیەدا مافی سەربەخۆیی وەربگرن، دەوڵەتە زلهێزەكانی ئەوكاتە (بەریتانیا – فەرەنسا – ئیتالیا – ئەمریكا) چارەنووسی گەلانیان بەدەست بوو، گەلی كورد لەو رۆژگارەداو لەرێگەی ئەو كۆنگرەیەوە تێدەكۆشا، بۆیە ژەنراڵ شەریف پاشای وەك نوێنەری خۆی نارد بۆ ئەو كۆنگرەیە.

هەرچەندە كۆنگرە بڕیاریدا بە مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی كورد بەپێی پەیماننامەی سیڤەر لە ١٩٢٠/٨/١٠، وە نەخشەیەكی بۆ ئەو دەوڵەتە كێشا بەپێی مادەكانی (٦٢، ٦٣، ٦٤)ی ئەو پەیماننامەیە، بەڵام هەڵوێستی سەربازیو سیاسی

وڵاتانی (دەوروبەری كوردستان) گۆڕان، پاشان دەوڵەتانی هاوپەیمانیش پەیماننامەی سیڤەریان گۆڕی بە پەیماننامەی (لۆزان) ١٩٢٣/٧/٢٤ و مافی كوردیان پێشێلكرد.

ئەم كتێبە زۆر بە درێژیو زانستیانە ئەو قۆناغە هەستیارەی مێژوی كورد باسدەكات، باسی ستەمكاریی دەوڵەتانی زلهێزی ئەو ڕۆژگارە (بگرە ئێستایش - ح) دەخاتە ڕوو، هەروەها لە چەندین بێ ئەزموونیو هەڵەی سیاسەتكارانو خەباتكارانی ئەو ڕۆژگارەیش تێدەگەین.

نووسەری ئەم كتێبە پێماندەڵێت: ﴿ دەوڵەتانی زلهێز بەرژەوەندی سیاسیو ئابوری یەكەم ئامانجو مەبەستیانە ﴾.

منیش لەم عەرزەدا تەنیا ئەو شتانە بە كورتی باسدەكەم كە پەیوەندیان بە كوردەوە هەیە، كتێبەكە سەرچاوەی زۆرەو گشتیان ئینگلیزیو ئەوروپین، زۆربەیان ڕاپۆرتی دیپلۆماتكارانو مێژوونوسانو ڕۆژنامەنووسانن.

بە ڕاو بۆچوونی (ویسلن)ی سەرۆكی ئەمریكای ئەو سەردەمە:

(مافی چارەی خۆنوسین) دەستوری جیهانی پاش جەنگ دەبێت، چونكە لەپاش جەنگ ئیمپراتۆریەتەكانی (نەمسا - مەجەر - روسیاو عوسمانی) لەناوچوون، گەلانی جیهانی پێكڕا بەتاسەوە چاوەنۆڕی دوارۆژی سیاسی خۆیان بوون.

جەنگی یەكەمی جیهانی ئەم ئاسەوارانەی جێهێشت:

١) دروستبوونی كۆمەڵەی گەلان (عصبە الامم)، كە بووە یەكەم ڕێكخراوی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی ئاشتیو چارەكردنی

ناكۆكی و كێشەكان.

٢) دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوە، كە لە ئەنجامی نەمانی ئیمپراتۆریەتی وەك: عوسمانی، مەجەری، سۆڤێتی و نەمسا دروستبوون، ئەمەیش بەهۆی (مافی چارەی خۆنووسین) بوو، لەم ڕۆژگارەیشدا ئەم پرسە یەكێكە لە یاساكانی UN . ((كوردیش بۆی هەیە ئەم پرسە بكاتە بەڵگەو داوای مافی خۆی بكات – ح)).

٣) دەوڵەتە زلهێزەكان ئەنجامەكانی جەنگیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان قۆزتەوە، بڕیارەكانی كۆمەڵەی گەلانیان (عصبە الامم) جێبەجێكرد، هەژموون و هێزی خۆیان بەسەر گەلاندا سەپاند، واتە بەسەر گەلانی دواكەوتووی ناشارستانی (غیر متحضر)، بەریتانیا – فەرەنسا – ئیتالیا و ئەمریكا زلهێزی ئەو ڕۆژگارە بوون.

## بڕیارەكانی كۆنگرەی پاریس

ئەو دەوڵەتانەی كە لە كۆنگرەی ئاشتی لە پاریس بڕیاری دامەزراندنیان بۆ درا، هەتا ئێستایش لە ململانێ و كێشەدان لەگەڵ گرووپە ئاینی و نەتەوەیی و ...كاندا، تەواوبوونی جەنگی جیهانی یەكەم سەلماندی كە: كێشە هەرێمییەكان، بایەخی خاك و سامان و داهاتەكان، چەندە گرنگ و چەندە پڕهێزو بە هەژموونن و هەمیشەیش هۆیەكی سەرەكین بۆ ململانێ و جەنگ.

دەوڵەتە زلهێزەكانی (كۆنگرەی پاریس)، سەرپشكبوون، چ نەتەوەیەك دەكەن بە دەوڵەت و كێ بێبەشدەكەن، چەندین نەتەوەیان خستە ژێر دەسەڵاتی (انتداب) بە سەرپەرشتی دەوڵەتێكی بەهێز.

نوسەری ئەم كتێبە دەڵێت: گەلی كورد بە مەرجو میعیاری دەوڵەتە زلهێزەكان شیاوی ئۆتۆنۆمی بوون، بەڵام لەكۆتاییدا ئەم مافەیشیان پێنەدان.

(ویلسن)ی سەرۆكی ئەمریكا، پرۆژەیەكی (١٤) خاڵی هێنایە كۆنگرە، (٦) شەش خاڵیان لەبارەی مافی چارەی خۆنووسین – حق تقریر المصیر) بوو، ئەوەی لەم كتێبەدا گرنگی پێدراوە خاڵی (١٢)یە كە دەڵێت:

ئەو گەلانەی كە لەژێر ئیدارەی توركیا بوون (مەبەستی عوسمانی یە – ح ع) مافی ئۆتۆنۆمیان ببێت، هەر لە كۆنگرەدا گرنگی ئەدرا بە پرۆژەكەی (ویلسن)، بەڵام دەوڵەتە زلهێزەكانی كۆنگرە پرۆژەكەی (ویلسن)یان بە (خۆشخەیاڵی) دەزانی، بۆیە پەیماننامەی (فرسای)یان خستە بواری جێبەجێكردن.

نووسەری ئەم كتێبە ڕاستییەكی باوەڕپێكراوی ئەو ڕۆژگارە دەخاتە پێش چاو كە دەڵێت: دەبێت ئێستا ئەو ڕاستییە (باوو سەلماوە) بخرێتە پێشچاوی گەلان كە: (ڕەگەزی سپی بە سروشتكردو خۆڕسكی – فگری پێشكەوتوترو باڵاترە)، ئەم باوەرە: ڕەگەزپەرستییەو هەتا ڕادەیەكیش لە بۆچوونەكانی (ویلسن)دا ڕەنگی ئەدایەوە.

## مافی چارەی خۆنووسینو ئومێدێكی گەش بە دوارۆژ

(ڕۆبەرت لاتسنگ)ی وەزیری دەرەوەی (ویلسن) دەڵێت: (مافی چارەی خۆنووسین) بۆ زۆرێك لە گەلان هیوابەخشێكی فریودەر بوو، بەڕادەیەك ئاژاوەو ڕقو كینەو جەنگی لێكەوتەوە، بەڵام ئەم مەبدەئە لە دواڕۆژدا ئەو هیواو خواستانە دەبوژێنێتەوە كە

له‌ ڕۆژگاری خۆیدا نه‌ده‌کرا بێنه‌دی‌و ئه‌م ڕاستیه‌ش گه‌لی کورد ده‌گرێته‌وه‌.

له‌ چه‌ندین به‌شی ئه‌م کتێبه‌دا نوسه‌ر بێلایه‌نی‌و عیلمیه‌تی خۆی ده‌سه‌لمێنێت، به‌ باسکردنی چه‌ندین هه‌ڵوێست‌و بڕیاری سته‌مکارانه‌و نالۆجیکیانه‌ی زلهێزه‌کان، له‌ دابه‌شکردنی گه‌لانی جیهان‌و پراکتیزه‌کردنی (مافی چاره‌ی خۆنوسین)، له‌کاتێکدا ده‌وڵه‌تی عوسمانی دۆڕاوی جه‌نگ بوو، نه‌ده‌کرا له‌ کۆنگره‌ی پاریسدا گشت خواسته‌کانی وه‌ربگرن، نه‌ده‌کرا (مافی چاره‌ی خۆنوسین) به‌و گه‌لانه‌ بدرێت که‌ له‌ گه‌لانی ئه‌وروپا که‌مترن‌و ئاماده‌ش نین بوه‌ستن له‌سه‌ر پێی خۆیان.

(روبین)ی دانه‌ری ئه‌م کتێبه‌ ده‌ڵێت: (لا نیکه‌م له‌ نیوه‌ی سه‌ده‌ی بیسته‌مه‌وه‌ هه‌ست‌و سۆزی نه‌ته‌وایه‌تی هێنده‌ گه‌شه‌یکردووه‌، ناکۆکی خێڵایه‌تی زۆر به‌ ئاسته‌م ئاسه‌واری ماوه‌). (روبین)ی نوسه‌ری ئه‌م کتێبه‌ زۆر بوێرانه‌و بێباکانه‌ ده‌ڵێت: ﴿ گه‌وره‌ترین زیان له‌ کورد که‌وتووه‌و باسیش نه‌کراوه‌، ئه‌مه‌یه‌ که‌: زلهێزه‌کانی ئه‌و سه‌رده‌مه‌ خۆرسکانه‌و به‌ (فگره‌) باوه‌ڕیان وابوو که‌ کورد ((درنده‌و کێوین‌و ئه‌مه‌یش له‌گه‌ڵ دۆزی جیهانی تازه‌دا ناگونجێت))﴾، ئه‌م باوه‌ڕه‌ش له‌ ڕاپۆرته‌کانی هه‌واڵگریدا باسکراوه‌: گه‌لێکی ناشارستانیه‌و ئاماده‌گی تیانیه‌ ئۆتۆنۆمیشی پێبدرێت.

**چه‌ند هۆیه‌کی دی :**

* کورد له‌ کۆنگره‌ی ئاشتیدا، ته‌نها نوێنه‌رێکی هه‌بوو ئه‌ویش ژه‌نراڵ (شه‌ریف پاشای خه‌ندان) بوو، ئه‌میش نه‌یتوانی سه‌رنجی

ئامادەبووانی ڕابكێشێت، لەهەمان كاتیشدا ئەندامانی كۆنگرەش بە هەوەس و ئارەزووی خۆیان كاریاندەكرد، (شەریف پاشا زۆر بە دڵسۆزانەو بوێرانە كاریدەكرد – ح).

* شەریف پاشا لەگەڵ نوێنەری ئەرمەندا داوایەكی هاوبەشیان خستە بەردەم كۆنگرە.

* شەریف پاشا لەگەڵ داواكەیدا نەخشەیەكی پێشكەش بە كۆنگرە كرد، بەپێی ئەو نەخشەیە بەرژەوەندیو خواستەكانی ئەرمەنی بە هەند وەرگرتبوو.

* پاشان ئەندامێكی بەرزی (كۆمەڵێكی نەتەوەیی) كورد نەخشەیەكی دی نارد بۆ سەرۆكی كۆنگرە كە زۆر ناكۆك بوو لەگەڵ نەخشەكەی شەریف پاشا دا، ئەم جیاوازییەش بوو بەهۆی شێواندنی داواكەی شەریف پاشا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی كوردی، نەخشەكەی شەریف پاشا بۆ كوردستانی باكور بوو.

* كورد بۆ بەریتانییەكانی سەلماند كە بە سەرۆكایەتی شێخ مەحمود دەتوانێت بە سیستمی ئۆتۆنۆمی ئیدارەی خۆی بكات، بەڵام بەریتانییەكان ئەمەیان بۆ نەكردن.

* كە سەردانی ڕێبەری (دلیل) ئەو ڕۆژگارە دەكەین، دڵنیادەبین كە گشت بەدبەختییەكانی كورد دەگەڕێنەوە بۆ: (بەرژەوەندییە ئەنانیو سروشتی خۆبەگەورەزانی دەوڵەتە زلهێزەكان)، زلهێزەكانیش دڵنیانەبوون لە كوردەكان كە دەتوانن حوكمی خۆیان بكەن.

* نەبوونی ڕاپۆرتو لێكۆڵینەوەی دەوڵەمەندو دۆكۆمێنتی چڕوپڕ لەبارەی گەلی كوردەوە، گشت ڕاپۆرتەكان زانیارییان كەمو ئەنجامیان لاواز بوو، بگرە هەندێك لە ڕاپۆرتەكان زۆر دژی

كورد بوون‌و دەیانچواندن بە هیندیە سورەكانی ئەمریكا!!

نوسەری ئەم كتێبە بەردەوامە لە باسكردنی چەندین روداوی گرنگی ئەو رۆژگارە: توركەكان رێگەیان پێنەدرابوو شاندێك بنێرن بۆ كۆنگرەی ئاشتی لە پاریس، بەڵام بە زەبری چەك‌و هێرشی دوژمنكارییان‌و بە ڕابەری ئەتاتورك توانیان زلهێزەكانیش بێدەنگ بكەن.

زلهێزەكان لە ناوچەكەدا گرنگییان بە فەلەكان زۆرتر ئەدا، بەمجۆرە ستەمیان تەنیا ستەمی نەتەوەیی‌و رەگەزی نەبوو، بەڵكو ستەمی ئاینیشیان دەكردو ئاینی مەسیحیان بە باڵادەست دەزانی‌و ئەمەیش زۆر هەڵە بوو.

بەشێوەیەكی پڕ سەرچاوەی مێژوویی باسی كاروانی خەباتی رزگارخوازیی گەلی كورد ئەكات لە بیستەكانی سەدەی رابوردو هەتا ساڵانی (٩٠)ەكان لەپاش راپەرینی ساڵی ١٩٩١، ئێران‌و عێراق‌و توركیا بە پشتگیریی دیمەشق دژی كیانی ئۆتۆنۆمی بوون لە كوردستانی عێراقدا، (روبین) باسیدەكات كە لە ٩/٨/ ١٩٩٥ دا وەزیرانی دەرەوەی سێ وڵات لە تاران كۆبوونەوە، هەر سێ وڵات یەكڕابوون لەسەر: دژی دابەشكردنی عێراق‌و دژی چالاكییەكانی (پ.ك.ك)، (روبین) باسی ئەمەیش دەكات كە: دژی خواستی بەشێك لە كوردی عێراق تاڵەبانی‌و بارزانی داوای پرسی سەربەخۆیی كوردستان ناكەن‌و فیدراڵییان پێباشترە، بەڵام زۆرینەی عەرەبی عێراقیش فیدراڵی بە مەترسی دەزانن بۆ سەر خۆیان.

بە درێژیی باسی كێشەی كەركوكی كردووە، كورد سوورە لەسەر ئەوەی كەركوك بەشێكە لە كوردستان، توركمان‌و عەرەبی

ئەم شارەش دژی ئەم خواستەن‌و دەڵێن ئەگەر كورد سووربێت لەسەر داوای كەركوك، تورك‌و عەرەب كێشەكە گەورەتر دەكەن‌و دەبێت بە كێشەیەكی هەرێمیی (نزاع اقليمي)، لەمەیش ئاڵۆزتر: توركیاش ئەم شارە بە هی خۆی دەزانێت‌و داوایدەكات، ئەگەر سەرقاڵبوونی توركیا بە (پ.ك.ك) نەبایە، ئەوا كەركوكی داگیردەكرد، سوپای توركیا لە ساڵی ٢٠٠٥ دا ئامادەبوو كەركوك داگیربكات ئەگەر بخرێتە سەر هەرێمی كوردستان، هەرچەند توركیا ئەندامە لە ناتۆدا بەڵام كەركوكی پڕ لە نەوت دەهێنێت ئەو (موجازەفە)ی بۆ بكات، لێرەدا نوسەری ئەم كتێبە داوا لە ئەمریكا دەكات كە بە توندی كەركوك بپارێزێت لە مەترسی ناو عێراق‌و دەرەوەیش.

## گەشەكردنی مانای: مافی چارەی خۆنوسین

لە كۆتایی جەنگی یەكەمی جیهانی ئەم پرسە بناغەی دامەزراندنی گەلێك دەولەت بوو، ئەم پرسە لە سەرەتادا بۆ بەرژەوەندی ئەوروپا بوو كە جەنگ پارچە پارچەی كردبوو، بەڵام دواجار بوو بە یاسایەكی نێودەولەتی، هەرچەند (وێلسن)ی سەرۆكی ئەمریكا هەوڵیدا ئەم پرسە بخرێتە پەیمانی كۆمەڵەی گەلان (عصبه الامم)، بەڵام سەركەوتوو نەبوو، چونكە دەوڵەتەكانی ئەوروپا بەهۆی ئەم پرسەوە وڵاتەكانی ژێردەستیان (مستعمرات) ئازاد ئەبون، بۆیە ئەم پرسە وەك: تێگەیشتنێكی سیاسی بۆ جۆرێك لە پرسی ئۆتۆنۆمی مامەڵەیان لەگەڵ دەكرد، بەڵام لەپاشان گۆڕا بۆ پرسی سەربەخۆیی.

لە ساڵی (١٩٤٥) دا پرسی (حق تقرير المصير) بە فەرمی بوو

به (بەشێك له یاسای UN)و له دوو بڕگەی یاسای (UN) دا هاتووه:

بەندی (١) بڕگەی (٢): هەموو گەلێك مافی چارەی خۆنوسینی هەیەو مافی ئەوەی هەیە ئازادانە سیستمی سیاسی خۆی هەڵبژێرێت، باری ڕۆشنبیریی و ئابوریی و كۆمەڵایەتیی خۆی ئازادانە گەشەپێبكات، له كۆنگرەی (هیلسنكی - ١٩٧٥)دا دووبارە تەئكید لەسەر ئەو مافانە كرایەوە، بەم دوو بڕگەیەش وڵاتی داگیركراو (مستعمرة) سەربەخۆدەبێت.

## پەیدابوونی ئیشكال و چەند ڕاڤەیەك

پرسی (مافی چارەی خۆنوسین) له حاڵەتی بوونی خاكدا پراكتیزە دەكرێت نەك بۆ گشت گەلێك، كەواتە: ئەمە بۆ سەربەخۆبوونی وڵاتانی كۆلۆنیالە (مستعمرات) نەك بۆ هەموو گەلێك، ئەم ڕاڤەو (تەفسیر)ە، ئیحراجی دروستكرد، لەپرداو (فجأە) له ئەنجامی گرنگینەدان به مانای زاراوەی (گەلان): مانایەكی نوێ بۆ ئەم پرسە پەیدابوو: ئەو گەلانەی كە له چوارچێوەی دەوڵەتێكی سەربەخۆی خاوەن سیادەدا ئەژین ناتوانن داوای سەربەخۆیی بكەن، بەڵام ئەگەر گەلێك زەوییەكی دیاریكراوی ببێت و له چوارچێوەی یەكێتییەكی فیدراڵیدا بێت و به یاسایەكی ئەو دەوڵەتە دیاریكرابێت وەك: (ناوچەی ئۆتۆنۆمی له باكوری عێراق) لەم حاڵەتەداو به ڕەزامەندی دەوڵەتی ناوەند - مافی چارەی خۆنوسین ئەدرێت بەو گەلە.

بەم جۆرە كورد ئەتوانێت له عێراق جیاببێتەوە ئەگەر حكومەتی عێراق ڕەزامەندبێت، بەم هۆیەوە زۆر دەوڵەت له

ترسی جیابوونەوە سڵدەکەن مافی ئۆتۆنۆمی بدەن بە کەمینەی وڵاتەکەیان، (روبین) لە ئەنجامدا ڕای وایە:

تەنها ڕێگا بۆ وەرگرتنی (مافی چارەی خۆنوسین) ئەمەیە:

ئەگەر سیستمی سیاسی وڵات ببێت بە سیستمێکی نادیموکرات و نوێنەری خەڵك نەبێت، لەم کاتەدا دانیشتوانی کەمینەی ئەو وڵاتە دەتوانن بەپێی (مافی چارەی خۆنوسین) جیاببنەوە.

لە کۆتاییدا ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی زۆر بە نرخە بۆ تێگەیشتن لە: (مافی چارەی خۆنوسین)، چ بە مانای مێژوویی و چ بە مانای سەردەمی ئێستای عەولەمە، هیوادارم چالاکوانانی بواری سیاسەت و مێژوو سوودی لێوەربگرن، (روبین)ی نووسەر هێندە وردەکاریی سیاسەتی ئەو ڕۆژگارەو ئێستای باسکردووە – ناکرێت لە خوێندنەوەیەکی دا خرێنە پێش چاوی خوێنەران.ێبینی / ئەم کتێبە لەکاتی خۆیداو لە ڕۆژنامەی (الاتحاد)دا و بە عەرەبی خوێندنەوەم بۆ کردووە.

* لە ڕۆژنامەی هاووڵاتیدا بڵاوکراوەتەوە

لە کوردستانی نوێدا چەندین (دواستون)م بڵاوبۆتەوە، بەڵام من لێرەدا هەندێکان دەنووسم

# ﴿ مرۆڤایەتیتان زاخاوبدەن ﴾

(بۆرفێر)ی شاعیرو هەست ناسکی فەرەنسی، ماوەیەکی زۆر وایدەزانی کە وجودی نییە کە دەچووە بەردەم ئاوێنەش لە خۆی دەترسا، لەپاش تێرامان‌و بیرکردنەوە گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە تەنها لە بۆتەی ئازارو خۆخواردنەوەدا مرۆڤ هەست بە (بوون) دەکات‌و ژیان مانای دەبێت.

ئەم قەناعەتە بۆ دەیەها ڕووداوی ترسناك‌و پڕمەینەت ڕاپێچیکرد، لە هەموو ئەو ڕووداوانەدا دەنگێك لە قووڵایی دەروونیەوە پێیدەگوت: هێشتا هەر ماوتە، دەبێت بەردەام وێڵی سۆراخ بیت.. دەبێ لە ئازاردا لیپا ولیپ بیت، دەنا وجودت نییە، لە ئەلمانیا خۆی کرد بە جولەکەو بەندکراو ئازاردراو لە ڕوسیا خۆی کرد بە سیخوڕی ئینگلیز.

ئەم ئازاردانی جەستەو ڕۆحە تەنها (بۆرفێر) داینەهێناوە، ئەوەتا گشت قوتابخانەکانی سۆفیگەری، بەتایبەتی سۆفیگەری ئیسلامی، لە مێژەوە لەو بڕوایەدان کە ڕیازەت‌و ئازاردانی جەستەو دەروون، دووری لە خۆشخۆری‌و جوانپۆشی‌و ... ڕۆحی مرۆڤ لە چڵك‌و گەرد پاکتردەکەنەوە، مرۆڤ لە یەزدان باشتر نزیکدەبێتەوە.

ژیانی زۆربەی ڕابەرانی (مارکس)یش پڕبووە لە ئازارو مەینەتی، لەپاش چوونەسەر حوکمیش خۆیان لە ژیانی

فەنتازی ئەرستۆكراتیانە بەدوورگرتووە، (ماو)ی رابەری چین بۆئەوەی دەروونی پۆخڵەو چڵكن نەبێو بەردەوام هەست بە ئازارو برسیەتی جەماوەر بكات، بە لێزمەی باران لە شەوی تاریكو زریاندا ڕێگای بڕیوەو كارەكانی ئەنجامداوەو خۆی برسیكردووە، لەو كاتەیشدا كە سەركۆمار بووە ژیانی (ماو) یەكجار سادەو ساكاربووە. (غاندی) مەزنترین شۆڕەسواری ئەم بوارەیە.

ئێمەیش لە كوردستانی ئازارو مەینەتیدا هەقمان بەسەر دەوڵەمەندانەوە نییە كە چۆن دەژین، بەڵام هەقمانە روو لە گەورە بەرپرسان بكەین:

براینە تكایە هەفتانە سەردانی شەقامو بازارەكان بكەن، لەو هەموو پیرو مێردمنداڵو ئافرەتانە باش رامێنن كە چۆن لە برساو لە سەرماو گەرمادا رەشداگەڕاون، چۆن هەتا ئێوارە بە جگەرە فرۆشتنو بۆیاخچێتیو دەرۆزەكردن دەژین، بەچاوی خۆم دیومە كە مێردمنداڵی جگەرەفرۆش خێری بە ئافرەتو پیركردووە!!

بەو سەردانی بازارەتان زاخاوی هەستە پاكەكانی مرۆڤایەتیتان ئەدەنەوە، ئێوە پەیوەندن بە مێژوو میراتێكی پیرۆزی گەلەكەمان، ئەو میراتەش موڵكی حەڵاڵی هەموو كوردە، بۆیە هەقی خۆمانە پێتان بڵێین:

شوورەییەو عارو عەیبە لەبری گەشەپێكردنی ئەو میراتە ئێوە قێزەونی بكەن!

# ژنان‌و سمێڵبابڕان

پێش (١٦) مانگ و لە ئەنجامی دانوستانی نێوان فەلەستینییەكان‌و ئیسرائیلدا، بڕیاردرا دەیەها ژنانی تێكۆشەری فەلەستینی ناو زیندانەكانی ئیسرائیل ئازادبكرێن، لەو دەیەها ژنانە چەند ژنێك هەڵوێران‌و جیاكرانەوە، بەڵام ژنانی فەلەستینی نەریتێكی تازەیان لە مێژووی خەباتی نیشتمانیدا چەسپاند، وەك لە یادم بێت تازەترین نەریتی خەباتە.

ژنە زیندانییەكان بە دەسەڵاتی ئیسرائیلیان ڕاگەیاند: دەبێت كەسیان لێ جیانەكرێتەوەو گشتیان ئازادبكرێن.

من لێرەدا باسی ئەو سەدان ڕۆشنبیرەی جەزائر ناكەم، كە بەرامبەر ملهوری وەستان‌و داوای ئازادی بیروباوەڕیان دەكرد، باسی بێبەشكردنی ژنانی ئەفغانستانیش لە مافی خوێندن‌و كار ناكەم، من باسی ئەو هەزاران ژنە تێكۆشەرو بەشمەینەتانەی كوردستان دەكەم كە دەیان نەریت‌و كەلتوری سیاسیان لە بزاڤی كوردایەتیدا ڕواندو گەشەیان پێكرد، باسی ئەو هەموو دایكی شەهیدانەی سلێمانی دەكەم كە لە هاوینی ساڵی (١٩٩٤)داو بە پێ كەوتنە ڕێگا بەرەو هەولێر، لە پەرلەمانی كوردستاندا چەند ڕۆژێك مانیان گرت، داوایان لە سمێڵبابرانی كوردستان كرد، كە لە كەلی شەیتان دابەزن‌و چیتر كورد بە یەكتر نەدەن بە كوشت.

من ئەم نەریتە تازەیەی ژنانی كوردستان لە هەڵوێستی ژنانی فەلەستینی بە كەمتر نازانم. سەركردەكانی كورد دەبوو زەنگوڵ

زەنگوڵ ئارەقی شەرم بڕێژن، لە ئاست ئەو ڕێپێوانە شکۆمەندەی ژنان لە ساڵی (١٩٩٤) داٚ.

ئیسرائیل بۆ مەنتقی ئاشتیو داخوازی ژنانی فەلەستین چۆك دائەدا، بەڵام ئەمانەی لای خۆمان سمێڵ بائەدەنو دەڵێن: ئێمە وەك جوولەکە ترسنۆك نین.

# میرخاسان

زیرەكی بەهرەیەكی سروشتییەو لە هەندێك خێزاندا بە خەستی و لە هەندێكیشیاندا بە كاڵی دەردەكەوێت، لە بارودۆخی دژواری ئێستای كوردستاندا زۆرینەی ئەو بەهرەو سامانە بەنرخەی نەتەوەكەمان بەفیڕۆدەرواو ئەدرێت بەدەم ڕەشەبای بێ ئیشی و سەرگەردانی و نامۆبوون.

ئەنجامی وەرگرتنی خوێندكاران لە زانكۆكان تازە پەخشكرابوو، ئەوانەی منداڵیان لە زانكۆی هەولێر وەرگیرابوون ئاڵۆزو شپرزەبوون بەتایبەتی ئەوانەی هەژارو دەستكورتن.

دۆستێكی خۆشەویستم سەردانی كردمو بۆیگێڕامەوە كە مامۆستایەكی فرەخێزان ئەمساڵو پار دوو كوری لە كۆلێژی پزیشكی وەرگیراون، بەڵام هەژاریو نەداری پشتی شكاندووە، دەبێت پێیان نەخوێنێت.

منو دۆستەكەم یەكجار پێچووینو خەفەتمان خوارد، لەبەر خۆیشمەوە تەعلیقمداو گووتم: لە كوردستانی ئازادا زیرەكیی بووە بە نەگبەتیو موسیبەت بۆ مرۆڤی كورد، دوو ڕۆژی نەبرد هەواڵی چەند خوێندكارێكی دیكەم پێگەیشت كە ئەوانیش لەژێر زەبری هەژاریدا دەبێت زانكۆ ڕەتبكەنەوەو لەماڵەوە دەست بە ئەژنۆ هەڵتروشكێن.

ئەز لە مێژەوە زیاد لەپێویست بەرامبەر زۆرینەی مرۆڤ بە گشتیو دەوڵەمەندیی كۆمەڵگەی كوردەوارییی بە نیهادپاكانو خێرخوازان گەشبینو موتەفائیلم، خۆ پیرەمێردی نەمریش

فەرموویە:

شەوێك پیاوێ لە بەفر ما
نەمرد دی ئاگرێكی دێ
لەلای من نائومێدی كوفرە
ئەم ئاگری دڵەم بۆ كێ؟

لەم بۆچوونەوە خۆم پێنەگیراو بڕیارمدا سەر بە كۆشی چەند مێرخاسێكدا بكەم، بەو نیازەی لانیكەم چەند قوتابییەك ڕزگاربكەم، سەردانی چەند خێرخوازێكی شاری سلێمانیم كرد، ئەو بەڕێزانەی كە هانام بۆ بردن یەكجار مەردانە هاتنە پێش، بە ڕوویەكی گەش و زمانێكی شیرینەوە بەڵێنیان پێدام كە هەتا كۆتایی خوێندنی ساڵی (١٩٩٦ - ١٩٩٧) مانگانە مووچە بۆ (٥) پێنج خوێندكاری زانكۆ ببرنەوە، یەكێك لەو میرخاسانە كاغەزەمەنی و قەرتاسیەی بۆ هەندێكیان دابینكرد.

ئیدی ئەی ساماندارانو لێپرسراوان:

نەوەی نوێو پیاوانی دوارۆژی ئەم میللەتە لە جەرگەی قوتابیانو لاوانی ئێستاوە دەرسكێنو قاڵی ژیانی كۆمەڵگە دەبن، سەد حەیفو مەخابن لە ئێستاوە بشكێنەوە، ئەم نەوە خاوێنو بێگەردانە، كە زانیان خەڵكی دەوروبەریان، سەركردەو سیاسیان دڵرەقو چاوچنۆكنو تەنها بۆ خۆیانو خێزانیان دەژین، ئەوانیش لە پاشەڕۆژدا دڵرەقترو چاوچنۆكترو ...و... دەبن، بەڵێ لەوكاتەدا گوناهو ئۆباڵی دوارۆژیش لە ئەوكو گەردنی ئێوەن.

منیش هێندە بە دوارۆژی مرۆڤی كورد گەشبینو دڵخۆشم، دەڵێم:

نەدەبوو مامۆستا گۆران بیگووتایە:
ئەوەندەی ڕۆحی مەئیوسیو مەلوول تاریك ئەکا دونیا
ئەوەندەش نور لە ڕۆحی شادەوە ئەڕژێ بەسەر سەریا
چونکە روناکیو تاریکی، ئومێدو نائومێدی لە ژیاندا وەك یەك داناوە، بۆ هەردووکیان فەرموویە: (ئەوەندەی)، دەبوو بڵێت: (سەد هێندە نوور...)

# سەربەستانە ئەدوێم

لە سەروتارێكی ڕۆژنامەی كوردستانی نوێدا هاتووە:

(دەبێ بپرسین داخۆ هێزێكی یا دەسەلاتێكی دیكە لە پشت هەردوو هێزە سەرەكیەكەو پەرلەمانو حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە هەیە كە بڕیارەكان بەتاڵبكەنەوە؟)

منیش دەڵێم بەڵێ هەیە، چونكە دڵنیام كە مشەخۆرانو بیرۆكراتان فریوی حزبەكانیان وادەدەن كە (بە نموونە) مەترسیی لەسەر یەكێتی تەنها پارتیەو لەسەر پارتیش تەنها یەكێتییە!!

لەكاتێكدا گشت یاساكانی گۆڕانی كۆمەڵو سروشت دەیسەلمێنن كە زۆربەی مەترسی كوشندەو توخمی دارزانو هەڵوەشان لەناو خودی حزبەكانەوە چەكەرە دەكەنو دەبنە (شێرپەنجە)ی نێو جەستەیان، ئەو تاكو توێژانە بۆ بەرژەوەندی تایبەتیان دەبنە مۆرانەو بەرنامەی نیشتمانی حزبەكان سەقەت دەكەن. من لێرەدا باسی سیخورانی چوار ئقلیمو زیاتریش ناكەم كە ئەوانیش لە سەنگەری مشەخۆراندا خۆیان مەلاسداوەو بەرنامەكانیان خستۆتەكار، ئەو حزبەش دەیەوێ بژیو خزمەتی گەلەكەی بكات، پێویستە بەردەوام بژارو نوێسازیو رەخنەسازیی نێو خۆی بكات.

محمد حسنین هەیكەل دەڵێ: شای ئێران وایدەزانی كە مەترسی كوشندە لەسەر ڕژێمەكەی تەنها كۆمۆنیستەكانە!! وە خۆشییەكانی نێو ئێرانو حزبەكەی خۆیشی پشتگوێ خستبوو.

بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەم ئەم سەرگوزەشتەتان بۆ

دەگێڕمەوە:

لە سالانی شەستەکاندا ئیمتیازی دەرکردنی ڕۆژنامەیەك ڕۆژنامەی (نور) بە عەرەبی درا بە پارێزەرێکی کورد کە ناوی (کەمال محی الدین)بوو، ئەو مۆڵەتە لە ترۆپکی دەسەلاتەوە کە سەرۆك کۆمار بوو هەتا وەزیری ناوخۆو دەزگا جاسوسییەکان ئیمزایان بۆ کردبوو.

خاوەن ئیمتیاز (پارێزەر ك. م) ئوتێلێکی بەکرێگرت و بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەکەی خۆی سازکرد، لە دەرگای ئوتێلەکەدا چەند چەکدارێکی نارەسمی بە خاوەن ئیمتیازیان ڕاگەیاند کە مۆڵەتی ڕۆژنامەکە (موافەقاتی ئوسوولی) بۆ وەرنەگیراوە!!

گوایا چ دەسەلاتێکی دیکە بالادەستترە؟ خاوەن ئیمتیاز بە گشت ئەو شوێنانەدا ڕۆیشتەوە کە ئیمزایان بۆ کردبوو، کەسیان پەشیمان نەبوون، چ دەروون ڕەش و دوژمنێکی کوردە کە ڕۆژنامەیەکی پێ شیاوو ڕجوا نابینێت؟!

تەنها بارەگای حزبی بەعس لە کەرخ مابوو، خۆی گەیاندە ئەوێش، لێپرسراوی بارەگاکە لە بارەی پەیرەوی گشتی ڕۆژنامەکەوە چەند پرسیارێکی لێکرد، لە ئەنجامدا کابرای بەعسی بە خاوەن ئیمتیازی ڕاگەیاند:

(پێدەچێت لێتان شێوابێت، بڕۆنەوە بۆ ئوتێلەکەو کەس دژتان نییە)، کەس لەو چەقۆکێش و (بەڵتەجی) یانە لەوێ نەمابوون، ئەو هەناو ڕەش و دەروون بۆگەنە کێ بوو؟

وەك خاوەن مۆڵەت باسیکردووە، سەدامی کوردکوژ بوو، بەمجۆرە سەدام و سەدامییەکان بوون بە توخمی دارزان و هەڵوەشانی خودی بەعس، گەلانی عێراق و ناوچەکەشیان بەم

دەردەبرد!! هەناورەشی نێو حزبەكانی كوردستانیش سەدام ئاسا خۆیان مەڵاسداوەو ئاشی بەرژەوەندییان بە خوێن دەگەڕێت، (مەحوی) شاعیریش فەرموویە:

بەرد ئەگەر سەر نەشكێنێ بە چ روو رەنگیان كا؟

كە لە پێ هەڵچەقی ئەوسا روخی گڵناریە خار

## ﴿ هانا بۆ ( طلال ) ەكانی كوردستان ﴾

لە شەوی ١٠/١١-٢-١٩٩٨ دا رادیۆكانی جیهان ئەم هەواڵەیان پەخشكرد:

سامانداریكی سعودی (طلال)، سەردانی ناوچە ئۆتۆنۆمییەكەی فەلەستینی كرد و سەخییانە رایگەیاند كە سەدان ملیۆن دۆلار دەخاتە پرۆژەی دروستكردنی (٣٠٠٠) سێ هەزار شوقەو ئاپارتمان بۆ (٣٠٠٠) سێ هەزار خێزانی فەلەستینی، فرۆكەیەكی نەفەرهەڵگری (بۆینگ)یشی كرد بە سەوقات (هدیە) بۆ كۆمپانیای گواستنەوەی فەلەستین.

منیش لە بڕوای نەپساوەم بە خەڵكانی مشوورخۆری گەلەكەم، ئەم باسەتان بە كورتی عەرزدەكەم، بەهیوای ئەوە كە سامانداران و كاربەدەستانی حكومەتی هەرێم عیبرەتی لێوەربگرن.

لە گشت وڵاتانی ئەم جیهانە بەرینەدا بەرنامەی كۆمپیوتەر بووە بە بەشێكی گرنگ لە پرۆگرام و مەنهەجی خوێندن، تەنانەت لە قوتابخانە سەرەتاییەكانیشدا، ئەوەتا كەلەژنێكی دڵسۆزو بە ئەمەكی ئەم كوردستانە چەند ناوەندێكی وەك مەڵبەندی (ریعایە عیلمی) و (خاك)ی سازداوە نەك تەنها بۆ كۆمپیوتەر، بەڵكو بۆ فێربوونی چەندین هونەری باوی ئەم رۆژگارە، چەندین خولی بۆ لاوانی بێ ئیش و مامۆستایان بەخۆرایی سازكردووە.

زۆر بە داخ و كەسەرەوە هەتا ئێستا هۆڵێك، ژوورێك، بستێك زەوی لە قوتابخانەیەكی سلێمانی و كەركوكدا نییە كۆمپیوتەری

تیابخوێنرێت، لەكاتێكدا لە گشت پارێزگایەكی لای ڕژێمدا چەندین هـۆڵی فێركـردنـی كۆمپیوتەر لـە چەندین ئامادەیی و سانەویدا دامەزراوە.

خوێندكارە ئازیزەكانی كوردستان.. كادێرو هونەرمەندان و پیاوانی دوارۆژی ئەم گەلە بە ئامێری (٤٠) ساڵ لەمەوپێش بە كتێبە شڕەی چەند ساڵە دەخوێنن و فێری زانستە جۆراوجۆرەكان دەبن.

من لێرەدا هانا بۆ ساماندارانی ژیرو خێرخواز دەبەم، دەبا ئەو جوامێرانە، ڕچەو سەردەق بۆ وەزارەتی پەروەردەو كاربەدەستان بشكێنن: بە چەند كەسێكیان یەك – تەنها یەك – هۆڵی كۆمپیوتەر لە یەك خوێندنگەی ئامادەیی دامەزرێنن، بۆ مێژووی كورد ئیسپاتی بكەن كە ئێمەیش لەم كوردستانەدا (طلال)مان زۆرەو

(له کەم کەم‌و لە زۆر زۆر).

## ئەنفالچیانی کتێب

دەڵێن جووەکان لە ئەوروپا، کە نامیلکەیەك یان وتارێك بە خراپی باسیدەکردن، زۆرترین ژمارەیان لێدەکری‌و دەیانسوتاند، ئەو (دەڵێن)ە ڕاست بێ یان درۆ، بناغەو ڕەگێکی هەیەو بۆ کوردستانیش دزەیکردووە، لە ڕابردووی نزیکی کوردستاندا وێرای دووجار سوتاندنی کتێبخانەی شاعیری مەزن (مەولەوی)ی، پێبزانم کاری لەو جۆرە ڕوویندەداوە.

ئەڵمانەکان چەند ڕووداوێك بە ڕەشترین پەڵەی مێژوویی خۆیان دەزانن، بە باسکردنی شەرمدەکەن‌و تەریقدەبنەوە، ژێرەکانیان لە بۆنەی ساڵانەدا فرمێسکی شەرمەزاری بۆ (هۆلۆکۆست)و فرنە گازییەکانی جوولەکەو بۆ سووتاندنی بەکۆمەڵی کتێبە دژ بە نازییەکان (شایتەر هاوفن) هەڵدەرێژن.

ئێمەی کورد بەهۆی نەبوونی قەوارەی سیاسی‌و نکۆڵیکردن لە کەلتوو ڕۆشنبیریمان، سامانی کتێبمان یەکجار کەمەو لاوازە، زۆربەمان لە چەند (منع التجول)ێکدا دەیان کتێب‌و گۆڤاری بە نرخی سووتاوە، دەیان ڕۆڵەی ڕۆشنبیری ئەم گەلە بە بوونی کتێبێك یان وێنەیەك لە ماڵەکەی خۆیدا شەهیدکراون. ئەوانەی کتێبسووتاندن بە بەشێك لە ململانێی سیاسی‌و ئایدۆلۆژی دەزانن، دژی دیموکراتی‌و پێکەوەژیانن، ئەمڕۆ کتێبەو سبەی پاکتاوکردنی ناهاوبیران.

خودی خۆم هەرچەند لە جۆراوجۆر خەڵکیشم بیستبوو،

بەڵام لەو گوتانە بە گومان بووم، بەڵام یەكێك لە بەرپرسانی حزبێكی كوردستانی لە كۆڕێكی ئاساییدا بەبێ ئەوەی باسی ئەو كێشەیە بكەین بۆی گێڕاینەوە كە لە ڕێكخستنەكانەوە لەبارەی ئەنفالكردنی كتێب راپۆرتی پێگەیشتووە.

نازی سیفەتەكانی كوردستان لە (شایتەر هاوفن)ی نازییەكانو بگرە لە بەعسیانیش تاوانبارترن، چونكە ئەوان بە ئاشكراو بێ فریودانو قسەی لووس كتێبیان دەسوتاند یان بەعسیان دەیانگووت: (كتێبی ناو ئەم لیستە قەدەغەیە)، بەڵام ئەنفالچیانی كتێب لە كوردستان، بە نهێنیو بە بەرنامە ئەو تاوانە ئەنجامدەدەن، منیش بەو تاوانە دەڵێم (كوردسوتاندن).

ئەوانەی علاءالدین سجادی خاوەنی (٢١) كتێب، وەك (شۆڕشەكانی كورد)، (رشتەی مرواری)و ماوەی (١٠) دە ساڵ سەرنووسەری یەكەم (گۆڤاری گەلاوێژ) بە (رەوشت شێوێن) تێبگەن، داخۆ ئەو كەسانە لە ژیان چۆن تێگەیشتبن؟!

## ﴿ ڕەحمێك بە نەوەكانمان ﴾

لە (كوردستانی نوێ)ی ١٩٩٩/٧/١ دا، دوو هەواڵی تۆڵەسەندنەوەی تیابڵاوكراوتەوە، خوێندكارێكی پەیمانگەی تەكنیكی لە تۆڵەی ئەوەدا كە: باوكی یەكێكی كوشتووە، ئەمیش كوژرا (باوكەیش زرتو زیندووە!!)، یەكێكیتر لە تۆڵەی مامیدا یەكێكی كوشتووە.

گیانی تۆڵەسەندنو كارەساتەكانی، دەردێكی كوشندەن لە كۆمەڵگەی كوردەواریدا، ئەم میكرۆبە ژەهراوییە لە ناخی زۆربەماندا و هەریەك بە جۆرێكو بە ئاستێك تەنیوەتەوە، دوژمنانی كوردیش بۆ ئامانجە گڵاوەكانی خۆیان دەیقۆزنەوە، بەرنامەی جۆراوجۆری بۆ دائەڕێژن.

گشت بەرنامە ئایدۆلۆژیو ئاینیو مەزهەبییەكان بانگمان دەكەن كە سنگمان فراوان بێ* كارەساتە خوێناوییەكانی شۆڕشی كورد زۆرن، هەیانە دەبێت ئاماژەیان بۆ بكرێت، وەك ڕووداو هۆكانیو ئەنجامەكانی، پەیوەندییان بە نەخشەكانی دوژمن، لەمە زیاتر گەڕانەوە بۆ ئەو كەسانەی كوشتنیان ئەنجامداوە، دەچێتە خانەی (پەرەپێدانی گیانی تۆڵەسەندن) لە كوردستان.

* نوسەرانی یاداشتەكانو بیبلۆگرافیا مێژووییەكان دەبێت لە تایبەتمەندیو هەستیاری كۆمەڵگای كوردەواری ئاگاداربنو لە بەرنامەی دوژمنانی كورد شارەزابن، ڕاستە بابەتی (یاداشتنووسی) گرنگە بۆ زانستی مێژوو، تۆژەرانی سیاسیو

كۆمەڵایەتی و بگرە ئەدەبیش سوودی لێدەبینن، بەڵام ناوبردنی خەڵك لە ڕووداوە حەساسەكاندا زیانی یەكجار زۆرە.

* نەوەكانی دوارۆژی كورد پێویستە لە مێژووی كۆن و نوێیان شارەزابن، ئیتر بۆچی بەپاشەڕۆ دزێوەكانی تۆڵەو تۆڵەكاریی ژەهراوی بكرێن؟

# ﴿ نەدەبوو بێدەنگبن ﴾

كۆنفرانسی سەرانی دەوڵەتانی ئیسلامی لە تاران كۆتایی پێهات، بە گوتەی میدیا جیهانییەكان زیاتر لە (١٤٠) كێشەی جۆراوجۆری جیهانی ئیسلام خرایە بەر باس‌و لێكۆڵینەوە، ئەوانەی بە زەقیی باسكران: هاوكاریی نێوان توركیاو ئیسرائیل‌و هێرشی توركیاو سنوربەزاندنی بۆ ناو (باكوری!) عێراق‌و ریسواكردنی تیرۆرو پارچەنەكردنی عێراق بوو.

بە رای من درەوشاوەترین دوان ئەمانەبوون:

١- گوتەكانی (علی عزت دیگوفیچ)ە كە دەڵێت جیهانی ئیسلامی دەبێت دوژمنایەتی غەرب نەكات‌و هەوڵبدات كە بوارەكانی زانست‌و تەكنۆلۆجیاو رۆشنبیریی بە هاوكاریی غەرب گەشەبكەن.

٢- گوتەكانی (خاتەمی) سەرۆك كۆماری ئێران بوو كە داوای دایەلۆك‌و تفاعولی شەرستانییەكان دەكات.

هەرچەند ئەم كۆنفرانسە هی سەرانی دەوڵەتە، بۆچوون‌و بەرنامە سیاسییەكانی خۆیان لەو كۆنفرانسەدا رەنگئەداتەوە، بەڵام دەبوو حزبە ئیسلامییەكانی كوردستانیش كە بەشداربون، پێكرا یەك خیتاب‌و هەڵوێستیان تۆماربكردایە، لانیكەم دەبوو ئایەتی (انا خلقناكم من ذكر وانثی...)یان بكردایە بە بناغەی دیبلوماسیەتی ئیسلامیانەو بە كۆنفرانس‌و بە جەماوەری كوردستانیشیان بگوتایە:

ئێمەیش كێشەی (٤) چوار ملیۆن كوردی عێراق‌و بگرە هەموو

گەلی كوردمان هەیە كە بێبەشن لە مافی پێناسەی تایبەتی خۆیان‌و بگرە سیاسەتی قڕكردن‌و پاكتاوكردنیش دەربارەیان دەكرێت.

دەبو حزبە ئیسلامییەكانی ئێمەیش ئەم هەلە زێڕینە بقۆزنەوە بۆ جەماوەری گەلی كورد و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی بسەلمێنن كە ئەوانیش لە كوردستاندا هەوڵئەدەن كێشەی ڕەوای گەلەكەیان بگەیەننە هەموو كۆڕو دەزگایەكی جیهانی، ئەوانیش وەك حزبەكانی تری ساحەی كوردستان بە جیهانی ئیسلام بڵێن:

ئەو گەلەی پێش هەموو نەتەوەیەك جگە لە عارەب، ئیسلام بوو، ئێستا شەلاڵی فرمێسك‌و خوێنە، نیشتمانی پارچە پارچەیە، لە سادەترین مافی مرۆڤایەتی بێ بەشە، كەچی لەپێش هەموو كەسێكدا ئیسلامە غەیرە كوردەكان بەتایبەتی برای عارەبی چاوڕەشم مافی پێشێلدەكەن!!

# ﴿گارودی﴾ش ئەوە نەبوو

لە ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)ی ١٩٩٦/٣/٢٢ دا بابەتێك لەبارەی (بەئیسلامبوون)ی (گارودی) بڵاوكرایەوە، منیش بەنیازی ئاگاداربوونی خوێنەران، پوختەی ئەو نوسینەو بڕێك لە دیدو بۆچوونی دەخەمە پێش چاو، بەو هیوایەی موسڵمانە سافیلكەكان چاوبەستیان لێنەكرێ و ئاینی ئیسلامیش پێویستی نییە بەو جۆرە (بەئیسلامبوونە)، ڕۆژگارێك ئیسلام بەهاتنی (حەمزە)و (عومەری كوڕی خەتاب) بەرەو سەركەوتن چوو، بەڵام ئەو ڕۆژگارە لەچاو ئێستادا ئاسمان و ڕێسمانە!

بە ئازایەتی (عبدالرحمن راشد)ی سەرنوسەری گۆڤاری (المجلة)و دەستپێشخەری (مصطفى اليحياوي)، شانۆگەری (بەئیسلامبوونی) گارودی كۆتایی پێهێنا و دواپەردەی ئەو شانۆگەرییە كۆمیدییە بەرەو هەڵدێر داخزا.

گۆڤاری (المجلة) لەگەڵ (گارودی)یدا لە ژمارەی (ك١٩٩٦/٢) دا دیداریكرد، دەشێ ئەو دیدارە لە بواری سیاسی و ئایدۆلۆجیدا بە (سەبقێكی) ڕۆژنامەگەریی تۆماربكرێت، كارێكی لەم جۆرە لە ڕۆژنامەیەكی كارامە دەوەشێتەوە، كە شەیدایە بگاتە ڕاستی و ڕاستیش بگاتە جەماوەر.

ئێمە گارودی مەحكوم ناكەین و خۆی ئازادە بەئیسلام ببێ یان پەشیمان ببێتەوە، خەڵكیش پێویستی بە ئیسلامە نەك ئیسلام پێویستی بە خەڵك. بەڵام بۆچی كە یەكێك ڕودەكاتە ئیسلام، خۆمانی بۆ سەغڵەت دەكەین و زۆر بە پەرۆشەوە

پێشوازیی لێدەكەین، گشتمان دیمان كە ئیسلامە سیاسییەكانی كوردستان بۆ (گارودی) چییان كردو چییان گووت، تەنانەت وێنەی (گارودی)و (شادیە)ی میسری لە شارەكانی كوردستاندا هەڵدەواسران، كە تۆبەیان كردووە، گوایا گارودی ماركسیو مەسیحیی فەرەنسا لەگەڵ موسڵمانێكی گۆرانیبێژدا لە ئاستێكدانو هەردووكیان تۆبەیان كردووە!

ئێستاش سوپاسی گارودی دەكەین كە راشكاوانە دەڵێت: موسڵمان نەبووە، بەڵكو پێشوازیی لە ئیسلام كردووە، ئەوانەیش كە دەڵێن گارودی لە مەسیحییەتو ماركسییەت پاشگەزبۆتەوە، بەهەڵەداچوونو (واهم)ن، ئەوانەیش مەسەلەی گارودیان بە ئێمە فرۆشت گزیو چاوبەستیان لێكردین.

گارودی فەیلەسوفو سكرتێری پارتی كۆمۆنیستی فەرەنسایە، ئەوەتا بۆ گۆڤاری (المجله) ئەدویو ئەڵێت:

من پێشوازیم لە ئیسلام كردووە، بەڵام دەستبەرداری مەسیحییەتو ماركسیییەت نەبوگم، چۆن دەبێت مرۆڤ لە كاتێكدا مەسیحیو ماركسیو موسڵمان بێت؟ لە شوێنێكی تردا گارودی دەڵێت: من لەسەر ئاینی (ئیبراهیم)م، ئەمیش نە (مەسیحی) یەو نە (جولەكە)یەو نە (بووزی)یەو نە (ئیسلام)ە، كەواتە ئیبراهیم كێیەو گارودیش لەسەر چ ئاینێكە؟

ئیدی ئەی موسڵمانە دڵپاكو ساویلكەكانی كوردستان! گەلی كورد لە مافی ژیانو بیركردنەوەو خاك بێ بەشە، ئیتر گارودی ئیسلام بێت یان مەسیحی، چ برینێكی ئێمە سارێژو بگرە تیماردەكات؟!

# ساتێك لەگەڵ ( فەتحاوی )و ( حەمساوی )یەكانی كوردستان

**لە ڕۆژنامەی هاووڵاتیدا بڵاوكراوەتەوە**

سەركردەكانی كورد لەكاتی شەڕی قێزەون و چەپەڵی براكوژیدا خۆیان نەدەبینی، پەركەمی قین ودەسەڵات كاس و وریكردبوون، ئێستا لەپێش چاویان ئاوێنەیەكی باڵانوما دادەنێم بەو نیازەی دیمەنی ڕۆژگاری شەڕی براكوژی خۆیان لەم ئاوێنەیەدا ببینن، ناوی ئاوێنەكە (فەلەسفەتح)و (حەماسطین)ە.

ئەوان فەلەستینە داماوەكەیان كرد بە گۆمی خوێن و دوو ئیدارەی لاوازی بێدەسەڵات، كە نان و دەرمان و پێداویستی ژیانیان لەژێر دەستی دوژمندایە، دوژمنی فەلەستینییەكان چەك و جبەخانە نادات بە تەرەفێك دژی تەرەفێك، دوژمنەكەیان بە حەماس دەڵێت: لەبری فێربوونی هونەری دەسەڵات فێری كوشتن بویت، بە فەتحیش دەڵێت دوژمنێكی میانرەو، ئەوان گشت دەوڵەتانی عەرەب و ئیسلام یارمەتیان ئەدەن و هاوسۆزیانن، زۆرجاریش بازرگانی بە كێشەكەیانەوە دەكەن.

ئێمەش كوردستانە داماوەكەی باشورمان كرد بە دوو ئیدارەو چەند دەڤەرو كەپكێك، دوژمنە موسڵمانەكانی ئێمە عەماری چەكیان بۆ یەكتر كوشتن خستە سەر پشت و بگرە هەندێكیان خۆیشیان بەفرۆكەو دەبابە هاتنە ساحەكە، دوژمنەكانی ئێمە وێرای پشتگیری تەرەفێك دژی تەرەفێك، سنوری نان و دەرمان و ژیانیان لێداخستین.

دوژمنە غەیرە دینەكەی ئەوان بە تەرەفێك دەڵێت دوژمنی میانرەو بەوی تریش توندرەو، بەڵام دوژمنە موسڵمانەكانی ئێمە هەردوو تەرەفمان بە كافرو تیرۆریست و جوداخواز دەزانن.

برا سەركردەكانی یەكێتیو ئیسلامیو پارتیو ...!

ئێوە لە ساڵانی براكوژیدا سەرقاڵی هەڵدانەوەی گۆڕی شەهیدانو سرودی ئاگرین بوون، نەتان پەرژاوە دیمەنی خۆتان ببینن بەبێ رتوشو جوانكاریی ماستاوچیو مۆرانەی نێو حزبەكانتان. تكاتان لێدەكەم لە ئاوێنەی فەتحو حەماسەوە تێر لە خۆتان رامێنن، (فەتحاوی)و (حەمساوی)یەكان بەیتو باڵۆرەو جنێوو سوكایەتییان بە یەكتر كرد، ئێوەش گەیشتنە ئاستی جنێو بە ژنو خێزانی یەكتری.

من ئەم برینانە بۆیە خوێناویو مووسئاژن ئەكەم، بەشكم پەركەمی دەسەڵات بەرتان بداتو جارێكی تر سەنگەر لە یەكتر نەگرنو ئیدارە یەكگرتووە پڕ لە كەلێنەكانی خۆتان بەهێزتربكەن. داواتان لێدەكەم لە ئاوێنەكەی فەتحو حەماسدا لە خۆتان رامێنن، هیوادارم ئێوەش رۆژێك لە رۆژان لەپێش كەناڵەكانی راگەیاندندا داوای لێبوردن لە گەلی كورد بكەن، (ویلی براند)ی سەرۆكی پێشوی ئەڵمانیاش چووە پەرلەمانی پۆڵەندەو سوجدە ئاسا خۆی نەویكردو داوای لێبوردنی لە گەلی پۆڵۆنیا كرد، لەكاتێكدا (ویلی براند) تێكۆشەرێكی چەپی ئۆپۆزیسیۆن بووە دژی هیتلەرو چەند ساڵێك لە زینداندا بووە، نە لە دوورو نە لە نزیك لە تاوانەكانی هیتلەردا بەشدارینەكردبوو.

من ناڵێم بارودۆخی جیۆسیاسی ئێمە وەك فەلەستینییەكانە، بەڵام هەردوو حاڵەتەكە براكوژیو خۆكوژییە، هەردوو حاڵەتەكە كوشتنی گیانی لێبوردنو دایەلۆگو تا رادەیەكیش فیتی چواردەورمانی تێدابوو.

**** **** **** ****

# خراپترین سیستمی دیموكراسی لە باشترین سیستمی دیكتاتۆری باشترە

**لە ڕۆژنامەی هاوولاتیدا بڵاوكراوەتەوە بە ناوی خوازراو**

ئەگەر ئەم ڕستەیە هاوولاتییەكی سادەی تینوو بۆ ئازادی بیڵێت، زۆر ئاساییەو هەقی خۆشیەتی، بەڵام ئەگەر سەركردەیەكی قاڵی خەباتی شاخ و شار، خۆی و گەلەكەی ئازاردراو بە دەستی سیستمە دیموكراتە ساختەو تەزویرەكانەوە بیڵێت جێگەی رامان و پرسیارە، ئەگەر ئەو ڕستەیە بۆ ڕۆژنامەیەكی ناو كوردستان بوترایە هەرگیز نەیدەوروژاندم و بە سادەیی بە سەرما تێدەپەڕی، بەڵام سەركردەیەكی تێكۆشەری دێرینی وەك (مام جەلال) لە ڕۆژنامەیەكی بەربڵاوو پرخوێنەری وەك (حیاة)ی چاپی لەندەن بیڵێت جێگەی رامان و بگرە قسەی زۆریش هەڵدەگرێت.

ڕۆژنامەی (كوردستانی نوێ) لە ٢٠١٠/٥/٢١ دا دەقی چاوپێكەوتنێكی بەڕێز مام جەلالی بڵاوكردۆتەوە، لە مانشێتی یەكەمدا ئەو ڕستەیەی سەرەوە نوسراوە، بەڵام (غسان شربل) ئەو كەسەی كە چاوپێكەوتنەكەی ئەنجامداوە، لەو نوسینەدا هیچ گرنگییەكی بەو ڕستەیە نەداوەو بەمجۆرە باسیكردووە:

گوێم لێبوو باسی خراپترین دیموكراسیت كرد؟

بەڵێ خراپترین دیموكراسی... ئیدی تەنها وشەیەك لەبارەی ئەم ڕستەیەوە نەوتراوە، چ لەلایەن (مام)، چ لەلایەن (غسان)ەوە!

ئەم پشتگوێخستنەی (غسان) دەگەڕێتەوە بۆ دوو ئیحتیمال:
پرسیارەكانی تری لەلا گرنگتربووە، یان حەزینەكردووە كێشەكانی پەیوەند بە (دیموكراسی ساختەو موزەیەف) بوروژێنێت، چونكە زۆربەی سیستمە عەرەبییەكان دیموكراسی پووچەڵو ساختەن. ئەگەر بە وردیی بڕوانینە مێژووی نزیكی خوێناوی كورد لەپاش جەنگی جیهانی یەكەم، بۆمان ڕۆشندەبێت كە گشت سیستمە دوژمن بە كوردەكان: سیستمی بە ڕواڵەتو بە ئیدیعا دیموكراسی بوون، نوسەرانو بیرمەندان سەردەمانێك پێناسەی شتێكیان بە (ئەنتیەكەی) دەكرد: دیموكراسی (ئەنتی) دیكتاتۆریە، شیعر ئەنتی پەخشانە، بەڵام نووسەرە مۆدێرنەكانی ئەوروپاو لە شیكاریی (بونیادگەرەكاندا)و زۆرینەی نووسەرە پێشكەوتنخوازەكانی عەرەبدا بۆچوونێكی تازەیان لا گەڵاڵەبوبوو:
(ئەنتی) شیعر، پەخشان نییە، بەڵكو شیعری خراپو كرچو كاڵە، ئەنتی دیموكراسیش دیكتاتۆری نییە، بەڵكو دیموكراسی ساختەو رووكەشە، بەڵاو مەترسی دیموكراسی ساختە لەمەدایە:

أ) پرۆسەی كێشمەكێش (صراع)و خەباتی جەماوەر پەرتوبڵاوو شپرزەدەبێت، بەمەیش مەینەتیو ئازارەكانی درێژەدەكێشێت.

ب) كاروانی خەباتو شۆڕشی كۆمەڵایەتی ماوەیەكی زۆرتر چەواشەدەكرێتو لەباردەبرێت.

كەواتە هەرگیز (خراپترین سیستمی دیموكراسی ) باشترنییە لە (باشترین سیستمی دیكتاتۆری)و بگرە بە پێچەوانەوە سیستمی

دیکتاتۆری بێ ماکیاج‌و بێ دەمامك زۆر باشترە لە دیموکراسی ساختەو موزەوەر، با دوور نەڕۆین: سیستمە خوێنرێژەکەی سەدام هەڵبژاردنی پەرلەمانی دەکرد، هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی‌و ... و ... دەکرد، خۆیشی هەمیشە ڕێژەی ٩٩٪ ی دەنگەکانی دەهێنا، ئەوەو دەیان دەوڵەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست‌و ئەفریقا لەم جۆرە مۆدێلەیان هەیە، ئەم جۆرە سیستمانە زۆرجار کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش چەواشەدەکەن.

من لێرەدا بیرۆکەی (هەموو شتێك یان هیچ)م پێباش نییە، چونکە سیستم هەیە لە قۆناغی گواستنەوەدایەو ڕێگەی ڕاستی خۆیان گرتووە بەرەو دیموکراتی‌و ئەمانە بەدەرن لە بۆچوونی سەرەوە، پێشینانی کوردیش وتویانە: دوژمنی لەڕوو سەد جار باشترە لە دۆستی رووکەش‌و دوژمنی ژێربەژێر.

## برای تێکۆشەرو ڕۆشنبیری گەلەکەمان کاك نەوشیروان

سەربەرزیو ئاسوودەیی جەستەو دەروونت بۆ دەخوازم.

بەڕێزم...

ئەم پرۆژە پیرۆزەی جەنابت بەراستی جگە لە (گۆڕان)؛ سامشکێنو ترسرەوێنیشە، زۆر بە ئومێدم - لانیکەم - موعارەزەیەکی کارا دروستبکاتو پەرلەمانێکی فرەرەنگو چالاكو پڕ (نا) بێتە کایەوە، سیستەمو ژیانی خەڵك بگۆڕێت بە مەرجێك:

* ئەگەر کەمینەبوون، نەبن بە وەزیرو .... .

* ئەگەر زۆرینەیش بوون؛ ئەزموونی پۆخڵەی ساڵانی پێشووتان لە یاد بێت.

بەڕێزم...

لە دیداری TV جەنابتدا، زۆر بە (کەمبایەخی) باسی دێباجەی دەستوری کوردستانت کرد، بەنیازی باشتر ئاگاداربوونت لە دێباجەی دەستور، ئەم خاڵانەت وەبیردەهێنمەوە:

* بەرای گشت پسپۆڕانو یاساناسانی جیهان دێباجەی دەستور بەشێکە لە دەقی دەستور.

* دێباجەی دەستور، بریتییە لە (الاسباب الموجبە).

* دێباجەی دەستور بۆ گەلێکی چەوساوەی وەك ئێمە پێویستییەکی حەیاتییە، چونکە پوختەیەکی مێژووی نزیکی گەلەکەمان بە هەموو کارەساتو بێبەشی لە هەموو مافەکانی ژیان دەخاتە پێش چاو.

* ئەوەتە بەڕێز (نوری تاڵەبانی) لە وتارێكیدا لە ڕۆژنامەی (اتحاد) دا دێباجەیەكی پێشنیاركردووە بۆ دەستور لە ١١/١٥/ ٢٠٠٢ دا بڵاویكردەوە، ئیدی نازانم دێباجەی ئەم دەستورە (كەسنەدیوە)ی كوردستان هەمان دێباجەكەی تاڵەبانییە؟

لەگەڵ ئەم نامەیەدا دەقی دێباجەكەی نوری تاڵەبانیت بۆ دەنێرم، خۆشی و سەربەزیت بۆ دەخوازم.

**** **** **** ****

# ئاوایە عەشقی هونەر; ئاوایە عەشقی دەسەڵات!!

لەپاش (١٨) ساڵ هەڵبژاردنی كوردستانو قۆرخكردنی دەسەڵاتو سامان; گەردەلولی دیموكراتی لە جیهان دیسان پرۆسەی هەڵبژاردنی لە كوردستان سەپاندەوە، رەوتی سیاسی گۆڕانیش بوو بە سامشكێنو ترسڕەوێنی جەماوەری كوردستان.

ئەوانەی لە رووداوەكانی راپەڕینی (١٩٩١)دا ژیابن، ئێستا وا هەستدەكەن كە دیسان گەردەلوولو راپەڕینێكی نوێیە دژی كەمینەیەكی گەلەكەی خۆمان. لەدوای راپەڕینی (١٩٩١)و دیسان كردنەوەی زانكۆی سلێمانی; بەچاوی خۆم دیومە منداڵان لە ریزی (باربووكەران)ی زانكۆدا وەستابوونو دەغیلەی رۆژانەی خۆیان پێشكەش بە زانكۆ دەكرد. هەمان نەریت لە مانگی تەموزی ئەمساڵدا بۆ لیستی گۆڕان دووبارە كرایەوە: مێردمنداڵو پیرە بۆیاخچییەكانی بازاڕی سلێمانی بە كۆمەڵ سەردانی بارەگای سەرەكی لیستی گۆڕانیان كرد، داهاتی چەند رۆژێكی خۆیان پێشكەش بەو لیستە دەكرد، زۆر سووربوون لەسەر ئەوەی كە لێیان وەربگرن.

من رێزم هەیە بۆ لیستی كوردستانیو دەڵێم: براینە!

بروابكەن لیستی گۆڕان ئێوەیشی راپەراندو گەنجیكردنەوە، لەگەڵ كەلتورو زاراوە ئاگرینو شۆرشگێڕییەكانی رۆژانی راپەرین تارادەیەك ئاشنای كردنەوە، ئەم (١٨ ساڵە) زاراوە گەلێكی قێزەونی بازرگانیو سامانخوازیو پەركەمی دەسەڵات، زاڵبوون بەسەر مێشكو زمانو دەرونتانا، بەڵگەیشم بۆ ئەم گەنجبوونەوەیە ئەمەیە:

-١ لەكاتێكدا (شارل ازنافور)ی هونەرمەندی سترانبێژی فەرەنسی كە تەمەنی لە (٨٢) ساڵ زیاترە، لە میهرەجانێكی جیهانی لە (جەبەل لبنان) لە مانگی تەموزی ئەمساڵدا عەشقی هونەر وایلێدەكات (١,٣٠) یەك سەعاتو نیو گۆرانی ساڵانی پەنجاكانو شەستەكانی خۆی بچڕێتەوە، ئاوایە عەشقی هونەر!

-٢ ئەوەتا سەركردە سیاسییە بەتەمەنەكانی كوردیش عەشقی دەسەڵات گەنجیكردونەتەوە، ئەوەتا شار بە شارو ناوچە بە ناوچە لێدوانی ئاگرین بۆ لیستەكەیان ئەدەن، بە گەرمییش داوا لە جەماوەر دەكەن فلان هەڵبژێرن بۆ سەرۆكی هەرێم، ئاوایە عەشقی دەسەڵات!!

*لە رۆژنامەی هاووڵاتیدا بڵاوكراوەتەوە

## لەبارەی راپۆرتێكی ( ئاسك )ەوە

# دەستتا نخۆش، ئێمە بە ئومێدی زۆرترین ( * )

لە رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢١ دا (رۆژنامە) راپۆرتێكی (رێكخراوی ئەمریكی بۆ كورد – ئاسك) بڵاوكردەوە، كاری ئەم رێكخراوە چاودێری بەڵێنەكانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان‌و بەرنامەی كاری حكومەت دەكات، راپۆرتەكەش بەرێز (محمد صالح حمەلاو) نوسیویە (یان پێشكەشی كردووە یان وەریگێراوە؟)

ئەركی ئەم رێكخراوە زۆر پیرۆزەو جێگەی رێزوپێزانینە، چونكە دڵسۆزییە بۆ ئەزمونەكەی كوردستان، بەڵام ئەم راپۆرتە بێ كەموكورتی نییە، ئیدی نازانم ئەمە دەقی راپۆرتەكەیە یان پوختەكەیەتی؟

بەندە لەم نوسینەدا چەند پرسیارێك دەوروژێنم‌و دەیخەمە پێش چاوی خوێنەران‌و لێپرسراوانی ئەم رێكخراوە، هیوادارم سودیان ببێت.

١- راپۆرتەكە ئامادەبوونی (٢) بریكاری هەردوو وەزیری دارایی لە پەرلەمانداو بەشدارییان لە گفتوگۆكانی بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ دا وەك یاریدەرێكی هەردوو وەزیری دارایی، ئەمە بە دەرچوون دەزانێت لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان، بە رای من ئەم دوو بریكارە مافی دەنگدانیان نەبووە، بە رەزامەندی سەرۆكایەتی‌و ئەندامانی پەرلەمان بووە، خۆزگە پەرلەمان چەندینجار وەزیرەكانی كێشكردایە پەرلەمان‌و حساب‌و

كیتابی لەگەڵ بكردنایە، ئەوانیش تەكنۆكرات‌و شارەزایانی نێو وەزارەتەكانی خۆیان بهێنایە بۆ نێو پەرلەمان، بەمە ئەزموونی ئەندامانی پەرلەمانیش دەوڵەمەند دەبوو، ئەمە بە ڕای من كارێكی زۆر باش بووە.

٢- لە دوورو نزیك باسی ئەو هەڵە گەورەیەی پەرلەمانی نەكردووە كە لە ٢٠٠٩/٦/٤ دا ماوەی یاسایی خۆی تەواوكردووە، وە بە چ شەرعیەتێك دەستور لەپاش چەند دەستكارییەكی مادەكانی بەپەلە پروزە دەخاتە پرۆسەی دەنگدان؟

٣- لە راپۆرتەكەدا هاتووە كە ژمارەیەك پرۆژەیاسا خوێندنەوەی یەكەمیان بۆ كراوە لە پەرلەمان، پاشان رەوانەی حكومەت كراون بەڵام هەتا ئێستا نەگەڕاونەتەوە بۆ پەرلەمان.

رەخنەكەی (ئاسك) ئەمەیە كە بۆچی نەیان گێڕاونەتەوە، ئیدی ئەو پرۆژە یاسایانە بەسەردەچن، بەڵام راپۆرتەكە باسی ئەوە ناكات كە بۆچی ئەو پرۆژە یاسایانە بێنەوە بۆ پەرلەمان، ئەگەر پەرلەمانیش ئەو پرۆژە یاسایانەی تەواو نەكردووە بۆچی رەوانەی حكومەت كراون، لەكاتێكدا لە خودی پەرلەماندا چەندین لیژنەی پسپۆری یاسایی‌و ئابووریی‌و رۆشنبیریی هەیە، لێرەدا بە زەقی رۆشندەبێت چ پەرلەمان چ حكومەت چەندە خەمسارد‌و بێباك بوون بۆ كاروباریی وڵات‌و نیشتمان!!

٤- لە راپۆرتەكەدا هاتووە كە وڵاتانی كۆمەكبەخش بری (٢٠) بیست ملیار دۆلاریان خستۆتە سندوقی (IRFI) بۆ ئاوەدانكردنەوە‌و بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابوری عێراق، بەڵام لەو بیست ملیار دۆلارە تەنها (١) یەك ملیاری خەرجكراوە، من لێرەدا دەپرسم ئایا هەرێمی كوردستان (١) ملیاری خەرجكردووە

**یان هەموو عێراق (بە كوردستانیشەوە)؟ خۆ ئەگەر ئەو بیست ملیار دۆلارە تەنها بۆ هەرێم تەرخانكراوە (كە باوەڕناكەم) بە (٦) ساڵ حكومەتی هەرێم (١) ملیار دۆلاری لێ خەرج كردبێت زۆر كەمتەرخەم بووە.**

**٥-لە راپۆرتەكەی ئاسكدا هاتووە كە وەزارەتی مافی مرۆڤ چەندین كەموكوڕیی زۆر زەقی بووە، لەوانە موچەی فەرمانبەرانی بە دوو لیستی جیاواز سەرفدەكات، یەكێكیان هەولێرو ئەوی دیش سلێمانی، بەڵام باسی ئەوەی نەكردووە كە موچەی كامیان زۆرترە لەوی دی؟**

**٦- لە باسی كەموكورییەكانی حكومەتدا:**

**أ) زۆرێك لە بەڵێنەكانی حكومەت هەر قسەبوون و نەكراون بە كردار وەك بە (نموونە): یەكنەگرتنەوەی گشت وەزارەتەكان، یەكلایەنە بڕیاردان، نەخستنە كاری یاسای چاودێریی دارایی و....... .**

**ب) تەنها باسی وەزارەتەكانی مافی مرۆڤ و كارەبای كردووە، گوایا تۆ بێژی وەزارەتەكانی خوێندنی باڵا و پەروەردەو ژینگەو ناوخۆو سامانە سروشتییەكان و شارەوانی و دادو......بە بۆچونی (ئاسك) بێ خەوش و كەموكوڕیی بن؟**

**دەبوو (ئاسك) لانیكەم باسی هەندێ وەزارەتی وەك سامانە سروشتییەكان و گرێبەستە ناشەفاف و (ژێربەژێر)ەكان، یان وەزارەتی ناوخۆو رەوشی بەندیخانەكان و دەیان كەسی بێ سەرو شوێنكراوی شەڕی براكوژی و ...... بكردایە.**

**ج) لە باسی وەزارەتی پلاندانانا دەڵێت: (بە بەراورد لەگەڵ وەزارەتەكانی دیكەدا ئەم وەزارەتە لەڕوی پێكهاتەییەوە**

ڕێكخراوتره له وه‌زاره‌ته‌كانی دیكه‌.)

به‌ڕاستی پێم سه‌یره كه ڕێكخراوێكی هێنده شاره‌زا به‌مجۆره وه‌زاره‌تێكی زۆر گرنگی وه‌ك (پلاندانان) هه‌ڵسه‌نگێنێت، مه‌به‌ست له وشه‌ی (پێكهاته‌یی) چییه؟ ئایا وه‌زاره‌تی پلاندانان ڕۆڵی خۆی گێڕاوه له ئاماده‌كردن‌و پێدانی ئامارو زانیاریی‌و چۆنێتی داڕشتنی پلان بۆ وه‌زاره‌ته‌كان‌و ده‌یان ئه‌زمونی (پلاندانان)و كردنه‌وه‌ی خولی تایبه‌تی بۆ فه‌رمانبه‌رانی وه‌زاره‌ته‌كانی دیكه؟

٧- ڕاپۆرته‌كه باسی ئه‌وه ده‌كات كه سه‌رۆكایه‌تی په‌رله‌مان كه‌مته‌رخه‌م بووه له كێشه‌ی ئاماده‌نه‌بوونی ئه‌ندامانی په‌رله‌مان له (٣) جاری یه‌ك له‌دوای یه‌كدا به‌بێ عوزرێكی ڕه‌وا كه ده‌بێته هۆی له‌ده‌ستدانی ئه‌ندامێتی، به‌ڵام ده‌بوو ڕاپۆرته‌كه ئاماژه‌ی به‌وه بكردایه كه ئه‌ندامانی چ فراكسیونێك زۆرترین غیابی هه‌یه؟ هه‌رچه‌ند ئه‌م باسه به ڕای من هێنده گرنگ نییه له‌چاو ئه‌و كێشه‌و باسانه‌ی كه ئاماژه‌ی بۆ نه‌كردوون.

به‌ئومێدم ڕێكخراوی ئاسك سه‌ركه‌وتوبێت له كاره‌كانیدا، هه‌وڵبدات ڕۆحیه‌تی قێزه‌ونی حزبایه‌تی له ده‌زگاكانی حكومه‌تدا ئاشكراتربكات، هه‌وڵبدات (په‌رله‌مانی عێراق ئاسا) به‌رنامه‌یه‌كی ساڵانه ڕێكبخات بۆ ناردنی ئه‌ندامانی په‌رله‌مان بۆ چه‌ند وڵاتێكی پێشكه‌وتوو، ئه‌مه‌یش به نیازی فراوانكردن‌و گه‌شه‌كردنی ئاستی زانیارییان له‌باره‌ی كاری په‌رله‌مانی.

* له ڕۆژنامه‌ی هاووڵاتیدا بڵاوكراوه‌ته‌وه

## ئەگەر بەجدیتانە.. لە پەرلەمانی عێراقەوە ئەم ئەزموونە فێربن (*)

لەپاش راپەڕین، حزبەكانی دەسەڵات لە كوردستان بەربوونە داگیركردنی موڵكو زەوی دەوڵەت، دەڵاڵەكانی حزبەكان لە دائیرەكانی ئەملاكو كشتوكاڵو تاپۆو...بە سەدان موڵكی دەوڵەتو خەڵكیان كرد بە لیستو پێشكەش بە حزبەكانیان كرد، دیارە خزمەتی ئەم دەڵاڵانەش بە بەلاش نەبووە، ئەمانیش پشكیان لەو زەویو موڵكانە پێدراوە، یان پارەیەكی مۆڵیان وەرگرتووە، چونكە هەیانە پێش راپەڕین تەنها فەرمانبەرێك یان بەڕێوەبەرێكی سادە بوون، بەڵام ئێستا چەندین كۆمپانیاو تەلارو ...هەیە.

ئاشكرایە زەوی دەوڵەت هەیە لەناو شاردا، كە دەكرا جێگەی قوتابخانەو بنكەی تەندروستیو ...بێت، بەڵام بە نرخێكی زۆر كەمو بە دیناری سویسری خەملێنراو فرۆشرا بە كۆمپانیاكانی حزب، ئەوانیش بە نرخی زۆر خەیاڵی فرۆشتیان یا كردیان بە كۆشكو تەلار لەناو شارەكانی كوردستاندا، دەیانو سەدان موڵكی دەوڵەتو خەڵك لە زەویو بینا فرۆشران بە پیاوانی دەسەڵات، وە بەناوی خزمانو دەڵاڵەكانەوە تۆماركران.

لەپاش ١٧ ی شوباتو راپەڕینی جەماوەریی، كەشێكی باش رەخسا بۆ خەباتی مەدەنیانە، دەسەڵاتی كوردی ملیداو قایل بوو كە موڵكە گشتییەكان بگێڕنەوە بۆ دەوڵەت، بۆ ئەم مەبەستە

لیژنەیەك پێكهات‌و ماوەیەكە ئەو لیژنەیە دەستبەكارن، بەڵام لە ئەنجامدا سەرۆكی ئەو لیژنەیە رایگەیاند كە چەندین كۆسپی یاسایی ڕێگەنادەن ئەو موڵكانە رادەستی دەوڵەت بكرێنەوە، بەتایبەتی چەندین دەستیانكردووە.

من ڕێزم هەیە بۆ ئەو لیژنەیەو سەرۆكەكەی، بێگومانیشم بێجگە لە كۆسپە ئیداری‌و یاسایی‌و (تعلیمات)ەكان، كە ئەوانیش دروستكراوی دەسەڵاتن، سەدان هەرەشەیان لێكراوە.

ئەگەر دەسەڵات دڵسۆزانە سوورە لەسەر گێڕانەوەی ئەو موڵكانە، دەبا یاسایەك پێشنیازبكات بۆ گەڕانەوەی ئەو موڵكانە.

من لێرەدا جوانترین‌و بوێرترین دوو كارو ئەزموونی پەرلەمانی عێراق‌و حكومەتی عێراقتان بۆ باسدەكەم، كە دەكرێت حكومەت‌و پەرلەمانی كوردستانیش چاوی لێبكەن:

١) لە خولی شەشەمی پەرلەماندا ئەم هەواڵە دەگاتە لیژنەیەكی پەرلەمان: باشترین پارچە زەوی دەوڵەت لە كەربەلا لە ڕێگەی نوسینگەیەكی فرۆشتنی خانوو زەوی لە بەغدا (كرادە) فرۆشراوە، دیارە بۆچی هێنراوە بۆ نوسینگە لە بەغدا بەنیازی شاردنەوەی بووە لە خەڵكی كەربەلا. بە كارو دڵسۆزی ئەو لیژنەیەو پشتگیریی پەرلەمان، گشت ئەو عەقدو تۆماری تاپۆو ئیمزایانە پووچكرانەوەو موڵكەكەیش گەڕایەوە بۆ دەوڵەت، لەكاتێكدا چەند دەستیكی كردبوو.

٢) ئەزموونی گەڕاندنەوەی موڵكی فەیلییەكان لە بەغداو شارەكان كە زیاتر لە (٣٠) سی ساڵیان بەسەردا تێپەڕیبوو، ئەم ئەركەیش حكومەتی بەغداو پەرلەمان ئەنجامیاندا، موڵكی وا

هەبوو چەندین دەستیكردبوو، سەیرەو سەمەرە: حكومەتی ئێمە موڵكی خۆی ناگێڕێتەوە بۆ خۆی!!

حكومەتی كوردستانیش ئەگەر بیەوێت‌و بەجدی كار بۆ ئەم پرۆسەیە بكات ئەتوانێت بە چەند ڕێنمایی‌و تەعلیماتی ڕۆشن‌و تۆكمە گشت موڵك‌و زەوی گشتی رادەستی خۆی بكاتەوە، بەڵام پێویستە پەرلەمانی كوردستان بۆ ئەم پرۆسەیە یاسایەكی ڕۆشن دەربكات، كە قابیلی فرە ماناو فرە لێكدانەوەو تەفسیر نەبێت، دەنا مافیاكانی گەندەڵی لە سنورێكی تەسك‌و لە چەند موڵكێكی هەرزان‌و كەمبایەخدا ئەم بڕیارە كاڵدەكەن‌و بگرە لە باریشی دەبەن، بەمەیش خەڵك‌و ئۆپۆزیسۆنیش دەگەوجێنن.

١- رواه دار قطني، حدثني الترمزي: شەرعزان‌و راویەكی حەدیس بوون.

* لە ڕۆژنامەی هاووڵاتیدا بڵاوكۆاوەتەوە

## عەولەمەو ڕەنگدانەوەی بۆ بوارەكانی ڕۆشنبیری

جیاوازی قووڵی نێوان هەژاران و سامانداران لە جیهاندا بەردەوام لە زیادبوونە، ڕۆشنبیرییەكی سەربەدەزگا، خاوەن تەكنۆلۆجیای بەرز و ئاڵۆز، لەژێر ركێف و دەسەڵاتی هیچ حكومەت و یاسایەكی مەحەلییدا نەبوو . ڕۆشنبیرییەكی ئالەم جۆرە، لەگەڵ جەماوەرێكی فرەزمانی سك برسی توورە، لەجیهانێكدا كە ژمارەی ٨–١٠ بلیۆن مرۆڤ بێت چۆن دەژی و كۆك و تەبادەبێت؟!– بول كنێدی –

كۆمپانیا فرە ڕەگەزەكان، دەوڵەتە گچكەو بگرە زەبەلاحەكانیشیان بۆژەو دەستەمۆكردووە، بەزەبری سامان و ڕاگەیاندنیان، بۆ مەبەست و ئارەزووی خۆیان هەڵیان دەسوورێنن، سەرپێچیكەران لە كورسی دەسەڵات لادەبەن، بەم جۆرە گەندەڵیی سیاسی و ئیداری گەشە دەكات، لەكەناڵ و ئاستەكانی دەسەڵاتدا بەرتیل خۆری و لەخشتەبردن پەرەدەسێنێت.

دیارە لەكەش و هەوایەكی لەمجۆرەدا سیستەمی دیموكراتی خاوێن سەقامگیر نابێت، كۆمپانیا باڵادەستەكان (الام) پەیوەندن بە كۆمپانیا گچكەكانی جیهانەوە، بەرژەوەندی پارەوسامان و بازاری ئازاد، گشت كۆمپانیاكانی كردووە بەیەك دەزگای ملهوڕی باڵادەست.

دەوڵەتانیش بۆ ئەوەی لە قەیرانەكانی ئابووری و بێكاری و.. دوورین (بۆماوەیەكی كورتیش بێت) كاریان ئاسان دەكەن، شارەزایانی ئەم بوارە دەڵێن كۆمپانیا فرەڕەگەزەكان ژمارەیان

٤٠٠٠ – ٥٠٠٠ كۆمپانیا دەبن لە ٩٥٪ی بازرگانی جیهانیان كۆنترۆڵ كردووە، بەڵاتەم تەنها هێزی (٣/٥)ی كاری مرۆڤیان خستۆتە كار، تەنها لە ٩٥٪ی باجی گشتی بەحوكمەتان دەدەن.

دەبێت هەمیشە ئیمپراتۆرەكانی ڕاگەیاندن و سینەما و بانقەكان و مافیای بازرگانەكانی چەك و موخەدەرات لەیاد نەكرێن و حیسابی وردیان بۆ بكرێت، نیشتمانی ئەمانە تەنها پارەو سامانە.

هەرچەندە ئەم مەترسیانە و چەندینی تریش لە كۆمپانیاكانی فرەرەگەزو عەولەمەدا بەرجەستەیە، بە تایبەتی لەدەوڵەتە لاوازەكانی جیهانی سێدا، بەڵام ئایا لەترسی خۆمان دەكرێت تێكەڵاویان نەبین، ئایا سەرتاسەری ئەم جیهانە خراپ و دوژمنە و هەڵوێستێكی گەشی تیابەدی ناكرێت؟ ئایا دەكرێت لەم جیهانە بەرینەدا ئێمە كیسەڵ ئاسا بچینەوە قاوغی خۆمان و دابڕێین؟

بمانەوێ و نەمانەوێت، بەفێڵ بێ و بەزۆر، لەڕۆژگاری عەولەمەداین، ئێمە وەك.. بواری سەرمایەگوزاری، بەرهەمهێن، كەرەسەی خاو، بازاڕی شمەك و خۆراك لەكۆڕی عەولەمەدا ئەژین، ئێمە لە جەرگەی دەریادایـن، مەلەوان و بگرە ئێجگار كارامەیش نەبین دەخنكێین.

دەبێت ئەوەیش بزانین كە عەولەمە تەنها سامان و پیشەسازی پێشكەوتوونیە، بەڵكو ئیرادە و توانای ڕۆحیە، ئاسۆی مەعریفەیە و چەندین هیواو ئاواتی لێدەرسكێت، ئەتوانین (بەماوەیەكی درێژیش بێت) لەعەولەمە بەهرەمەند بین و كەم تا زۆر سوودی لێوەربگرین.

## کورد و عەولەمەو پێناسەی نەتەوایەتی

ڕاستە عەولەمە لەڕێگای ململانێی بازاڕ و ئابوورییەوە، لە ڕێگای کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە، کنە لەدەوڵەت و بڕیارە سیاسییەکان دەکات، بەڵام ئەو کنەکردن و هەڕەشانە ڕەنگ ئەدەنەوە بۆ بواری ڕۆشنبیری، پێناسەی نەتەوایەتی و نیشتمانی و تایبەتمەندییەکانی گەلان.

شێوازە جۆراوجۆرەکانی ڕۆشنبیریی عەولەمە، بابەت و ئامانجەکانی، کارلێکی بۆ سەر ڕۆشنبیرییەکانیتر، لەپشت ئەمانەیشەوە ڕمێن و هێزی سامان و بازاڕ و تەکنۆلۆجیای پەیوەندی و ڕاگەیاندن – ئەمانە گشت، مرۆڤایەتی دەخەنە بەردەم چەند ڕێگایەکی هەڵبژێراوی نەخشە بۆکراو، کە تەنها بەهای مادی و زانست لەو نەخشانەدا باڵادەستن، ئیدی پێناسەکانی: نەتەوایەتی، زمان، ئاین، نەریتە مرۆڤایەتییەکان لێك دەترازێن و کاڵ دەبنەوە، پاشان بەجۆرێکی تازە دائەڕێژرێنەوە.

ئالێرەدا کوردیش دەبێت ژیرانە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی (UN) و پەیماننامە نێو دەوڵەتییەکاندا خۆی بگونجێنێت، بۆداکۆکۆ کردن لەزمان و ڕۆشنبیری و کەلتوری تایبەتی خۆی. ئەو دەزگایانە بکات بەسەنگەر و چەکی دەستی، بەهۆی تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندن و ئینتەرنێتەوە دەوڵەتان و ناوەندە جیهانییەکانی لێئاگادار بکاتەوە، بەنموونە: ڕێکخراوی یونسکۆ لەکۆنگرەی مەکسیکدا (ساڵانی هەشتاکان) پێناسەی ڕۆشنبیری بەم جۆرە دەکات: (بریتییە لە چەند سیفات و تایبەتمەندی ڕۆحی و مادی و فیکری و عاتیفی، کە کۆمەڵگایەك یان تاقمێکی کۆمەڵایەتی

لەهی تر جیادەکاتەوە ڕۆشنبیری ئەم بوارانە دەگرێتەوە: وێژە و هونەر، شێوازی ژیان و بەرهەمی ئابووری، مافە سەرەکییەکانی مرۆڤ، سیستەمی (قیم) و نەریت و باوەڕەکان – معتقدات.

هەروەها لەمادەی یەکەمی جاڕی بنەماکانی هاریکاری جیهانی (اعلان مبادئ التعاون الدولی) یونسکۆ ١٩٦٦/١١/٤ داهاتووە:

-١ هەموو ڕۆشنبیرییەك (بەها) و شکۆمەندی خۆی هەیە، پێویستە ڕێزی لێبگیرێت و بپارێزرێت.

-٢ مافی هەموو گەلێکە و بگرە لەسەریشی فەرزە کە ڕۆشنبیریی خۆی گەشە پێبدات.

-٣ گشت ڕۆشنبیرییەکان تەنانەت هەمە جۆرەکانیش هەر چۆن بێت شەقڵ و شێوازیان، ڕمێن و کارلێکیان هەموویان موڵك و سامانی گشت مرۆڤایەتین.

کەواتە تایبەتمەندییەکانی گەلی کوردیش بەشێکە لەسامانی مرۆڤایەتی، دەبێت داکۆکی لێبکرێت، ئەتوانین لەپاڵ ئەم سەنگەرەدا و بەئامێری عەولەمە گشت ئۆرگانە بریاربەدەستەکانی جیهان لەپێشێلکردن و ئینکاری کردن لەپێناسەی تایبەتیمان ئاگاداربکەینەوە.

سەبارەت بەبواری خەبات بۆ دابین کردنی مافی سیاسیەکانیشمان سیاسی و ڕۆشنبیر و ئەکادیمی کورد لەسەنگەری یاساکانی UN و مافی چارەی خۆنوسین و مافەکانی مرۆڤەوە، بەهەمان چەکی عەولەمە ئەتوانن خەباتی نەتەوایەتی خۆیان درێژە پێبدەن. ڕۆشنبیران و سیاس و بگرە نەوەی ئێستای کورد پێویستە ببنە پسپۆڕ و شارەزای ئەم کەناڵانە:

هەموو زانیارییەك لەبارەی پەیوەندی کردن و ڕاگەیاندن و

**كۆمپیوتەر.**

**زانیاریی ورد و تۆكمە لەبارەی ئۆرگانە سیاسی و ڕۆشنبیرییە باڵا دەستەكان و بگرە ئەدرەس و زانیاریی لەبارەی شەخسیاتە جیهانییەكانی بواری زانست و سیاسەت و ڕۆشنبیریی.**

**شارەزابوون لەیاساو ڕێكەوتننامەكانی UN و یەكیەتی ئەوروپا و ناوچەكە و پرۆتۆكۆلە دوو قۆڵییەكان و....**

**ئەگەر یاسا و پەیماننامە نێودەوڵەتییەكان نەكەینە چەك و سەنگەرمان، دوژمنانی كورد بەچەكی عەولەمە و لەژێر پەردەی عەولەمەدا ئەمانتاوێنن.**

※ لە گۆڤاری ( ئابووری) - ئۆرگانی یەكێتی ئابورینا‌سانی كوردستان بڵاوكراوەتەوە

## عەولەمە و ڕەنگدانەوەی بۆ هونەر و ڕۆشنبیریی

ڕێكخەری جیهانی ئێستا تەكنەلۆجیای پەیوەندی كردنە، هەر ئەمیشە زانست و زانیاری گەشە پێدەكات، لەهەمان كاتیشدا خەیاڵی مرۆڤ ئێجگار قووڵ و بەرین دەكات، كەواتە تەكنەلۆجیای (پەیوەندیكردن) بەهەوەستی خۆی خەڵك هەڵدەسوڕێنێت، چەندە لە گۆڕینی مرۆڤدا كاریگەرە، هێندەیش مەترسییە بۆ ئازادی، مەرجی كاراو بەدەست، لەبری بڵاوبوونەوەی فیكر و باوەڕەكان (بەئازادانە)، بازاڕە، هەر ئەویش سنوور و مەرجەكان بۆ مرۆڤ دائەڕێژێت.

تۆڕەكانی مانگە دەسكردەكان و ئامێرەكانی ڕاگەیاندن لەئاستی جیهان و ناوخۆدا بڵاوبوونەوە، بۆ چەندین بابەتی وەك كۆمەڵایەتی.. پیشەیی.. بازرگانی و بۆرسەكان، زانست و پەروەردە.. و.. كەناڵی تایبەتیان هەیە، ئەم كەناڵانە بەردەوام بەرنامەی چڕو نەخشە بۆكراو بەهەموو جیهاندا پەخش دەكەن، خەڵك بۆ تێگەیشتن لەو بابەتانەی سەرەوە بۆ دارشتنی بەهاكان پەنا بۆ ئەو كەناڵانە دەبەن نەك بۆ شارەزایی و دیراسەكردنی زانست و مێژوو و فەلسەفە، بەوجۆرە كۆمپانیاكانی پەیوەندی و پیشەسازی ئامێرەكانی ڕاگەیاندن، لەدوورەوە بوارەكانی ڕۆشنبیری و هونەر دەسەمۆ دەكەن و ئەیخەنە ژێر ركێف و سەرپەرشتی خۆیان.

هەندێكیش دەڵێن: لەسایەی عەولەمەدا ڕۆشنبیری لەئاستی ناو خۆ و جیهاندا فرە جۆر و دەوڵەمەندتر دەبێت، چونكە باشتر دەگاتە خەڵك، شێواز و سیمای جیهانی وەردەگرێت، بەنموونە:

سیما و پێکهاتەی ڕۆشنبیری یابان: ڕۆژئاوایی و ئاسیا ئامێزە، تورکیا: ئەوروپایی و ئیسلامییە، ئوستراليا: ئینگلۆساکسۆنی ئاسیاییە.

قیەم و بەهاکان و بگرە خەڵکی تاکیش لەسایەی عەولەمەدا بوعد و سیمایەکی جیهانی وەردەگرن وەك (کۆمەڵێك یانەی گشتی سینەما، کتێب، شانۆگەریی، گۆرانی و مۆسیقا)، عەولەمە لەلایەکی تریش تایبەتمەندییەکان (کەمکەم و ژەمژەم) بڵاودەکاتەوە.

لێرەدا پرسیارێك یەخەمان دەگرێت: بۆچی ڕۆژئاوا و ئەمریکا هەتا ئێستا سنتەری سەرهەڵدان و گەشەکردنن و، بەشێوەیەکی هەڵبژاردە (انتقائی) ئەو هەموو زانیاریانە بۆ هەموو جیهان پەخش دەکرێن؟

هەمیشە لایەنگرانی عەولەمە باسی یەك ڕۆشنبیری دەکەن، لەکاتێکدا چەندین، ڕۆشنبیری لەجیهاندا بەهەڵستی توانەوە و (ئاوێتەبوون) دەکەن، ئیعترافکردن بەباڵا دەستی تەکنەلۆجیا و ئابووری ڕۆژئاوا بەمانای قبووڵکردنی گشت قیمەتەکانی نییە.

هێزەکانی دژ بە عەولمە خۆ کۆ دەکەنەوە، بەچەندین شێوە بەرەنگاری دەبنەوە چەندین وڵات و کۆمەڵگای مرۆڤ لە جوغزی جوگرافیای خۆیاندا (خۆیان قەتیس کردووە، چەندین ئایدیۆلۆج و ئاین و مەزهەب و نەریتی کۆن و دارزیو دەکەن بەسەنگەر و قەڵغان دژی عەولەمە، بگرە لە زۆر شوێندا ئەو نەریت و ئایدیۆلۆجانە بەتیرۆر و خوێنڕێژی ئەیسەپێنن بەسەر کۆمەڵگادا.

## هونەر لەسایەی عەولەمەدا

لەسەدەی بیستەمدا فێركردنی هونەر و ئەدەب گەیشتە ئاستێكی بەرز و خرانە گشت پرۆگرامەكانی خوێندن، ژمارەی عاشقانی هونەر ڕوو لە هەڵكشانە، بزاڤە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكان لە گەشەسەندنی هونەردا بەشداریی كاراو بەهێزیان كرد، جگە لە مانەیش شۆڕشی تەكنەلۆجیا ڕاپەڕینی لەبواری هونەردا بەرپا كرد و گشت چەمكەكانی هونەری خستە بەردەم هەموو كەس. گەشەكردنی پیشەسازی خۆشگوزەرانی جەماوەر هونەری كرد بە دووبەشە:

- هونەری جەماوەریی یان هونەر بۆ بەكارهێنانی جەماوەر
- هونەری بەرز

بەم جۆرە (هونەرە جوانەكان) تارادەیەكی زۆر بۆ توێژ و چینەكانی بژانیتە (نخبە) و خاوەن شەهادەی بەرز و سیاسەتمەداران و ساماندااران مانەوە، دیارە هونەرە جوانەكان بۆ ئەم توێژانە قۆرخ و حەسر نەكراون، بەڵام گرنگی پێدان و معیار و نرخاندنی هونەرە جوانەكان بەپلەی سەرەكیی بەرەو ڕووی نوخبە دەبنەوە. دەرهێنەری سینەمایی بەناوبانگ (بیتر غریناوی) بەریتانی لە چاوپێكەوتنێكدا دەڵێت: سینەمای هۆلیود ڕۆشنبیرییەكی یەكلایەنەی هەیە و عەولەمەیەكی (یەكجۆری) سەپاندووە، بەشێوەیەكی یەكلایەنە لەناخەكانی مرۆڤ ئەدوێت. دەرهێنەرێكی سینەمایی یۆنانی ئاماژە بەوە دەكات كە ئەمریكا سانسۆرێكی دارایی و (منهەجێكی) ئاڵۆز و یەكلایەنەی سەپاندووە بەسەر سینەمادا، هەمان دەرهێنەری

یۆنانی بەپەرۆشەوە خەم بۆ ئەو نەوانە دەخوات كە معروفە و ڕۆشنبیری و هونەر لەو كەناڵە قەشەنگ و ڕازاوانەی tv و سینەما وەردەگرن. سینەمای ئەمریكی چەندە خۆی شێوازی ڕۆشنبیری ئێستا دائەڕێژێت: هێندەش دۆخی جیهانی لەخۆی كاری كردووە، بەنموونە: بەرهەمهێنە ئەمریكییەكان ڕوو دەكەنە جەماوەری ئاسیاو ئەفریقاو ئەوروپای ڕۆژهەڵات، بەنیازی ڕاپرسیی لەخواست و ئارەزووەكانیان. نكووڵی لەوەیش ناكرێت كە لەوڵاتانی جیهانی سێدا (وڵاتانی هونەرمەندە بەناوبانگەكان) هونەرمەندان ڕۆشنبیری و تایبەتمەندی خۆیان بەجۆرێكی نوێ دائەڕێژنەوە، عاشقانی سینەما دەتوانن فلیمە سەركەوتووەكانی چین و بەلقان و ئێران ببینن، كەتارادەیەكی زۆر بە ناوبانگن و چێژی تایبەتییان هەیە. شێوەیەكی مۆسیقای بەرزیش (الرفیعە)، وەك بوارەكانی وێنە و شێوەكار گۆڕانكاریی بەسەردا هاتووە، لەبەرئەوەی هونەر پەیوەندە بەبەهرە و توانای سروشتی مرۆڤەوە پاشەڕۆژی هونەری شێوەكاری ئاڵۆزە و نادیارە، دەبێت بەردەوام قسەی لەسەر بكرێت..

## زمانی ئینگلیزی و عەولەمە

عەولەمە بەهۆی وەرگێڕانەوە كتێب بەشێوەیەكی ئێجگار قەشەنگ و بەرقلاو دەخاتە بازار، لەهەمان كاتیشدا دەزگای بلاوكردنەوەی فرە ڕەگەز هەتا دێت ڕوو لەزۆر بوونە، ئەمانە گشت دەبنە هۆی هاتنە بازاڕی باشترین و زۆرترین كتێب.

لەعەولەمەی ڕۆشنبیریدا زمانی ئینگلیزی زاڵە بەسەر (انترنیت) و بازاڕی جیهاندا، ئەم زمانە بەهێزترین هاوبەشە بۆ پەیوەندییە ڕۆشنبیرییە جۆراوجۆرەكان، ڕۆژانە دەیان زاراوەی نوێ دێنە بوارەكانی ڕۆشنبیری و ئەدەب، بۆ ئەوەی ئەدەبی زمانێكی تر هەلی چاپ و بلاوبوونەوەی بۆ بڕەخسێت. پێویستە بكرێت بە ئینگلیزی، ئەو كاتە لەپاش پەسەندكردنی لەلایەن هێزەكانی بازاڕەوە، بەجیهاندا بلاودەبێتەوە.

## بەرەنگاربوونەوەی ئەم ڕۆژگارە

ئێمە لەڕۆژگاری عەولەمەدا ئەژین بەئاساوارە باش و خراپەكانیەوە، لەم ڕۆژگارەدا خەڵك ڕوو دەكەنە ئێستا و پشت دەكەنە ڕابردوو، ڕوو دەكەنە ئێستا و پەنا دەبەنە بەر ئەو دیاردە بزۆك و زەقانەی كە لە جیهاندا لەبەر چاون و ناسراون ڕوو كردنە ڕابردوو هیچ كێشەیەك چارناكات، بەرەنگاربوونەوە (تحدی) لەئێستاو دوا ڕۆژدایە، لەوەدایە مرۆڤ كە خۆی خولقێنەری گەشەسەندن و ڕۆشنبیرییە چۆن ئێستا دەبێت گەشە سەندن و ڕۆشنبیری بە جۆرێكی تردا بڕێژێتەوە، ئێستا بۆ كێشەكانی مرۆڤ هیچ ڕەچەتە و بەرنامەیەكی حازر بەدەست ئامادە نەكراوە،

ڕەوتـی مێژوو بەگومانەوە چەندین چارەسەر دەخاتە بەردەم زانایان و هونەرمەندان و خاوەن هزران. ئێستایش دەبێت لەدیدێکی ڕەخنە گرانەی تۆکمەوە، ئاگاداربین لەگشت ئەو مرۆڤە چالاك و بزۆکانەی جیهان، کەبۆ لەغاوکردنی دەسەڵات تێدەکۆشن.

لەوانەیە بارودۆخی ئێستا و گواستنەوەی بۆ ڕۆژگارێکی باشتر و جێگیرتر درێژە بکێشێت، بەڵام ئەزموونی خۆمان و مێژوو سەلماندوویانە کە هیچ بەرنامەیەکی (مگلق) نییە، ئەوەی وەك خۆر ئاشکرایە تەنها سەرکەوتنی مرۆڤە.

**سەرچاوەکان:**

١- شارەپترونیا ، و:ابراهیم شەهابی، گۆڤاری الفکر السیاسی، ژمارە ٤-٥ ، ١٩٩٨-١٩٩٩، دمشق.

٢- یونسکۆ، ١٩٦٦/١١/٤، هەمان گۆڤاری سەرەوە.

٣- العولمة والثقافة، د.علی عقله عرسان، لةهةمان طؤظاري سةرةوة.

٤- جاڕنامەی مەکسیکۆ، بڕگەی ٤، لاپەڕە ٢١٨، لەدەقی عەرەبیەکەوە.

٥- بول کنیدی، الاستعداد للقرن الحادی والعشرین، ص٨١، ترجمە: محمد عبد القادر و غازی مسعود، منشورات دار الشروق، عمان ١٩٩٣.

# تەڵەی عەولەمە

**هانس بیتر مارتین و هارالد شومان**

**و.د.عدنان عباس علی ژمارەی لاپەڕە/٤٣١**

**١-٢**

## ئەو پێشبینیەی كە هاتەدی

لەم كتێبەدا ئاماژە بەوە كراوە، كەهۆی سەرەكی دروستبوونی عەولەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئازادبوون و والآبوونی (انفتاح) بازارەكانی جیهان لەبەردەم گواستنەوەی سەرمایە و ئازادبوونی بازرگانی لەكۆت و بەندی سنورە سیاسییەكان.

بەپێی ڕێكەوتنامەی (گات) ئازادی بازرگانی ڕێكخراوە، ئەم ڕێكخراوی (گات)ە هۆیەكی سەرەكییە بۆ خێرابوونی سەركێشییەكانی عەولەمە.

نووسەرانی ئەم كتێبە لەساڵی ١٩٩٦دا پێشبینییان كردووە كە ئەو حكومەتانەی زۆر بە پەرۆشن بۆ عەولەمە، ڕۆژگارێك دێت كە داوای پاراستنی بازاڕە نیشتمانییەكان دەكەن و بەخۆیاندا ئەچنەوە.

ئەم پێشبینییە هاتەدی، ئەوەتا بەڕێز دكتۆر (ئاراس حسێن دارتاش) لە ڕۆژنامەی (اتحاد)ی ١٩٩٩/١٢/٢٤دا گوتارێكی نووسیوە كە: ١٣٥ دەوڵەت لەدوا كۆنگرەی گشتی (گات)دا، كەوەك پەرلەمانێكە و لەمانگی ١٩٩٩/١١دا گیرا لەشاری (سیاتل) لە ئەمریكا، لەو كۆنگرەدا بەشداران (٣) گروپی سەرەكی بوون: وڵاتانی یەكێتی ئەوروپا، وڵاتانی جیهانی سێ، ئەمریكا و

چەند دەوڵەتێكی تر.

كێشەكانی نێوان ئەمریكا و ئەوروپا چارەسەركران، بەڵام كێشەكانی نێوان وڵاتانی جیهانی سێ و ئەوروپا و ئەمریكا بەهەڵپەسێراوی مانەوە، چونكە دەوڵەتانی جیهانی سێ لەسەنگەری (گات)ەوە گڵۆپی سوریان لەبەردەم عەولەمەدا هەڵكرد، چونكە عەولەمە چەندە پێشی خستوون هێندەش هەڵی وەشاندوون و بۆژەی كردوون.

وەرگێڕ

ئەم كتێبە شاكارێكی گرنگی زنجیرەی (عالم المعرفە)یە كە لەساڵی ١٩٩٨دا وەریگێڕاوە و چاپی كردووە، دوو نووسەری ئەڵمانی لەساڵی ١٩٩٦دا چاپی یەكەمیان پەخش كردووە، ئەم كتێبە لەبازاردا ئێجگار بەبرەو و ڕەواج بووە، بۆیە لەماوەی یەك ساڵدا (٩) جاریتر چاپكراوەتەوە. بەڕای من ئاگادار بوونی خوێنەرانی ئازیزی گۆڤاری (ئابووری) لەم جۆرە بابەتانە زۆر بە پێویست دەزانم، بەتایبەتی بابەتە ئابوورییەكان، لەعەرز كردنی ئەم كتێبەدا گەلێك لە ڕووداوەكانم لابردووە، چونكە بەڕای من خوێنەری ئێستای كورد پێویستی بەو ڕووداوانە نییە.

نووسەرانی ئەم كتێبە پەیامێكی پیرۆز و مرۆڤدۆستانە دەخەنە پێشچاوی خوێنەران، بەتایبەتی لەجیهانێكدا كە هەڵپەی پارە و قازانج بووە بەهەموو شتێك.

ئەم كتێبە پسپۆڕانە و زیرەكانە لە ئاڵۆزترین مەسەلەكانی پەیوەند بە (عەولەمە)وە ئەدوێت، ئەو كێشانە لەئاستی ئەكادیمی و ئابووری و ئیعلامی و ژینگە پارێزی لەسەریان دەنوسرێت و باسیان

لێدەكرێت، ئەوانیش كە مشووری پاشەڕۆژی جیهان و ژینگە دەخۆن لەسەر عەولەمە دەنووسن و لێی دەكۆڵنەوە.

نووسرەانی ئەم كتێبە لە (٩) بەشدا لەعەولەمە ئەدوێن، منیش پشت بەو كتێبە و نوسینەكەی دكتۆر (رمزی زكی) كە پیاچۆتەوە و كورت و پوختم كردووە.

نووسەران عەولەمە بەم شێوەیە دەبینن:

– پشت بەبەرنامەكانی (لیبرالیەتی نوێ) دەبەستێت.

– عەولەمە پێی وایە كە پاشەڕۆژی مرۆڤایەتی لەوەدایە كە بگەڕێتەوە بۆ رابوردوی سیستمی سەرمایەداری.

– بەدرێژی سەدەیەك هزر و بیروباوەڕی سۆشیالیستی و دیموكراتی و عەدالەتی كۆمەڵایەتی لە كۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا چالاكانە كاریان دەكرد و دەسكەوتیان بۆ چینی كرێكار و ناوەنجی دەپچڕی، ئێستا عەولەمە ئەو دەسكەوتانە لەڕەگ و ڕیشە هەڵدەتەكێنێت.

– لەسایەی عەولەمەدا ئەم دیاردە دزێوانە پەرە دەسێنن: (بێكاری، دابەزینی كرێ، خراپ بوونی ئاستی ژیار و مەعیشەت، كەم بوونی خزمەتگوزاری كە دەوڵەت دابینیان دەكات، دوور كەوتنەوەی دەوڵەت لەكاروباری ئابووری و تەنها (پاساوانی ڕژێم) دەكات، قووڵبوونی جیاوازی لەدابەشبوونی داهات و ساماندا).

ئەوانەی كەلەسەرەوە باسمان كردن سیمای گشتی زۆربەی وڵاتانی جیهانی ئەمڕۆیە، لەراستیدا ئەم بارودۆخە هەمان بارودۆخە سەرەتاییەكانی سەرمایەدارییە لەكاتی شۆڕشی پیشەسازیدا سالانی (١٧٥٠–١٨٥٠)، دیارە لەگەڵ خێرابوونی عەولەمەدا ئەو سیما خراپ و دزێوانەی سەرەوە بەردەوام زۆرتر و خێراتر دەبن.

## كۆمەڵگای ٥/١

نووسەران ئایندە تاریك دەبینن، چونكە ئێستا وێنەیەكە لە ڕابوردوی تاقی لاوی سەرمایەداری، كە پڕبوو لەوەحشیگەری، عەولەمە ئەگەر لەسەر ڕەوتی خێرا و غروری ئێستای بەردەوام بێت لەسەدەی داهاتوودا تەنها ڕێژەی ٢٠٪ی دانیشتوان كاریان دەبێت و خۆشگوزەران و ئاسوودە ئەبن، لە ٨٠٪ی دانیشتوانیش (ناپێویست) و فائز دەبن، ژیانیان تەنها لە ڕێگای خێرخوازی و باربو و ئیحسانەوە دابین ئەبێت.

نووسەران بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونانە. چەندین بەڵگەی زانستیانە و دۆكۆمێنتی دەزگا باڵاكانی ئابووری دەخەنە ڕوو، ئەوان پێیان وایە كە عەولەمە، بازار دەكات بە دیكتاتۆر و ملهوڕ، ئەمیش لەڕێگای چەندین بیرۆكەی سیاسی و تیئۆرسازی (تنقێر) نادیموكراتیانەی وەك:

– ئەركی ڕەهەندی (بوعدی) كۆمەڵایەتی و پێداویستی هەژاران ئەوەندە گران و سەخت بووە، كەس بۆی دابین ناكرێت!

– دەوڵەتی خۆشگوزەرانی (دولە الرفاه) هەڕەشە لەپاشەڕۆژ دەكات، ئەو دەوڵەتە ئەركی ڕۆژگارێك بوو، كەسەرمایە لەكاتی جەنگی ساردا گرتیە ئەستۆی خۆی، بەنەمانی جەنگی سارد دەوڵەتی ڕەفاهیش پێویست نییە.

– هەموو كەس بۆ مسۆگەر كردنی زاڵ بوون و سەركەوتن لەمەیدانی مونافەسەی جیهانیدا پێویستە باج و قوربانی خۆی بدات.

– لەڕۆژگاری عەولەمەدا چەردەیەك لەنایەكسانی شتێكی حەتمییە!

ئێستا ئەم بیرۆكە و تیئۆرسازییانە بەزەقی لەبەرنامە سیاسی و ئابوورییەكانی لیبرالیدا ڕەنگ ئەدەنەوە، بەبێ ئەوەی زۆرینەی خەڵك لەداڕشتنی ئەو بەرنامانەدا بەشداربن.

## ڕێكەوتنامەی (گات) و نێونەتەوەیی سەرمایە

گێلی و سادەگۆییە و بگرە خۆخەڵەتاندنە ئەگەر وا تێبگەین عەولەمە كە تالێوی نوقمە لە تونـدرەویـدا، دۆخێكی حەتمی ئابووری و تەكنەلۆژیە و ڕووداوەكـانـی سروشت ئاسا كەس ناتوانێت بەربەستیان بكات.

نـوسـەران بـۆمـان ئەسەلمێنن كـە عـەولـەمـە، هـۆشـیـارانـە و بەئیرادەی سیاسی پەرلەمان و حكومەتەكان خولقاوە، بەئیمزا و بڕیاری ئـەوان و بۆ گواستنەوەی سەرمایە و شمـەك، گشت سنور و لەمپەرەكان لابران، بەبڕیاری ئەوان بوو دەستكەوتەكان لە چینە هەژار و ناوەنجییەكان سەنرایەوە، هەر ئەوانیش بوون ڕێكەوتنامەی (گات)یان مۆركرد، بەپێی (گات) ئەوەی سیاسەتی (ئازادی بازرگانی) و نێونەتەوەیی سەرمایە ڕەچاونەكات سزا ئەدرێت.

لەپاش لێكۆڵینەوەی چڕوپڕ، نوسەران ئەو بۆچونانە ڕەت دەكەنەوە كە دەڵێن:

– پاش ئەوەی كە جیهان بۆتە یەك بازاڕ، ئیتر ئابوورییەكانی گوند (نیشتمانی) ئیقلیمی لەبۆتەی ئابوورییەكی یەكگرتووی جیهانیدا تواونەتەوە.

- بازرگانی جیهان لەگەشەکردندایە و هەموو لایەکیش لێی بەهرە مەند ئەبن، بەتایبەتی لەپاش شۆڕشی پەیوەندیکردن و مانگە دەستکردەکان.

نوسەران ئاماژە بەوە دەکەن، کە هەرچەند تەلەفیزیۆن و ئامێرە پێشکەوتووەکانی ڕاگەیاندن جیهان پێکەوە دەبەستن، بەڵام زۆرترین بەشەکانی جیهان بریتین لەچەندین دوورگەی لەیەکدابڕاو (پڕن لە هەژاری و چەوسانەوە) پڕن لە شاری گەورەی چڕوپڕی دانیشتوان.

نوسەران ئاماژە بەوە دەکەن کەلەپاش نەمانی جەنگی سارد وڵاتانی جیهانی سێ لەیارمەتی وڵاتانی پێشکەوتوو بێ بەش کراون، بگرە (پەیقینی باشوور و باکور) لەم کاتەدا مردووە، جگە لەمانەش ئەم وڵاتانە لەژێر باری قەرزاریدا پشتیان شکاوە.

کەڵەکەبوونی سامان و پووکانەوەی زاراوەکان

نوسەرانی ئەم کتێبە باسی ئەوە دەکەن کە لەئەنجامی عەولەمەدا سامان کەڵەکە دەبێ و جیاوازی نێوان زۆرینەی خەڵك و دەوڵەت بەردەوام پەرەدەسێنێت، بە نموونە دەبینین کە:

- سامانی (٣٥٨) ملیاردێر لە جیهاندا هێندەی سامانی (٢,٥) ملیاری دانیشتوانە، واتە زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی جیهان.
- ڕێژەی ٢٠٪ی دەوڵەتانی جیهان کۆنترۆڵی لە ٨٥٪ی سەرجەمی بەرهەمی جیهانی (الناتج الاجمالی العالمی) و لە ٨٤٪ی بازرگانی جیهانیان کردووە.

ئەمە سەبارەت بە جیاوازی نێوان دەوڵەتان، بەڵام جیاوازی دابەشکردنی سامان و داهات لەئاستی محلیدا، بەڕای (عەولەمە

خوازان) مایەی نیگەرانی نییە، چونكە بۆ منافەسەی سەختی بازار پێویستە!

ئەو زاراوانەی كە ساڵەهای ساڵە ساحەی فكر و سیاسەتیان سەرقاڵ كردووە، لەجیهانی ئەمڕۆی عەولەمەدا هیچ بایەخ و برەویان نەماوە، زاراوەكانی (جیهانی سێ و ئازادیخوازی و گەشەكردنی ئابوری و چەندینی تریش) بەردەوام دەپوكێنەوە، بگرە دەوڵەتانی پێشكەوتوو كێشە و قەیرانە سەختەكانی دەوڵەتانی نامی (بەتایبەتی ئەفریقا) پشتگوێ دەخەن، نوسەران پێیانوایە كە لەشارستانی ئەمڕۆدا پڕە لە وێرانكردنی ژینگە و داڕوخانی ئابوری و پووكانەوەی ڕۆشنبیری.

## كێ خاوەنی دەسەڵاتە؟

نوسەرانی ئەم كتێبە بەشێكیان تەرخان كردووە بۆ بازاڕی دراو (سندوقی نەختی نێو دەوڵەتی) دكتۆر ڕەمزی ئەم بەشە بە گرنگترین و بەتامترین بەشەكانی دەزانێت.

دەیان ساڵە لەگشت دەوڵەتانی پێشكەوتوو گەشەسەندودا چەندین یاسا و دیسپلین پەیڕەو دەكرێن، بانكی مەركەزی بەپێی ئەو یاسا و زەوابتانە، كاروباری بانكی و سیستمی داراییان لەوڵاتدا كۆنترۆڵ كردووە، دەوڵەتەكان بەپێی بارودۆخی ئابورییان: نرخی سەرف و نرخی قازانج و نرخی ئەوراقی دەخاتە بەردەم ئەنجومەنی خاوەن سەرمایەكان، ئەوانیش بە (ئا) یان بە (نا) وەڵام ئەدەنەوە.

لەكاتی قەیرانێكی سەختا دەوڵەتی مەكسیك نرخی گۆڕینی دراوی خۆی بەڕێژەی ١٥٪ بەرامبەر بە دۆلار دابەزان، دیارە ئەم

دابەزینە مشتێكی كوشندە بوو بۆ ئەو كۆمپانیا و وەبەرهێنەرانەی كەلە مەكسیك كاریان دەكرد.

ئالەم كاتە ناسكەدا گشت یاسا و مەرجە تایبەتییەكانی سندوقی وەلا دەنرێن و نەك بەچەندین ساڵ، بەڵكو لەچەند ڕۆژێكدا ئەم سندوقە فریای دراوی مەكسیكی دەكەوێت و لەهەرەس ڕزگاری دەكات، ئەمەیش بەپێدانی (١٧,٥) ملیار دۆلار قەرز.

## مێرگەكانی باج!

لابردنی كۆت و سانسۆری دەوڵەت لەسەر گواستنەوەی سەرمایە، چەندین هێزی (زاتی) مەترسیداری خوڵقاند، ئەم هێزانە بەردەوام سەروەری گەلان پێشێل دەكەن و هەڵیدەتەكێنن، ئەم هێزانە سیمایەكی بێسەر و بەریان هەیە، چونكە دەوڵەتان سەروەریان لەسەپاندن و كۆكردنەوەی باجدا ئێجگار لاواز بوە، بگرە ابتزازیش دەكرێن، دەزگاكانی پۆلیس لەبەرامبەر ڕێكخراوە ناشەرعییەكاندا دەستەوەسانن، چونكە سەرمایەی ئەو ڕێكخراوانەیان بۆ زەبت ناكرێ.

سیستمی دارایی نێو دەوڵەتی نەیتوانیوە مێرگەكانی باج (off shore) قەدەغە بكات، كە بەردەوام پەرەدەسێنن، لەم مێرگانەدا سەرمایەكانی (هەڵهاتوو لەدەست باج) ئامادە ئەكرێن و ڕێكدەخرێنەوە، ئێستا لەجیهاندا نزیكەی (١٠٠) ناوچە هەیە كە بانقەكان و كۆمپانیاكانی تەمین و سندوقەكانی وەبەرهێنان پارە و سامانی تیا دەگێڕن و ئیدارەی دەكەن و لەچنگ سەروەری وڵاتانی دایك ڕزگاریان دەكەن.

لەم مێرگانەدا باجێکی ئێجگار کەم دەخرێتە سەر سپاردەکانی بانق و زۆر جاریش باجیان لەسەر نابێت، ئەوەی نهێنی ناوی راستەقینەی خاوەن سپاردەکان ئاشکرا بکات. بەتوندی سزا ئەدرێت (باوەکو ئەوەی کە پرسیار لەناوی ڕاستەقینە دەکات دەزگای دەوڵەتی بێت).

لەدورگەی (کیمن)ی ناوچەی کاریبیدا کە ڕووبەری (١٤)کم٢یەو دانیشتوانی (١٤) هەزار کەس دەبن. زیاتر لە (٥٠٠) بانق هەیە و سەرمایەی قاچاخیان تیا سپاردە کراوە، ئێستا مەعمیلە ئەوروپاییەکان پێویستیان بە دوورگەی (کیمن) نەماوە، چونکە چەندین شوێنی وەك: دورگەکانی جێرسی و جۆرنسی، لەکەناڵی ئینگلیزیدا، یان میرنشینەکانی (لشتنشتاین) و لوکسۆمبۆرگ و مەڵبەندی (جەبەل تاریق) و چەندینی تر.

لەو مێرگانەدا ڕاوێژکارانی تایبەتی کاری (سەرمایەفرێنەکان) ئاسان دەکەن، کۆمپانیا دائەمەزرێنن و ناوی خاوەنی پەردە پۆش دەکەن و تەنها لە ڕێگای ژمارەی سندوقی بەریدەوە پەیوەندی پێوە دەکرێت، بەڵگەنامە و دۆکۆمێنتی ساختەی بۆ ڕێکدەخرێت، کە گوایا خاوەن سەرمایەکە بۆ ئەو مێرگە کۆچی کردووە.

پۆلیسی سویسرا گومان لەوە دەکات کە لەساڵی (١٩٩٠)ەوە زیاتر لە (٥٠) ملیار دۆلاری ناشەرعی لەڕوسیاوە بۆ دەوڵەتانی ئەوروپا، لەڕێگەی قوبرسەوە گوازراوەتەوە، چونکە قوبرس مێرگێکی باشە بۆ (پارە فرێنەکانی روسیا).

لەمانەش ریسوایی تر، ئەم جامبازانە، سامانە فرێنراوەکانیان دووبارە دەگێڕنەوە بۆ (ئەڵمانیا، بەنمونە) وەبەقازانج ئەیدەنەوە

بەو دەوڵەتەی کە دوێنێ ساختەیان لێکردووە!!

نوسەران بیرۆکەی موئامەرە و پیلان ڕەت دەکەنەوە، پێیان وایە کە ئەم بارودۆخەی جیهان ئەنجامێکی سروشتی و مەنتیقی ئەو سیاسەتانەیە، کە حکومەتەکان و پەرلەمانەکان خۆیان بڕیاریان لەسەرداوە، بانق و سندوقی دراوی داراییان لەبۆرسەکاندا سنووربەند ئەکرد. نوسەران بۆ پاساودانی بۆچوونەکانیان چەندین قەیرانی سەخت و جیهانی دەهێننەوە، بەنموونە:

یەکەم: سیستمی نەختی ئەوروپا لەساڵانی ١٩٩٢-١٩٩٣دا هەرەسی هێنا، چونکە کۆمەڵێك لەو جامبازانەی کە پیشەیان هەڵپە و ماشینەوەی قازانجە توانیان موغامەرە بکەن و ئەوەندە قازانج بکەن. کە هەرگیز کەرتێکی ئابوری بە ئاسایی و سروشتی ئەوەندە لەماوەیەکی کەمدا قازانج ناکات.

بەوەی دۆراویش خەڵکانی ئاسایی نەبوون، بەڵکو (١٥) دەوڵەتی ئەوروپا بوون، بەنمونە: بانکی مەرگەزی فەرەنسا لەخولەکێکدا (١٠٠) ملیۆن دۆلاری زەرەر دەکرد، لەکۆتایی دەوامی ئەو ڕۆژەدا کەمونافەسە گەیشتە ترۆپکی هەڵچوون. بانکی مەرکەزی فەرەنسا (٥٠) ملیار دۆلاری زەرە کردو (٢٥) ملیاریش قەرزار بوو.

کەواتە ئێستا بۆ هەموو لایەك باشتر دەرکەوت کە لەسایەی ئازادی بازارەکانی دراوو داراییدا کێ خاوەنی دەسەڵاتە، بازار یان دەوڵەت؟ بۆمان ڕۆشنتر بوو کە ئەو جامبازانە ئەتوانن گەلان و دەوڵەتان هەژار یان خۆشگوزەران بکەن، لەهەمان کاتیشدا هیچ دەسەڵاتێکی محلی و جیهانی توانای محاسەبە و چاوڵی سوور کردنیان نییە.

دووەم: سندوقی نەختی نێودەوڵەتی دەزگایەكی گرنگی داراییە، ئەو دەوڵەتانەی كە دەكەونە ژێر باری قەرزاری و ناتوانن بیدەنەوە، یان توشی قەیرانێكی سەختی ئابوری دەبن، لەڕێگای دیبلۆماسی و وەزیرانی داراییەوە پەنا بۆ ئەم سندوقە دەبەن، لەپاش چەندین دانوستان و سكالا كردن كە زۆرجار چەندین ساڵێك دەخایەنێت، قەرزیان پێ ئەدرێت.

دیارە ئەم سندوقە بۆ قەرزپێدان چەندین مەرج و چەندین زەوابت و یاسای خۆی هەیە، سەرۆكی ئەم سندوقە لەپاش ئەنجامدانی مەرجەكان داخوازییەكە نیودەوڵەتی سەپاندویانە بەسەر دەوڵەتاندا كە نرخی گۆڕینەوەی دراوەكانیان ئازاد و والا بێت بەسەر بازارە داراییەكانی جیهاندا نێودەوڵەتی سەپاندویانە بەسەر دەوڵەتاندا كە نرخی گۆڕینەوەی دراوەكانیان ئازاد و والا بێت بەسەر بازارە داراییەكانی جیهاندا.

ئەم والابوون و ئازادبوونە ئیجباری دەوڵەتان دەكات كە باجەكان و خەرجییەكانی حكومەت كەم بكرێنەوە، پرۆژەكانی دەوڵەت بدرێنە دەست كەرتی تایبەت، بیرۆكەی انفتاح و ئازاد بوون ئێستا بووە بە ئایدۆلۆژێكی تۆكمە، دەنا پەیماننامەی (گات) بۆ سزادانی سەرپێچیكەران ئامادەیە.

كەواتە لەئەنجامی ئەم سیاسەتانەدا عەدالەتی كۆمەلایەتی دەبێتە قوربانی و پێشێل دەكرێت، شیاوی باسە زۆربەی ئەوانەی كە باس لە عەولەمە دەكەن، ئاماژە بەوە ناكەن كە ساماندارانی ئەو وڵاتانەی كە بازاریان والادەبن، وەك بیانیان تەماشای ئابوری وڵاتەكەی خۆیان دەكەن، چونكە ئەتوانن پارە و سامانیان دەركەن بۆ هەر وڵاتێكی تر كە مەرجەكانی وەبەرهێنانیان باشتر بن.

## بێكاری بەردەوام گەشەدەكات

نوسەران بەشێكی زۆر لە كتێبەكەیان بۆ قەیرانی بێكاری تەرخانكردووە، دیارە بێكاری دەبێتە هۆی لاوازبوونی توانای كڕین و گەورە بوونی بازنەی هەژاران.

ڕاكردن و هەڵپەی دەستكەوت و قازانج لەبازارەكانی دراو و داراییدا، دەبێتە هۆی موونافەسەی نێوان گشت كەرتەكان، بۆكەم كردنەوەی تێچونی بەرهەم (كلفه الانتاج)، ئەم مونافەسە گران و سەختە دەبێتە هۆی فشار و لەقاڵبدانی هێزی كار و، ژمارەی كارمەندان كەم دەبێت و بڕی كرێ دائەبەزێ، ئەمانەش بە بیانوی بەرهەمداری.

بەكارهێنانی ئامێری پێشكەوتوو لە شوێنەكانی بەرهەمدا، بەتەنها نەبووە هۆی لەكارلابردنی كارمەندانی چینە هەژارەكان، بەڵكو یەخەی چینەكانی ناوەڕاستیشی گرت، دەبینیت دەیان هەزار پیشە و وەزیفە لەكار لابران، خراپترین (قەسابخانەی كار) لە كۆمپانیای تەئمین و بانقەكاندا (بەنمونە) ئەنجامدرا.

لەكەرتی پیشەسازی بەرنامەكانی كۆمپیوتەریشدا، گەورەترین كۆمپانیای ئەم بوارە. زانا هیندییەكان كە مووچەیان كەمترە خستنیە شوێن زانا ئەمریكییەكان، كە حكومەتی ئەمریكا بەمەی زانی بێزاری پێشاندا، بەڵام هەمان كۆمپانیا بەشێكی زۆر لەچالاكی و دەزگاكانی گواستەوە بۆ (نیودەلهی).

لەپیشەسازی سەیارە و ئاسن و ئامێرە ئەلكترۆنییەكانیشدا هەمان بەرنامە پەیرەو دەكرێت، ئەم بارودۆخە هێزی كاری بۆ ژەو لاواز كردووە، نوسەران پێیان وایە كە مونافەسەی (بەجیهانی

بوو) خەڵك دەهارێ و پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان هەڵدەتەكێنێ و جیاوازی دابەشكردنی داهات و سامان قوڵتر دەكاتەوە.

(نوسەرانی ئەڵمانی نەژاد) بۆ پەرەسەندنی بێكاریی، نەمساو ئەڵمانیا بەنمونە دەهێنن، ئەڵمانیا لەساڵی ١٩٩٦دا زیاتر لە ٦ ملیۆن كەسی تیا بووە كە ئارەزویان لەكاربووە بەڵام دەستیان ناكەوتووە، لەكاتێكدا تێكرای داهاتی ئەڵمانییەكان بەردەوام كەم ئەبێتەوە، پێشبینی تۆكمەش هەیە كەلەسالآنی ٢٠٠٠ەوە ١,٥ ملیۆن بواری كار لە كەرتی پیشەسازیدا ئیلغا دەكرێن.

حاڵی نەمساش لەئەڵمانیا باشتر نییە، دەزگا بەرپرسەكان بەردەوام كەم بوونەوەی كارمەندان رادەگەیەنن، ساڵانە لەكەرتی پیشەسازیدا ١٠ هەزار بواری كار ئیلغا دەكرێن، ئابووریناسان و سیاسییەكان هۆی ئەم دیاردە دزێوانە دەگێڕنەوە بۆ تەنها یەك وشە، ئەویش عەولەمەیە!!

## پەیوەندی نێوان دیموكراتی و عەولەمە.

نوسەران چەندین پەرەیان بۆ پەیوەندی نێوان بازاڕ و دیموكراتی تەرخان كردووە، چەندین نمونەی چ دەوڵەتانی پیشەسازی و چ گەشەسەندو دەكەن بە بەڵگەی بۆچونەكانیان، (عەولەمە خوازان) بانگەشەی ئەوە دەكەن كە پەیوەندی بازاڕ و دیموكراتی پەیوەندییەكی حەیاتییە و بێیەكتری نابن، چەندە بازاڕی (بەعەولەمە بوو) پێویستی بە دیموكراتی هەیە، هێندەش دیموكراتی پێویستی بە عەولەمە هەیە.

بەڵام نوسەران لەو بڕوایەدان كە ئابوری بازاڕ و دیموكراتی لەگشت كاتەكاندا پێویستیان بەیەكتر نییە، هەردوكیان لەسەر

خۆشگوزەرانی کۆمەڵ کۆك و تەبا نین بەڵکو لەڕاستیشدا دژی یەکترین.

نوسەران شارەزایی و ئەزمونێکی بەربڵاویان لەگۆڕانکارییەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی وڵاتاندا هەیە، ئەم شارەزایی و ئەزمونەیان دەکەن بە پاساو و بەڵگە بۆ بۆچونەکانیان، ئەو دیموکراتییەی کە لیبرالیەتی نوێ داکۆکو لێدەکات لەڕاستیدا داکۆکو لە سامانداران و ئەوانە دەکات کەلەبواری ئابوریدا باڵا دەستن، وەزیان بەکرێکاران و چینە ناونجییەکان دەگەیەنێت، چونکە لەسایەی ئەم جۆرە دیموکراتییەدا ئەم دیاردانە بەرجەستە دەبن:

– بەردەوام کرێ کەم دەکات و سەعاتی کارکردن زۆرتر دەبێت.

– بەردەوام ژینگە و زەوی کشتوکاڵ وێران دەبن و کارەساتە سروشتییەکان هەتا دێت پەرە دەسێنن.

– پشتگیری بوجەکانی دەوڵەت بۆ بوارە خزمەتگوزاریەکان بەردەوام کەم دەکان.

گشت ئەوانەی سەرەوە بە بیانووی:

– بۆ ململانێی بازاڕە جیهانییەکان پێویستە گەلان ئامادە بکرێن.

– بازاڕ خۆی بازاڕ ڕێك دەخات!

– هەموو کەس بەپێی توانای بەرهەمهێنانی.

نوسەران ئەو بیرۆکانەی سەرەوە بە وەهم دەزانن و لەو بڕوایەدان کە دەبنە هۆی داروخان و لێکترازانی ئاسودەیی کۆمەڵایەتی، وە دیموکراتی ڕاستەقینە کاتێك بەرکەماڵە و پراکتیزە دەکرێت، کە زۆرینەی خەڵك ترسی هەژاری و نەخۆشی

و بێکارییان نەبێت، هەتا دابین کردنی دۆخێکی لەو جۆرە لە دۆزەخی ترس و بێزاریدا ئەژین، هەمیشە لەترسی ئەوەدان کە دەوڵەتێکی دکتاتۆری جڵەوی کار بگرێتە دەست.

نوسەران لەو بڕوایەدان کە دیموکراتی عەولەمە بەشێوەیەکی زەق و ڕەها لایەنی ساماندارانی دەگرێت، هەر ئەمەشە بۆتە هۆی پەیدا بوونی چەندین دیاردە و کارەساتی خراپ و قێزەونی کۆمەڵایەتی لە جیهاندا وەك:

– توندوتیژی و دوژمنایەتی کردنی پەنابەران و بیانیان لەوڵاتە پیشەسازییەکاندا.

– پشتگوێ خستن و ئیهمال کردنی چینە هەژارەکان، ئەمەیش دەبێتە هۆی تەشەنەکردنی بیروباوەڕی شۆڤێنیتی و ڕەگەزپەرستی.

– خۆپیشاندان و مانگرتن، گەشەکردنی توندوتیژی و تاوان، زۆربوونی بەکارهێنانی موخەدەرات.

## ئەگەرەکان و ئەنجامگیری

هەرچەند نوسەرانی ئەم کتێبە خەوش و عەیبەکانی عەولەمە باس دەکەن و پەردەی لەسەر لادەبەن، بەڵام خۆیان فریونادەن و ناکەونە وەهمی گەڕانەوە بۆ ساڵانی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان، لەو ساڵانەدا دەوڵەتی خۆشگوزەرانی بەرکەماڵ بوو، حکومەتان لەئەنجامدانی بڕیار و کارەکاندا سەربەخۆبوون، جڵەوی سیاسەتی دراو و داراییەکان بەدەست خۆیانەوە بوو بەڵا... ناگەڕێنەوە بۆ ئەو ساڵانە، بەڵام دەڵێن:

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستی بە بێداربوونەوە و

دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك هەیە، دەبێت مونافەسەی جیهانی لەخزمەتی لایەنی کۆمەڵایەتی و دیموکراتی گەلاندا بێت.

نوسەران چەندین پێشنیاری چروپر پێشکەش دەکەن وەك:

باج بخرێتە سەر دراوی بێیانی فرۆشراو و قەرزەکانی بێیانی، کەم کردنەوەی نرخی قازانج، ریفۆرم و چاکسازی لەسیستمی باجدا، گۆرانکاری لە سیستمەکانی دڵنیاکردنی کۆمەڵایەتییدا، چاکسازی لە سیستمەکانی پەروەردە و پاراستنی ژینگەدا.

نوسەران وای بۆ دەچن کە کێشەی سەرەکی لەوەدایە:

چ دەوڵەتێك بۆ ئەم ریفۆرم و چاکسازیانە دەسپێشخەر بێت، ئەوان ئەمریکا بەدوور ئەزانن و یەکیەتی ئەوروپایش بەنزیك.

ئێستا ئەگەری جەنگی جیهانی سێیەم بەنەمانی جەنگی سارد ئێجگار لاوازبووە، بەڵام (سەرمایەی بە جیهانی بوو) مەترسی زۆرترە لەو جەنگە، چونکە زەوابتەکانی سەرمایەداری لە ئاستی جیهاندا ئێجگار لاواز و بێدەسەڵاتن و لەئاستی مەحەڵیشدا وجودیان نییە.. نوسەران پێشبینین ئەوە دەکەن کە لەئەنجامی مەترسیەکانی عەولەمەدا، سەرکردەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی پیشەسازی کە ئێستا زۆر بە پەرۆشن بۆ عەولمە، پێشبینین دەکەن کە رۆژێك دێت داکۆکۆ لەبازاڕە نیشتمانییەکانیان بکەن و بەخۆیاندا بچنەوە.

نوسەران دەڵێن دادپەروەری کۆمەڵایەتی بازار هەرگیز بریاری لەسەر نادات و گەشەی پێناکات، بەڵکو پەیوەندە بەو هێزە کۆمەڵایەتییانەوە کە بۆی تێدەکۆشن.

نوسەران ئەوەیش لەیادناکەن، کە لەساحەی نێودەوڵەتیدا جەماوەرێکی بەربڵاو بۆ مسۆگەرکردنی دیموکراتی دژ بە

دکتاتۆری (بازاڕی بەجیهانی دوو) تێدەکۆشن، ملیۆنەها لەخەڵکی ئەوروپا داوای وەستاندنی بازارە شێت و سەرکێشەکانی جیهانی دەکەن، تێدەکۆشن بۆ چەسپاندنی مرۆڤایەتی مرۆڤ و پاراستنی ژینگە و دادی کۆمەڵایەتی، ئەمانەیش لەچالاکیی هۆشیارانەی پارتەکانی سەوز و یەکیەتی سەندیکاکان و ژنان و خوێندکاران و لاوان و بزوتنەوەی (لاهوتی سیاسی) و گروپەکانی داکۆکی لەپەنابەراندا بەرجەستە دەبن.

نوسەران هەرچەند زۆربەتوندی دائەبەزنە سەر عەولەمە و ڕەخنەبارانی دەکەن، بەڵام پرۆژەیەکی ڕادیکاڵی بەدیلیان لەلا گەڵاڵە نەبووە، بەڵکو تەرحی ڕیفۆرمی (دەوڵەتی خۆشگوزەرانی) دەکەن و ١٠ ڕاسپاردەیان ئامادەکردووە، کە دەبنە لەمپەر لەبەردەم پەیدابوونی (کۆمەڵگای لە ٢٠٪) بۆ چەسپاندنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی. (ئەو ڕاسپاردانە لە ژمارەی داهاتوودا دەخەینە پێشچاوی خوێنەران).

## ( خەڵك خۆیان چۆن پێگەیاند؟! )*

پێش ئەوەی سەربورد و چیرۆكی (ئوساهیرا)ی یابانیتان وەك (كەلتورێكی پیشەسازی) بۆ ئێوەی ئازیز بگێڕمەوە، ئەمەوێت زۆر بەكورتی باسی ئەوە بكەم كە بارودۆخی ئێمەیش لەبارە بۆ پێشكەوتن و گەشەكردن ئەگەر ئیرادەمان ببێت ئەتوانین لەچەندین ڕێگاوە تەكنۆلۆجەكان بگوێزین و پەرەیان پێبدەین.

ئەكێك لە ئەركە زۆر گرنگەكانی دەوڵەت، دابینكردنی پارەو سامانە بۆ لێكۆڵینەوەی زانستی و كۆكردنەوەی زانیاریی لەبوارەجیاكانی كۆمەڵگادا، بەتایبەتی لەبواری پیشەسازی و كشتوكاڵ و ئابوریدا بەگشتی.

جگە لەمەیش (لێكۆڵینەوەی زانستی) بەتەنها بۆخۆی سودی ئەوتۆی نییە، ئەگەر نەخرێتە مەیدانی پراكتیزەوە، یابان لە (٢٨٪)ی پوخنەی بەرهەمی وڵات بۆ لێكۆڵینەوە و گەشەپێكردن خەرج دەكات، ئیسرائیل لە (٣,١٪)ی خەرج دەكات، بەڵام هیچ وڵاتێكی عەرەب ناگاتە (٠,٥٪).

وڵاتانی پیشەسازی لەناو ١٠٠٠ كەسی دانیشتواندا، ٨٥ زانا و تەكنیكاریان هەیە، لەسەنگافورە ٢٣، لەئەندۆنۆسیا ١٢، لەئیسرائیل ٧٦یان هەیە، بەڵام لە سوریادا ٣,٦، لەتونس ١,٤، لەئوردن ١,٣، لەیەمەن ٠,٢یان هەیە، بەڵام لەكوردستان هیچ ئامارێكی لەمجۆرە لەبەردەستانییە!! وڵاتانی جیهانی سێ بەتایبەتی وڵاتانی باشوری ئاسیا و چین توانیان ستراتیژیەتی پیشەسازی سەرەوژێربكەن، توانیان پیشەسازییان، كشتوكاڵیان، بازرگانیان، كۆمەڵگای مەدەنیان پێش بخەن، توانیان بەشێكی

زۆر لەبەرهەمی پیشەسازییان بخەنە بازاڕەکانی جیهان و بگرە بازارەکانی ئەوروپا و ئەمریکایش.

ئەمرۆ لەڕۆژگاری (ئوساهیرا) زۆر جیاوازە، جاران تەکنۆلۆج و پیشەسازیی بۆ چەند دەوڵەتێکی ملهوڕ قۆرخ بوو، دەرهێنانی ئەو تەکنۆلۆجانە لە جوغز و چنگی ئەو دەوڵەتانە زۆر ئەستەم و بگرە موستەحیلیش بوو، بەڵام ئێستا، وێڕای چەند پیشەسازییەکی بەرزو ئاڵۆز وەك (دیوارێکی تەکنۆلۆجی) هەموو پیشەسازییەك دەگوێزرێتەوە بۆ وڵاتانی جیهان، بگرە هەرزانی هێزی کار و کەرەسەی خاوو کەمی تێچوونی کارێکی ئەوتۆیان کردووە کە کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان کارگە و دەزگا ئابورییەکانی لای خۆیان بهێننە وڵاتانی تر.

دیارە ئەم گوازتنەوەیە، ئەگەر دەوڵەتانی خاوەن ماڵ ئیرادەی سیاسیان بەهێز بێت دەبێتە هۆی گۆڕان و پەرەپێدانی پیشەسازییە خۆماڵیەکان، دەبێتە هۆی گەشەکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و تەکنیکی خەڵکی وڵاتەکە.

تەکنیکیکارانی کوردستان، هەرچەند پەرتوبڵاوو بێتەشجیعن، سەلماندیان کە ئەتوانن ڕۆڵی کاریگەر لەئابوری کوردستاندا بگێڕن، توانیان بوارەکانی کارەبا، نەوت، چاککردنەوە و بێرازکردنی کارگەکانی چیمەنتۆ و جگەرە ببوژێنن و تەکانی گەورەیان پێبدەن.

بەڵام دەسپێشخەریی و داهێنانی تەکنیکاران نابێت بێ پشتگیر و پەرتوبڵاوبێت، دەبێت بۆ ڕابەرییان، ئەنجومەنی باڵای لێکۆڵینەوە بخولقێت، پێداویستیان بۆ دابین بکرێت.

لەکوردستانی ئێمەدا ڕاستە بارودۆخی ئابوری و سیاسی

جێگیرنییە، بەڵام ئەمە هەرگیز نابێتە بیانو بۆ مشور نەخواردن و چاوەڕوانكردنمان ئەمەیش بە:

- حكومەتی هەرێم هەوڵ بدات لەڕێگای UN و ڕێكخراوەكانەوە، لانیكەم كارگەكانی دەوڵەت بە هێنانی ئامێری تازە نوێ بكاتەوە.
- حكومەتی هەرێم بۆئەوەی بەردەوام گەشە بكات و پێش بكەوێت، دەبێت ساڵانە و سەخیانە پارە بۆ (لێكۆڵینەوەی زانستی) تەرخان بكات، دەنا لەكاروانی (ئێجگار خێرای) پێشكەوتن دەستە پاچە دەبین.
- حكومەتی هەرێم پێویستە (ئەنجومەنی باڵای لێكۆڵینەوەی زانستی) دامەزرێنێت، لەگشت وەزارەتەكانی پیشەسازی و كشت و كاڵدا، دەزگای تایبەتی لێكۆڵینەوە پێكبێت، لەهەڵی ڕەخساویشدا بودجە بۆ پراكتیزەكردنی چەند لێكۆڵینەوەیەك ساڵانە دابین بكرێت.

ئامادەییە پیشەسازییەكان و پەیمانگەی تەكنیكی كادری وەسەت پێدەگەیەنن، بەڵام بارودۆخی مەشق و تەدریب لەم دەزگایانەدا لەچ ئاستێكدایە؟

لەئامادەییە پیشەسازییەكاندا تەدریب و فێركردن بەو ئامێر و مەكینانەیە كەلەشەستەكان و حەفتاكاندا حكومەتی عێراق بۆی هێنان، بێجگە لەپیشەسازی بەكرەجۆ كەبەئامێری پێشكەوتوو دەوڵەمەندە، بەڵام زۆر جێگەی داخە كەتەنها بەهۆی خەرج نەكردنی دەرماڵی گوازتنەوە بۆ خوێندكاران، لە ١٥٪ەی توانای وەكاردەخرێت.

لەپەیمانگەی تەكنیكیشدا هەمان بارودۆخ باڵا دەستە، لیژنەی

باڵای بڕیاری ٩٨٦ بۆ ئەم بوارە چارەنوسسازە ئاوری پێویستی نەداوەتەوە، ئاگادارم کە پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانی داوای تۆرنەیەکی C.N.Cیان کردبوو، بەڵام ئەو لیژنەیە هەزارویەك بیانویان بۆ ڕیزکردبوون.

**سەربوردی (ئوساهیرا)ی یابانی:**

ئوساهیرا و چەندینی تر لەپاش جەنگی جیهانی نێررابوون بۆ ئەڵمانیا، ئەم گەنجە لەپاشدا بوو بە کەڵەزانایەکی بواری پیشەسازی سەیارە، ئوساهیرا بەسەرهاتی خۆی لەئەڵمانیادا بەم جۆرە دەگێڕێتەوە:

بەردەوام کتێب و لێکۆڵینەوەکانم دەخوێندەوە، پاشان هەستم کرد کە نەتەوەکەم لەیابان پێویستی بەم جۆرە بابەتە هەیە، لەرۆژنامەیەکدا ئاگادارییەکم خوێندەوە کەچەند مەکینەی سەیارە کۆن دەفرۆشن، لەژوورەکەمدا زۆربەی شتەکانم فرۆشت و مەکینە کۆنێکم پێکری، گەڕامەوە ژوورەکەم و دەرگام لەسەرخۆم کلۆم کرد، لەبەر خۆمەوە دەمگوت: ئەگەر ئەم مەکینەیە هەڵوەشێنم خزمەتێکی وڵاتەکەم دەکەم.

بەگوڕ و تینەوە کەوتمە کار، لەرۆژێکدا ژەمێکم دەخوارد و ١٨ سەعات کارم دەکرد، کە پارچەیەکم هەڵدەوەشان، بەوردی لەسەر لەوحەیەکی کاغەز وێنەم دەکێشا، هەموو پارچەیەکیش ژمارەیەکی تایبەتیم بۆ دائەنا.

ئێستا مەکینەکە لە ژوورەکەمدا پارچە پارچەیە و لەپێشمدا هەڵرژاوە، لەبەرخۆمەوە دەمگوت:

کاتێك خۆم بەسەرکەوتوو دەزانم کە بتوانم ئەم پارچانە لەیەکتر

ببەستم و مەکینەکە بخەمەوە کار، کە پارچەکانم ڕێکخستنەوە مەکینە کەوتەوە ئیش، لەخۆشیدا خەریك بوو تێکچم.

ئۆساهیرا ئەم نەخشە و سەرکەوتنەی بردە لای ڕاوێژکاری تایبەت لەباڵیۆزخانەی یابان، ئەو ڕاوێژگارە سەرپەرشتیاری خوێندکارەکان بوو، بڕێك پارەی وەك پاداشت بۆ خەرج کرد، بەم پارەیە جۆرە مەکینەیەکی تری پێکرد و هەمان بەرنامەی پێشووی پراکتیزە کردەوە و چەندین سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

هەواڵی سەرکەوتنەکانی (ئۆساهیرا) گەیشتنەوە بە ئیمپراتۆری یابان، کەبەپەرۆشەوە سۆراخی ئەو خوێندکارانەی دەکرد، ٥ هەزار جونەیهی ئیستەرلینی بۆ (ئۆساهیرا) ڕەوانە کرد، ئەمیش پارکەی بۆ چەندین پێداویستی پیشەسازی خەرج کرد.

(ئۆساهیرا) دەیگێڕێتەوە: لەکارگەکانی ئاسن و پۆڵای ئەڵمانیادا چالاکانە و دڵسۆزانە کارم دەکرد، هەرچەندە من لە خێڵی (سامورای) جەنگاوەر و لووت بەرزم، بەڵام بە پەرۆشەوە لەکارگە و ماڵدا خزمەتی کرێکاری ئەڵمانیم دەکرد، لەوانەوە فێری نهێنییەکانی پیشەسازی بووم.

(ئۆساهیرا) کە گەڕایەوە نیشتمان، ئیمپراتۆری یابان دەعوەتنامەی پێشوازی بۆنارد، بەڵام ئەم زۆر بەشەرمەوە بەمجۆرە وەڵامی دایەوە:

مۆڵەتم پێبدەن! من کارێکی ئەوتۆم نەکردووە کە شیاوی ئەوە بێت بچمە خزمەت ئیمپراتۆر.

لەپاش ٩ ساڵ، ئۆساهیرا بەخۆ و بارگە و تفاقەوە بەرەو کۆشکی ئیمپراتۆر کەوتەڕێ، هۆڵێکی گەورەیان لەکۆشکدا بۆ ئامادەکرد، کە ئیمپراتۆر گەیشتە هۆڵەکە، ١٠ مەکینەی (مارکە

یابانی) خرانە ئیش، ئەو كۆشكە كپ و پڕ لە گوڵە پڕ بوو لە هاژەو گرمەی مەكینەكان.

ئا لەم كاتەدا (ئۆساهیرا) خزایە بەردەم ئیمپراتۆر و پێی گوت:

(گەورەم! نهێنی هێزی ئەوروپامان بۆ یابان گوازتەوە)

ئیمپراتۆریش پێی گوت:

(لەژیانمدا ئەمە خۆشترین مۆسیقا بوو!!)

(گــەورەم! نهـێن
گوازتەوە)

## دۆکۆمێنتێکی گرنگ و چەند سەرنجێك لەبودجەی ٢٠٠٤

سەختترین کۆسپ لەبەردەم گەشەی ئابوری عێراقدا پاش ئازادکردنی، قەرزەکان و قەرەبووی زەرەر و زیانە کە ڕژێمی ڕوخاوی بەعس بۆ گەلی عێراقی جێهێشتووە، جەنگە دۆڕاوەکانی دیکتاتۆر هێندە زۆر و درێژخایەن بوون سامانی عێراق بەشی نەدەکرد، هێندێك لەجەنگەکانی سەدام داکۆکۆ بوو، گوایە لەنیشتمانی عەرەب بەرامبەر مەترسی کورد و ئێران، دەوڵەتە عەرەبەکانیش زۆر بە فراوانی پارەو سامانیان بۆ دەڕشت.

**یەکەم:**

بەبڕیاری (١٩٩١/٦٨٧)ی ئەنجومەنی ئاسایش قەرەبووی زەرەر و زیانەکان بەسەر عێراقدا سەپێنرا.

لێرەدا پێویستە باسی دۆکۆمێنتێك بکەین کەلەخۆدی ئەنجومەنی ئاسایشەوە دەرچووە بەژمارەی (٢٣٥٠٠/د) لە (١٩٩٢/١/٣١)دا ئەنجومەنی ئاسایش UN لەو کاتەدا کە ئەم دۆکۆمێنتەی ئیمزا کردووە لەڕێگای نوێنەری دەوڵەتە زلهێزەکانەوە نەبوو، بەڵکو سەرۆکی ئەو دەوڵەتانە ئیمزایان کردووە.

دۆکۆمێنتەکە دەربارەی کارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشە لە قۆناغ و سەردەمی جیهانی نوێدا، دیارە مەبەست لە جیهانی نوێ (کۆتایی جەنگی سارد و ڕزگارکردنی کوێت)ە لەو دۆکۆمێنتە گرنگەدا باسی هیچ دەوڵەتێکی تری جیهان جگە لەعێراق نەکراوە، ئەم دۆکۆمێنتە لە عێراقدا نەناسراوە چونکە وەك بەیانێکی گشتییە لەبارەی سیاسەت و بەرنامەی ئەنجومەنی

ئاسایش لەدوا ڕۆژدا و دژی مانەوەی ڕژێمی لەناوچوی عێراق بووە، بگرە داوایش دەكات بۆ لابردنی سەدام، دیارە بەیانی لەمجۆرە بەرپرسە عێراقیەكان پشتگوێی دەخەن و باسی ناكەن، ژمارەی ئەوانەی لەم دۆكۆمێنتە ئاگادارن و كاری لەسەر دەكەن لەژمارەی پەنجەكانی دەست تێپەڕ ناكەن، ئەوانەن كە پەیوەندن بە دۆسیەی عێراق و UN و ئەنجومەنی ئاسایش، لەبڕگەكانی ئەو دۆكۆمێنتەدا هاتووە:

١- بڕیارەكانی ئەنجومەنی ئاسایش لەپاش ڕزگاركردنی كوێت لە ١٩٩١دا خزمەتی ئاشتی و ئاسودەیی دەكەن لەناوچەكەدا و پێویستە بەوردی جێبەجێ بكرێن.

٢- لەهەمان كاتیشدا ئەنجامانی ئەنجومەنی ئاسایش نیگەرانن لەبارەی بارودۆخی گوزەران و ژیانی دانیشتوانی مسودە، ئەنجومەنی ئاسایش لەسەر بەرزترین ئاست (سەرۆكی وڵاتان) سەلماندوویە كە:

خەڵكی عێراقی مەدەنی بێگوناهن، هەڵەكان دەگەڕێنەوە تەنها بۆ سەركردەكانی عێراق و ئەوان گوناهبارن.

ئەمریكا و دەوڵەتانی هاوپەیمان دووپاتی دەكەنەوە كە جەنگی ڕزگاركردنی عێراق (٢٠٠٣) بۆ ئازادكردنی گەلی عێراقی بێگوناه بووە لەدەستی سەركردە خراپەكانی كەواتە پێویستە:

یەكەم: (ئەنجومەنی دەسەڵات) و دەزگا بەرپرسەكانی عێراق داوا بكەن لە ئەنجومەنی ئاسایش و UN كە بەیاننامەی ژمارە (٢٣٥٠٠/د) لە (١٩٩٢/١/٣١)ی خۆیان جێبەجێبكەن، واتە گشت ئەو قەرەبوو تەعویزاتەی كە UN سەپاندوویە بەسەر عێراقدا لابرێ و پووچەڵ بكرێنەوە، هەرچەندە لەپرۆسەی (نەوت

بەرامبەر خۆراك)دا بەشێكی زۆر خەرجكراوە بۆ ئەم مەبەستە.

**دووەم: دوو نمونەی خوارەوە دەریدەخەن كە چ زوڵمێك لەگەڵی عێراق و نەوەكانی دوارۆژی دەكرێت:**

١- كوێت داوای دەكرد كە (١٠٠) ملیار دۆلار قەرەبووی پێبدرێت، بەڵام لیژنەی قەرەبووی UN لەتەموزی ٢٠٠٣دا تەنها بڕیاری لەسەر ٣ ملیاردا.

٢- كوێت داوای دەكرد كە (٧,١٢) ملیار دۆلار وەربگرێت لەبری (ئەو نەوتەی كە نەیتوانیوە بیفرۆشێت لەكاتی داگیركردنی كوێتدا)، بەڵام لیژنەی قەرەبووی UN لەبری ٧,١٢ ملیار بڕیاری لەسەر (١٦,٧) ملیاردا، بەم جۆرە سامانی عێراق و نەوەكانی دوارۆژی تاڵان دەكرێت.

**سێیەم: قەرزە دەرەكییەكانی عێراق:**

لەبارەی قەرزەكانی عێراق هەریەك بەجۆرێك باسی دەكەن، چ بەرپرسە عێراقییەكان و چ دەزگا داراییە جیهانییەكان لەسەر قەرزە دەرەكییەكانی عێراق كۆك نین.

لێرەدا دیبلۆماتی عێراقی (فاروق احمد زیادە) باس لەوە دەكات كە ڕژێمی لەناوچوی عێراق بەنوسراوی (٢٠٤١٤) دیوانی سەرۆكایەتی لە (١٩٩٣/١١/٢٠)یدا لیژنەیەكی پێكهێناوە لە وەزارەتەكانی: (دارایی، پلان، پیشەسازی، كشتوكاڵ، نەوت) بانكی مەركەزی) بۆ چارەسەركردنی قەرزە دەرەكیەكانی عێراق ئەمەش بەشێوەیەكی زۆر نهێنی.

لەنوسراوی سەرەوەدا قەرزەكانی عێراق بەمجۆرە باسكردووە:

١- قەرزە دەرەكییەكانی عێراق (٨٧,١) بلیۆن دۆلارە.

٢- (٤٠) بلیۆن دۆلاری قەرزی دەوڵەتەكانی كەنداوی عەرەبە و زۆربەشی هی سعودیە، قەرزەكانیش بۆ كڕینی چەك و تەقەمەنی بووە لەكاتی جەنگی (ئێران ـ عێراق)دا.

دیوانی سەرۆكایەتیش لەهەمانكاتدا دەڵێت ئەم قەرزانەیش بۆ داكۆكی و پاراستنی خودی دەوڵەتەكانی كەنداو بووە، بۆیە پێویستە (چن)و پشتگوێ بخرێن و هەروایش كرا.

٣- كەواتە زۆربەی قەرزە دەرەكییەكانی عێراق بەپێی نوسراوی سەرەوە بریتین لە (٤٧،١) بلیۆن دۆلار بەم شێوەیەی خوارە

| بڕی قەرز | ناوی وڵات |
|---|---|
| 22,6 بلیۆن دۆلار | دەوڵەتە یەكگرتووەكان |
| 16,5 بلیۆن دۆلار | دەوڵەتە سۆشیالیستەكان |
| 3,8 بلیۆن دۆلار | دەوڵەتە عەرەبەكان |
| 3,3 بلیۆن دۆلار | دەوڵەتە نامیەكان |
| 0,9 بلیۆن دۆلار | ڕێكخراوە نێو دەوڵەتییەكان |
| 47,1 بلیۆن دۆلار | كۆی گشتی |

## چوارەم: سودی (فائدە)ی قەرزە دەرەكییەكانی عێراق:

كێشەی (سودی) قەرزە دەرەكییەكانی عێراق لەیاسای نێو دەوڵەتیدا زۆر سەیر و دەگمەنە، چونكە عێراق بەپێی بڕیاری (٦٦١/١٩٩٠)ی ئەنجومەنی ئاسایش خرایە ژێر سزای گەمارۆی ئابوری، ئابوری عێراق بەو سزایە ئیفلیج بوو، دیارە لەمێژووی هاوچەرخدا یەكەم جارە وڵاتێكی قەرزار بخرێتە ژێر گەمارۆ و

سزای ئابوری و دارایی تۆکمە و گشتگیر.

لەم بارەیەوە چەندین لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ کراوە، زۆربەی ڕاوبۆچوونی پسپۆڕانی ئابوری لەسەر ئەوە کۆکن کە سودی قەرزەکانی دەوڵەتێکی گەمارۆدراوی سزا دراو لەلایەن جیهانەوە پێویستە لاببرێن و هەڵبگیرێن، چونکە لەکاتی سزا و گەمارۆدا ئابوری ئەو وڵاتە ئیفلیج و پەککەوتەبووە.

**بودجەی ٢٠٠٤ و چەند سەرنجێك**

تۆڕی زانیاری جیهانی (ئەنترنێت) بودجەی دەوڵەتی عێراقی بۆ ساڵی ٢٠٠٤ پەخشکرد، ئەمە لەماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵدا یەکەمجارە بودجەیەکی هەمە لایەنی گشتی و بەئاشکراو بێ (ژێربەژێری) بڵاوبکرێتەوە و جەماوەری لێئاگادار بکرێتەوە، هەرچەندە دەبوو لە ڕۆژنامەکانی عێراقیشدا بڵاوبکرایەتەوە.

سەدامی دیکتاتۆر لەماوەی دەسەڵاتیدا ئەوەی لەبارەی داهاتی وڵات و بودجەو پلانی گەشەکردن و هاوردەی (استیراد) دەشاردەوە و پەردە پۆشی دەکرد، چما ئەو مەسەلانە پەیوەند نەبوون بەسامانی گەلی عێراقەوە!!

لەم ڕوانگەیەوە ڕێکخستنی بودجە و بڵاوکردنەوەی هەرچەندە بێ خەوش و کەموکوڕی نییە، جێگەی ڕێز و دڵخۆشییە، لەڕێگەی بودجەوە دەوڵەت ڕوونی دەکاتەوە کە چ پلان و فەلسەفەیەکی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی پەیڕەو دەکات و نەخشەی بۆ دەکات.

دیارە وڵاتێکی وەك عێراق کەماوەی ٣٣ ساڵ زیاترە لەژێر باری دیکتاتۆری و ستەمی بەعسدا دەژی، سامانی وڵاتەکەی

تالآن دەكرێت، بۆجەنگە ستەمكاری و دۆڕاوەكانی سەدان ملیار دۆلار خەرج دەكرێت، ئەو بارودۆخە كارەساتبارە گەلی عێراقی بردۆتە نزمترین ئاستی هەژاریی لەجیهاندا، دەبوو ئەو بودجەیە بەزۆریی لەخزمەتی هەژاران و ستەملێكراواندا بوایە، بەلآم بەداخەوە وانەبوو.

ڕێكخستنی ئەو بودجەیە لەڕاوبۆچونەكانی بەڕێز (پۆڵ برێمەر)ەوە سەرچاوەی گرتووە كەلە (كۆڕی ئابوری جیهانی)دا رایگەیاند، ئەو كۆڕە لە ٢١-٢٢/ حوزەیرانی/٢٠٠٣ لەئەردەن گیرا.

پوختەی بۆچونەكانی (برێمەر) لەم چەند خاڵەدا ڕۆشن دەبێت:

١- (بەتایبەتكردن) و لیبرال كردنی گشت ئابوری عیراق (دەزگاو ڕێكخراوەكانی وەزارەتی پیشەسازی بۆ ماوەیەكی درێژخایەن بەكرێ ئەدرێن).

٢- گۆڕین و دەستكاریكردنی گشت ئەو یاسا و سیستم و ڕێنماییانەی چالاكی (وەبەرهێنان)ی ئابووریان ڕێكدەخست بەجۆرێك وەبەرهێنە عێراقییەكان و بیانییەكان هانبدات بۆ كاركردن.

٣- بەپێی یاسای وەبەرهێنانی نوێ دەستكاری یاساكانی (موڵكداری)یش كرا.

٤- نوێكردنەوەی ئامێر و مەكینەكان بەتەكنەلۆجیای نوێ ئەمەش لەڕێگای (وەبەرهێنانی بیانی)ەوە، دیارە هەتا ئێستا بەكردار هیچ شتێك لەم بوارەدا نەكراوە، بەڵكو بەپێچەوانەوە بازارەكانی عێراق پڕبووە لەكەل و پەلی خراپ و پیشەسازی

ناوخۆیش وەستاوە، دیارە ئەمە بۆتە هۆی پەرەسەندنی (بێکاری) و کاری تاوان.

بۆیە ئەو بودجەی، کەدانراوە ئامانجی بەهێزکردن و بوژانەوەی ئابوری عێراقی تیا نییە و لەسەر بناغەی (کۆمەڵایەتی و خزمەتی چینە هەژارەکان) ڕێکنەخراوە، بەپێی ئاماری UNیش لە (٦٠٪)ی گەلی عێراق بەپلەی (هەژار) پۆلێنکراون.

## سەرچاوەکانی بودجەکە

لەو بودجەدا نەلەدوور لەنزیك باس لەسەچاوەی (تمویل) نەکراوە، لەلاپەڕە (١٢)دا باسی ئەوەیش نەکراوە کە ئەو پارانە دەکرێنە سنوقی (گەشەکردنی عێراق) بۆ کوێ دەچن، لەکاتێکدا پێویست بوو کە (بانقی ناوەندی عێراق) ئاگاداری هەموو شتێك بێت، وەدەبێت داهاتی ئەو سنووقە بەپێی برگەکانی (١٢-١٤)ی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە (١٤٨٣) بەراوێژ لەگەڵ دەسەلاتی (Cap) و ئەنجومەنی دەسەلاتدا بۆ پێداویستیە مرۆییەکانی گەلی عێراق خەرج بکرێت لە کاتێکدا داهاتی ئەو سنوقە زیاترە لە (٢٠) ملیار دۆلارە.

پێویست بوو (پلانی ئاوەدانکردنەوەی عێراق) لە (بودجەی ئاسایش) جیابکرێتەوە، وە داهاتی نەوتیش بۆ ئەو شتانە دابنرێت کە زۆر پێویستن، بەڵام وادیارە (بودجەی ئاسایی) گشت داهاتی نەوتی بۆخیی بردووە.

## گریمانە هەڵەكان

بودجەكە لەسەر بناغەی (٢) گریمانە ڕێكخراوە كە هەردوكیان هەڵەن ئەویش داهاتی نەوتە بەمجۆرە:

یەكەم: تێكرا و موعەدەلی قەبارەی بەرهەمی نەوت كەلەساڵی ٢٠٠٤دا (١,٦) ملیۆن بەرمیل دەبێت لەڕۆژێكدا (٢,٤) و (٢,٥) ملیۆن بەرمیل دەبێت لەساڵانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦دا، ئەم گریمانە بەپێی گۆرانكاریەكانی ئێستا و دوارۆژیش هەڵەیە، ئەوەتە رۆژنامەی (هالی) لە ٢٠٠٣/١١/٩یدا لەزمانی لێپرسراوێكی ئەمریكییەوە دەڵێت بەرهەمی نەوتی عێراق دەگاتە نزیكەی (٢) ملیۆن بەرمیل ڕۆژانە، كەواتە سەقفی بەرهەمی نەوت لەساڵی ٢٠٠٤ لە (٢,٥) ملیۆن بەرمیل / ڕۆژانە تێدەپەڕێت.

دووەم: گوایە نرخی نەوت لەساڵانی داهاتوودا دائەبەزێت بۆ ٢١ دۆلار بۆیەك بەرمیل، لێەدا تەنها ئاماژە بۆ ئامارەكانی ڕێكخراوی (ئوبك) دەكەین لەمانگی ٢٠٠٣/٩دا كە نرخی بەرزبۆتەوە بۆ (٢٦–٢٧) دۆلار، گۆڤاری (فورن افیرز)ی ئەمریكی بلاوی كردەوە كە (اوبك) ئەتوانێت نرخی نەوت لە نێوان (٢٠–٣٠) دۆلار (نزیكەی (٢٥) دۆلار جێگیربكات.

لەكۆتایدا ئەوەیش لەیادنەكەین كە (ئێران) لەكۆنگرەی (بەخشرەكان) رایگەیاند ئامادەیە ڕێگا بدات بەعێراق كە نەوتەكەی لەڕێگای بەندەرەكانی ئێرانەوە بفرۆشێت، دیارە ئەمەیش لەوانەیە رۆژێك بەناچاری پەنای بۆ ببەین، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی قەبارەی هەناردەی نەوتی عێراق بۆ دەرەوە.